مدونة إمارة وتجارة

# گەشتێک
## لە
## کوردوستانا

« گەرانێک لە بەینی (١٨١٦) کیلو مەترلە خاکی کوردەواري : شوێنە تأریخیەکان ، هاوینە هەوارەکان ، بەلـگە کونەکان ، وردبونەوە لە چونیـەتی رابواردنی دانیشتوان ، رەوشتي کومەلایـەتی ئەم شوێنانە ، باسکردنی عەنعەناتی هەندی لە چینەکان ، بە ئاگا هینانـەوەیەکی مێژو لە هەمو ئەم ولاتانەدا . »

علاءالدین سجادی

١٩٥٦م — ١٣٧٥هـ

چاپخانەی مەعارف : بەغـدا .

مدونة إمارة وتجارة

# سەرەتا

لەمێژبو ئەمویست گەشتێکی دورو درێژی ئەو شوێنانەی کوردەواری بکەم کە نەمدیبون . ئەمەش بەو نیازە یادداشتێک ئەگەر دەستم بکەوی وەیا بەرچاوم کەوی بویادگارێکی پاشەروژی تأریخي هەلیگرم بو ئەوە هەم خومو هەم کەسانی تر کەلکێکی لیوەرگرن . لە ١٩٥٥ دا ئەو ئامانجەم هاتە دی ، چاوم بە بینینی ئەو شوێنانەو شوێنیتریش روشن بوەوە .

لەم گەررانەما چیم بەرچاو کەوتەوە وەیاکیم دیوە هەمویم هونیەوە ، ئیترچاوم لەوەنەبو کە ئــەمە بەهوی ناوهێنانی کەسیکەوە وەیا ناوبردنی شوێنیکەوە گەشتەکە نرخیکی ئەبی یا نابی . لەم گەشتەدا ناوی هەرکەس هێنراوە لەقەبی ـ نیتــکە ـ پاریزراوە .

ئەمەو دیسان داخی گرانم ولاتی کوردەواری بەخاکو مەردمیەوە ئەوی ئی بلین پروپاگاندە نیەتی ، نەبونی ئەم سوچەی بە تەواوی دانیشتوەکانی وەکو لە بیری خوی بردوتەوە لە بیری غەیری خویشی هەر بردوتەوە . لەگەل ئەوەدا قەومەکانی تر ـ بە تایبەتی ئاوروپایی یەکان ـ هیچ هەنگاوێکیان بو هیچ شوێنیک هەلنەهیناوەتەوە بەبی ئەوە کە نەیخەنە سەر قاقەز . بەهوی ئەم فرمانەوە کە کردویانە بیجگە لەوە کە ئاشنای خیرو بیری هەمو ولاتیک بوون قەومی خویانو غەیری خویشیان لە تامو لەزەتی تأریخ بەشدار کردوە .

مێژو و مێژو زانین وەکو روژانی رابوردو ئەخاتەوەبیر پال بە رەوشتو عەنعەناتی ئەو قەومەی ئەو روژەشەوە ئەنی بو پیشەوە بو ئەوە ئەوانەی ئیمررو بکەونە ناویەوە ، هەم هی ئەوان بزانن هەم هی خویان . هەر بەهوی ئەمەوەیە کەوا مێژو بەشیکی هەرە بەرزە لە پیش کەوتنی قەومو لە پیش کەوتنی فیکری قەومو لە پیش کەتنی خویندەواری و ثەقافەتیان .

هەر بستە خاکیک لەم ولاتی کوردەوارییە شوشە زیریکەو ئیمــە

مدونة إمارة وتجارة



ئاگاداری نین ، نەوەک هەر ئاگاداری نین بەلـکو نازانین دانیشتوانی شار وە یا گوندیکی چون رائەبویرن و چی ئەکەن و چە سەرمایەیکیان هەیە ؟ ! . . لاموایە ئەمە شورەییکی زور زلە بو ئیمە کە سورانیک ئاگای لە چونیەتی ژیانی بوتانیک نەبی ، وەیا موکریەک نەزانی برایەکی ئەردەلانی چون رائەبویری و چە رەوشتیکی هەیە .

هەر لەبەر ئەمە بو کە هاتم ئـــەمجارە ئەم گەشتەم کرد بە یاد داشتیک و خستمە پیش چاوی هەمو کوردیک و هەمو کەسیکی وا کە ئارەزوی لەزانینی هالو هەوالی کورد بی . باوەررم وایە ئەگەر ئیمرو شتیکی وا نەبیت لەپاش چەند سالیکی کەم ئەبی بە شتیکی دیاري و ئاگاداري لیوەر ئەگیرری . بە تایبەتی ئەمە یەکەم گەشتیکە کە کوردیک لەولاتی خویا کردیبيتي و هیشتبیتیەوە بو روژانی دوایی .

گەشتەکەش تەنها لە بەینی دو لاپەررەی ئەو دو روژەدایە کە لە بەغدا دەرچوم و گەررامەوە بەغـــدا . یارباقی و سوحبەت باقی بو جاریکی کەو بو شوینیکی کە .

**علاء الدين سجادی — بەغدا**

**١٥_١٠_١٩٥٥**



روژی ٢٢ ی مانـگی ئابی ١٩٥٥ کە روژی دوو شەنەبو لە ئیوارەیدا دەرویش عبداللهی جەباری هات بولام و سەعات شەش پیکەوە چوین بوسەر ئیستـگە ـ محطەی موصل . دەرویش گەلی خەریک بو بو ئەوە شوینیکی دوهەمم بو بگری دەست نەکەوت بلیتی شوینی سیهەمی بو برریم و چوین لە واغونەکە دانیشتین ، شەمەنەفەرەکە زور جەنجال بو ، ئەو کورسیە کە لەسەری دانیشتبوم شوینی دوکەس بو سەیرم کرد کابرایەکی کورد بو جیگە ئەسورریتەوە بانـگم کردو شوینەکەی تەنیشت خومم دایە ، لەپاشا کابرا بە کویی دەرچوو خەریکی چەرچیەتی بو . سەعات ٣٠ _ ٨ شەمەنەفەرەکە بەری کەوت بو سەعات ٧ ی بەیانی گەیشتە موصل . ئـــەو شەوە زور بە ناخوشی رامبوارد هیچ نەنوستم ، ئەمە یەکەم جار بو کەبچم بو موصل . سەرەتا ئیستـگەی شەمەنەفەری موصلم دی ، ئیستـگەیەکی زور ریکوپیک و بە باخ و چیمەن بو ، ئیستـگەی وام لە کەم شوین دیوە .

کابرای کویی هاوورریم ئوتوموبیلیکی بانـگ کرد چو دو سە کەسی تریشی هینا ـ کە ئەیناسین ـ هەر یەکی بە پەنجا فلس چوینە ئوتیل « قصر النیل » . ئوتیلەکانی موصل ناوی زل شاری ویرانە ! . لەپاش توزیک هەروا دەر چوم بو گەرران و چومە کەبابخانەیەک کەبابیان بوهینام ، کەبابیکی زوریان هینا پاشان هەر داوای پەنجا فلسیان کرد .

* * *

# موصل

| |
|---|
| سەر ژماری ناوشار ( ١٥٣٦٦٨ ) |
| هی هەمو لوا ( ٦٥٤٧٠٩ ) |
| بەغدا ـ موصل ( ٤١٠ ) کیلو مەتر |
| بەریگەی شەمەندەفەر |

لە موصل زور نەشارەزا بوم ناسراویکم هەبو عبدالکریم خەلکی هەولیربو ویستم بیدوزمەوە لەگەلم بگەرری مالەکەیان لە«دەرگەزلی» بو، بە پرسیار دەرگەزلیم دوزیەوە کەچی مالەکەی ئەوانم هەرنەدوزیەوە. هاتمەوەهەر بە پرسیار مەحکەمەم دوزیەوە رحمانآغای دزەیی ـ حاکم تحقیق ـ دوستم بو لەوی چوم ئەوم دوزیەوەو هەندیک لای ئەو رامبوارد ، لەویوە تەلەفونیکم کرد بو ئاکری بو قائمقام شاکر فتاح و حاکم جەوهەر بریارم دانی کە دو سبەی ئەچم بولایان . ئیتر لەوی هەستام و چوم جامعی عمریەم دوزیەوە نویژی نیوەرروم لەوی کرد یەکیک نەبو پیش نویژی بکا بە زور منیایان پیشخست ، پاشئەوە هاتمەوە . کوتوپرر توشی ئیبراهیم ایوبی قازی یەکەمی موصل بوم لەئوتوموبیلی حازم سابونچیدا بو بە زورو بەخواهیشت لەگەل خوی بردمی لەپیشا چوینە ئوفیسی حازم و پاشان چوین بو مالی ئیبراهیم نانی نیوەررومان خواردو هاتمەوە بو ئوتیل نوستم . سەعات ٣٠ ـ ٦ رەحمانآغا هات بە شوینما بە ئوتوموبیلەکەی ئەو هەندی بە ناوشاری موصلدا گەرراینو پاشان چوین بو نادی محامین لەوی بوین لەگەل چەند کەسیکی تری محامیو حاکم بەلام نەمناسین . تا سەعات بو بە ١٢ ی شەوی هاتینەوە من بو ئوتیلو ئەو بومالی خویان ، ئیتر نوستم .

ئەوی ئیمرو لە موصل وەرم گرت ئەوە بو کە زوربی ئاوبو ، خانوەکانی وەنەبی زور باشبن ، گەررەکیکی تازە لە روژاوای شارەکەوە ی ئەلین



« دەواسە » ئەوە خراپ نییە ، جادەو خیابان بە ئەندازەیەک هەیە ، کارەبای کزە ، ریکوپیکی ناوشار وەکو بلدیەی نەبی وایە ، بەناو گسکو ئاورشین هەیە لە کولانەکانا بەلام هەر وەکو نەبی وایە ، ناو شاری موصل دواکەوتووە ، لەچاو ئەو هەمو پروپاگاندەدا کە بوی ئەکەن وا نییە ، بنای مەحکەمەیەکی تازە خەریکی بون ئەوەی زوو ناپابە ، حەفتا مەحامیەکی تیدایە ، نادی محامینی نەخراپ بو نەچاک ، ئەهلی ناوشارەکەی بە پارەپەرستم هاتە بەرچاو ، بە زمانی عەرەبی قسەئەکەن ، ئەهلی دەرەوەی هەمو کوردن هەمو وەکو پشتمالەی ئەهلی ناو شاربن وانە ، نانیان خراپ نەبو ، ئەم روژە گەرمبو .

روژی ٢٣ کە دوهەم روژی کاروانەکەم بو سەر لەبەیانی تەراشیکم کرد و نانیکو توزی گیمرریان بو هینام بای ٦٠ فلس بو ، سەعات « ٩ » چوم بو دایەرەی اشغال بولای عبداللطیف معروف محاسبي اشغال ، لەویوە پیکەوە چوین بو کتیبخانەی گشتي ، سەیری کتیبخانەکەم کرد ، بناکەی تازە دروست کرابو سالونیکی گەورەو دو سە ژوری لیبو ، چەند کتیبخانەیەکی تیدابو لەسالونی موتالادا ، لەسەر هەر کتیبخانەیەک ناوی خاوەنەکەی نوسرابو ، ( ٢٤٧٧٣ ) بەرگ کتیبي تیدابو بەلام وەنەبی هەمویان کتیبي تەواو بوبیتن ، زوری واهەبو ژمارەی گوڤاریک بە بەرگیک دانرابو . کە هەندیک گەرراین بە سالونەکەدا لەپاش ئەوە چوینەلای مأموری کتیبخانە تەلەفونیک و هەندی قاقەزو دەفتەری لەبەر دەستابو ئیشی ئەکرد لەو بەینەدا من سەیری ژوری خویندنەوەکەم ئەکرد بە ئەندازەی بیست کەسیک خەریکی موتالابون ئەمانەم بە قوتابی مەکتەب هاتە پیش چاو ، پاشا مأمور ناردی کوکایان بو هیناینو من داوای بەرگی سیهەمی « معجم البلدان » م کرد لەو وەختەدا دەست نەکەوت ، پرسیم ئەم کتیبخانە کتیبي کوردی تیدایە ؟ وتی : نییە . ژمارەی موتالاکەرانم داواکرد وتی :

مدونة إدارة وتجارة



مانگی پێشو گەیشتوتە ( ٢٥٦٦ ) کەس . وتی هەر لەمانگی پێشودا ( ١٣٩ ) کتێبیان بە دیاری بۆ ئەم کتێبخانەیە ناردوە .

ئینجا هەستاین‌و چوین بۆ موزەخانە ، بلیت یەکی بە ٢٠ فلس بۆ بڕیمان ، موزەخانەکە خراپ نەبو زورتر شتەکانی لە بەلگەکانی « حضر » بو . کەلە شوێن موزە دەرچوین سەیری کتێبخانەکەیمان کرد ( ٦١٢٥ ) بەرگ کتێبی تیدا هەبو کتێبەکانی ئێرەباش بون ، کتێبخانەو چاپخانەکەشی ریکوپیک بو ، لیرەشا کتێبی کوردیم هەر نەدی .

لەپاش ئەم سەیرکردنە دەرچوین من چوم سەریکم لەکاکەمین حەویزیدا ــ کەوینە گریک بو ــ لەویوە هاتمەوە بۆ ئوتیل و رحمان هات بە شوینما چوین لەمالی ئەوان نانی نیوەڕۆمان خوارد ، خەبیریکی زراعی کە خەلکی پاکستان بوو پیان ئەوت « خان » لەگەل احسان محمد شیرزاد ملاحظی غابات ئەوانیش لەوی بون ، خان وردەیەک فارسی ئەزانی هەندی قسەمان کرد ، وتی لەپیش هاتما بو موصل دو سال لە سولەیمانی بووم زور لە رەوشتی خەلکی سولەیمانی خوشنودبو ، پاش‌نان خواردن ئەو بە ئوتوموبیلەکەی خوی هینامیەوە بو ئوتیل و توزی حەسامەوە .

سەعات ٦ عبداللطیف و توفیق خفاف هاتن بولام ، عبداللطیف سەر لەبەیانی زور پاڕایەوەکە ئیواری لە مالی ئەوان بم کەچی هات‌و رویشت‌و هیچ دەنگیشی نەکرد !. پاش ئەوان عبدالکریم زەید بەگی هات لەگەل ئەودا چوین بو ( نبی یونس ) نویژی شیوانمان لەوی کرد . لە حەوشەکەیدا چەند ژوریکێ هەبو خەلکی لە دورەوە ئەهاتن بو زیارەت و لەو ژورانە ئەمانەوە چەند روژیک ، مەنارەیەکی کونی لی بو ، ژوری مەرقەدو ژوری مزگەوتی نویژکردنی جوان بون ، لەسەر بانەکەیەوە هەمو شاری موصل دیار بو ، ئیتر هاتینەوە نویژی خەوتنانمان لە مزگەوتەکەی ( نجیب جادر ) کرد ، مزگەوتیکی تازەو ناخوش نەبو ، من هەر دلم لە مەنارە بەرزە چوار پینج



کاسەیەکەی چوبو ، لە مزگەوتەکانی ئەم شارەدا من مەلایەکی تایبەتیم بەرچاو نەکەوت کە مەلای ئەو مزگەوتە بیت‌و پیش نویژی بکا ، هەرکەسی لەو وەختەدا لەو شوینە بوایە پیش نویژی ئەکرد . لەویش هاتینەوە ، تروزی‌و تریمان کری هاتینەوە بو ئوتیل خواردمان و تا سەعات یانزە دانیشتین عبدالکریم چوەوە بو مالەوە من نوستم .

یاد داشتی ئیمرروم لە موصل : ئیمررو هەوا زور گەرم نەبو ، میوە لەم شارەدا زورە دیارە هی دەورو بەریەتی ، بە تایبەتی تروزی زور نایابە ، تروزی وام لەکەم‌لا دیوە ، ناو شار هەر تا بلیت بی ئاوە تەنانەت شەوی بو ئاوی دەست‌شتن پەکمان کەوت توزی ئاو نەبو بیکەین بە دەستمانا ، بەلای خویەوە پرروژەی ئاویشی هەیە کەچی هیچ . بەلی ئیمسال لەهەمولایک ئاو کەمە بەلام نەوەکێ ئاواش کە لەئوتیلەکانا پیاو بودەست‌شتن یەکی بکەوی . خەلکی شاری موصل ئەوەیان هەیە ئەگەر یەکی پرسیاری شوینیکیان لی بکا زور بە پیاوانە ری‌نمونی ئەکەن . لە موصل هەندی کارخانەی تەنین‌و جگەرەو دەباغی هەیە ، دوکان و بازارری زورە ، ئیستگەیەکی بازرگانی و تجارەتی بەکەلکە ، شارەکەش زورە بەلام هەر لەسەر شیوەی کونە ، ئەهلی موصل موصلیەتیان لەهەموشت بەهیزترە ، دەوروبەری شارەکە هەموی کوردە ، کورد لەناوشار زورە بـــەلام ریگای ئیش کردنیان کەمە ، زورتر ئەم کوردانە لەهی زازانـــــو و زوربەی ئیشیان کول هەلگری‌و بویەی ئوتیلەکانە . ئەهلی موصل بو ئابوری و اقتصادیات گرەویان لەهەموکەس بردوتەوە ، هەموجورە بەزم و ئاهەنگیکیشی تیدا هەیە ، وەکو ئەمە هەیە دیانەتیشی زورە تیدا ، مزگەوتەکانیان لەکاتی نویژا هەمو پرد ئەبی ، لەبەری نەینەوادا کە گەرام بەلگەکانی کون پیشان ئەداو ئیستە وردە وردە خەریکە ئاوەدان ئەبیتەوە . توزیکی تر لەم شارە :

ئەم شارە وەختی خوی‌شورەی هەبووە ئیستەش لە بەلگەی شورەکە هەر

مدونة إمارة وتجارة



ماوەتەوە ، ئەم شورەیە دە دەرگای هەبووە، ناوی هەندی لەقاپیەکانی ئیستەش بەناوی کونەوەهەرماوەتەوە. ئەمشارەئیستەلەشورەکەتیپەرریوەتەنانەت هەندی لەبەشیشورەکەوخەندەقەکەیئیستەبووەبەخیابانیکو بەناوشارا ئەرروا. زورتر خانووبەرەی شارەکە بەردو گەچە ، ئەم دو « کان » ە لە موصل زورە ، سە جادەی گەورە لەناوشارا هەیە ، جادەی « نبی جرجیس » ، جادەی « نینوی » و جادەی « فاروق » . جادەی نبی جرجیس و نینوی لەپیش حکومەتی عراقیدا وەختی کە سلیمان نظیف لەوی والی بووە دروست کراون ، جادەی فاروق لە ١٩٣٦ـ١٩٣٧ دا کراوە . پردە ئاسنە جوانەکەی بەسەر روباری دجلەوە – کە نینوی بە موصلەوە ئەبەستی – دەست کردی حکومەتی عراقی یە . باخو باخچەی زور و جوان: لە موصل هەیە بەلام چاولە بیئاوی ئیمسال بپوشە ! بیجگە لە مزگەوتی نبی یونس دو مزگەوتی تری نایابی کون هەیە ، یکیکیان بی ئەلین مزگەوتی گەورە و ئەویکەیان مزگەوتی « نوری » – کە نورالدین ئەتابوک لە سەدەی شەشەمی هجریدا دروستی کردوە – مەنارە کونە لارەکەی لەسالی ١٩٤٤دا بیراز کراوەتەوە .

لە موصل گورری گەلی پیغەمبەران هەیە ، هەروەها « ابو تمام »ی شاعرو « طغرائی » و « ابن الاثیر »ی میژونوسی بە ناوبانگیش لەوی سەریان ناوەتەوە . موصل وەکو هەمو دەوریکی شوینی پیاوی مؤلف و ئەدیب و عالم بووە ئیستەش ئەو ریچگەیە هەر لەدەست بەر نەداوە و پیاوی زاناو شایانی لەهەمو رویکەوە تیایە .

داردشتی ئـــەم شارە زور کونە ئەچیتەوە بو دەوری « نینوی » – کە بە دو کیلو مەترەیەک کەوتوتە روژهەلاتی شارەکەوەو لەسەر لیواری روباری دجلەوەیە – .

ئەم « نینوی »یە لە هەزارەی چوارەمی پیش میلاددا دیکی بچوک بووە و ئاشوریەکان هاتنە ناوی . لە دەوری سومەری و بابلیەکانا بو بە شاریکی



گەورە ، تەنانەت یەکی لە پادشاکانی ئاشوری کردی بە پایتەختی خویو پەرستشگایەکی گەورەی تیدا دروست کرد بو خوای « عەشتار »و پەیکەری ئەم خوایانەی لەوینەی ژنیکی روتدا دانا . ئەم نینوی یە هەتا ئەهات هەر بەرەی ئەسەندو زور ئەبو ، لە دەوری « سەناخەریب » پادشای ئاشوری (٧٠٥ ـ ٦٨١) ی پیش میـــلاد گەیشتە چلەپوپەی بەرزی ، ئەم ناوی گەورەیی یەی بەم جورە هەرمایەوە تا لەسالی (٦١٢) ی پیش میلاد حکومەتی ئاشوری بە دەستی میدی و بابلیەکان دوایی هات و نینوی لە پایتەختی کەوت . ناوەکەشی بویە پیان ئەوت نینوی چونکە هەر لەزەمانیکی زووەوە شوینی هەواری پەرستنی خوا « نینا » بو .

تەپولکەیەکی شارەکە – کەپیان ئەوت قوینجق – لە دەوروبەری سەرەتای سەدەی « ١٩ » هەمدا دایانەوە گەلی لە بەلگەی کوشکەکەی سەناخەریبی تیا دەرکەوت . تەنانەت کتیبخانەکەی « ئاشور بانیپال » هەر لەویدابو کە نزیکەی (٢٥) هەزار پارچە قورری نوسراویان تیا دەرهیناو بردیان بو موزەخانەی بەریتانیا . لە سالی ١٩٣٩ یشدا دیسان جاریکی کە دایانەوەو بوشت گەرران .

شوینی نینوی و موصل گەلی روزگاری دیوە ، ئەم شوینە ئارامیەکان لەپیشا پیان ئەوت « قەلای قایم » . لە دەوری فارسەکانا بە « نەو ئەردشیر » ناو ئەبرا . لە ٦٣٧ی میلادی ، « ١٧ » ی هجری « عیاضی کورری غەنەم » گرتی و کەوتە دەستی ئیسلامەکانو هینای هەندی عەرەبی ئەو ولاتی حجازەی لی دانا . گویا لەبەرئەوە کە جزیرە بە عراقەوە ئـــەنوسینی ناوەکەشی نرایە « موصل » .

* * *

مدونة إمارة وتجارة



# ئاکری

سەر ژماری ناوشار ( ٦٤١٥ )
هی هەمو قـەزا ( ٣٥٢٦٤ )
موصل ـ ئاکری ( ٩٥ ) کیلو مەتر
بەریگەی ئوتوموبیل

روژی ٢٤ کە روژی سیهەمی کاروانەکەم بو سەر لەبەیان لەئوتیلەکە کەهەستام تەراشیکم کرد بەلام ئاونەبو زور بە شەررە شەق لی بومەوە، پاشان عبدالکریم هات پیکەوە چوین بو مەحکەمە، سەریکمان لەئیبراهیم مصطفی قازی یەکەم داو پاشان چاویکمان بە محامی شاهین الصوفی کەوتو پاش ئەو رەحمانئاغا . ئینجا دەرچوین هاتین بەلای ئوتوموبیلەوە بو ئەوە بچم بو « ئاکری » ، کوتوپرر قەمەرەیک خەریک بو ئەرروێشت نەفەری بە چوارسەد فلس سوار بوم‌و سەعات ١٢ بەری کەوتین روە و شیمالی شەرقی ، بو سـەعات ٤٠ ـ ١ دەقیقە گەیشتمە ئاکری .

موصل ـ ئاکری « ٩٥ » کیلو مەترە ، ریگە هـەمو قیرتاوبو ، هەمو ئەو ولاتە شاخ وداخ بو . لە ریگەوە چومە ئوتیل سورچی ـ کە لەسەر ریگەدا بوـ توزی دانیشتم‌و پاشان ویستم دەرچم سەیرم کرد دەرگای ئوتیلەکەیان لەسەر داخستوم بانگم کرد بە هەر جور بو هاتن دەرگاکەیان کردەوە ، وتم بوچ داتان خستوە ؟ شاگردی ئوتیلەکە وتی کەس نی یە منیش بی تاقەت بوم چوم‌بو چاخانە !. ئینجا رویشتم بوجامعی مەزن نویژی نیوەرروم کردو توزی لەوی رام‌بوارد ، مزگەوتیکی دەستکردی کونبو ، حەوزو ئاویکی باشی لی‌بو ، ژوری مزگەوتەکەش زور فینـک بو ، زورکەس سەیری ئەکردم بەشتیکی سەیر ئەهاتمە بەرچاویان ، جلوبەرگەکەم هیچ لە





دیمەنە جوانەکەی شاری ئاکری

جلوبەرگی ئەوانی نە ئەکرد ، ئەوان رانـکی دەرەلنگ بلاو و چوخەکەیان لەبەرابو لەو ولاتە پی ئەلین « شەل‌و شەپک » جامەدانەش ریشویان هەلئەبەست‌و لولیان ئەداو ئەیانپیچا بە سەریانەوە ، پشتینیشیان ئەبەست . پاشان هاتمەوە بو ئوتیل ، ئوتیلەکە بەشیکی زوری ئاکری لی‌دیار بو بەکامیراکەم وینەیەکی ئەو دیمەنەم گرت . بەم جورە سەعاتم لی‌بو بە سەعات پینج ئەو وەختە هەستام شاگردی ئوتیلەکەم لەگەل خوم بردو چوم بومالی قائمقام شاکرفتاح ، دیسان کوررەکە قاپی ئوتیلەکەی داخستەوە . قائمقـــام هەر لە بەیانیەوە چاوەرری ئەکردم نەیزانیبو چومەتە ئوتیل کەزانی توررەبو ، پاش‌ئەوە کەچامان خواردەوە ناردی باولەکەمیان هینایە مالەو دەرچوین بو نادی .

نادی لەسەر تەپولـکەیەکی بەرز دروست کرابو ، هەمو شاری ئاکری لی‌دیاربو ، کوشکیکی تازە بو ، بورریەی ئاوی ئەگەیشتی ، ئەلـکتریکی هەبو ، ژورەکانی : هولیک ، ژوری خویندنەوە ، ژوری خواردنەوە ، ژوری وینە گرتن و ژوریکی تریش . چەند وینەیەکی دەستکردی دیمەنی ئاکری و شوینی تریشی لی‌بو ، ژوری خویندنەوەکە هەندی گوڤارو کتیبی

مدونة إمارة وتجارة



لی بو لەگەل روژنامەی « ژین » دا ، پاشان چوین لەلای حاکم جەوهەر دزەیی و دوکتوری ئاکری ـ کەپیکەوە دانیشتبون روبەروی دەشتەکەی بەرانبەر ئاکری ـ دانیشتین ، جەوهەریش هەر دوستم بو لە میژەوە ، کوکامان خوادەوپاش ماوەیەک ئیمە هەستاین هاتین لەم دیوەوە روبەروی شارەکە دانیشتین ، کارەبای شار هەلکرا ئیتر من مەفتونی ئەو دیمەنە بوم ، هەوا کەش هەوایەکی ساف و خوش بو ، زوری پی نەچو اکرم افندی معلمی مەکتەب ئەویش هات و پیکەوە هەمو دانیشتین ، لەپاش بەینیک ئیمە هەستاین هاتینەوە بو مالەوە نانمان خواردو لەبەر ئەوە من توزی ماندوبوم نوستین .

روژی ٢٥ کە روژی چوارەمی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان کەهەستام نویژ و تەراشم کردو نانمان خوارد ، قائمقام برریاری دابو کە چەندکەسیک لە معلمەکان بین ئەوان هاتن و ئینجا بە ئوتوموبیلەکەی ئەو هەمو چوین بو گوندی « دینارتە » لەناوچەی « نەهلە » کەبەر ناحیەی « بیرەکەپرە » کەوتبو. سەعات ٨ــ٣٠ بەری کەوتین لەگەل ئەوەکە لەریگەدا ئوتوموبیلەکەش پەنجەر بوو چاک کرایەوە بو سەعات ٩ــ٣٠ هەرگەیشتینە ئەوی ، چوین لەکەپری سمکواغای کوری فارساغای زیباری دابەزین ، احمد اغای مامیشی هاتبو . کەپرەکە لەسەر کانی و سەراویکی خوش بو وینەیەکی شوینەکەم گرت . قائمقام قسەی لەگەل ئاغاکان کرد کە مەکتەبی گوندیکی تر بینیتە دینارتە چونکە ئەو گوندەکەی تر قوتابی کەم بو ئەوانیش ئەم قسەیان پی خوش بو ، چامان خواردەوە و گەراینەوە ، لە ریگەدا توشی دو پولیس بوین گویدریژیکیان پی بو هەندی میوەی لەسەر بو قائمقام لی پرسین ئەمەتان لەکوی بو ؟ وتیان قوربان بە پارە کریومانە ، وتی ئەچمە بنج و بناوانیەوە ئەگەر بە پارە نەتانکریبو ئەوە نی یە خوتان بیزانن ! .

ئەم ریگەیە کە پیا رویشتین دەورو بەری هەمو شاخ و چیای سەخت بو ، گەلیەک لە ریگەدا هەبو پیان ئەوت « گەلی زەنتە » ، بە تایبەتی دوشاخی



توش و سەختی لە سەرەوە بو ، یەکیکیان ناوی « چیای ئاکری » و ئەویکەیان « پیرس » یان پی ئەوت، بەرزایی یەکەمیان ( ١٤٤٧ ) مەترو هی دوهەمیان ( ١٦٤٤ ) مەترەیە . ئەم شوینە ئەو شوینەبو کە لە ١٩٤٦ دا مەلا مصطفی بەرزانی ئەو ناوەی گرتبوو لەبەینی ئەو دو شاخەدا هیزی حوکەتی گیردابو بە جوریکی وەها کە بە فروکە نان بو هیزەکە ئەخرایە خوارەوە ، ئەو شاخ و کیوانە هەموی دارستانی مازودارو بەررو داربون .

کە هاتینەوە لاماندایە « سیپە » . سیپە لە خورەلاتی شارەکەوەیە ، کانی و سەراویکی زور خوشە ، تافگە ئاویکی لی یە بە بەرزی ( ٢٠ ) مەتریک بەلام ئیمسال ئاوەکەی کەم بو . پایەی گەرمایی لە ١٨ تا ٢٢ دەرجەیە لەم وەختانەدا . لەوی خیرا هاتینەوە من چوم بو جامعی مەزن بو نویژی جمعە . لە پیشا چومە ژوری هبةالله ئەفەندی مفتی ئاکری ـ کە ئیستە کوررەکەی لە شوینی دانیشتوە ـ پاشان وەختی نویژ هات چومە ژوری مزگەوتەکە بو نویژ ، جەماعەتیکی زوری هەبو حەوشەو هەیوان پرر بوبو . خەتیبەکە الفای باش بو بەلام باسی خوتبەکەیم بەدل نەبو ، خوتبەکەی بە عەرەبی بو . معلمەکان کە بو رابەری من هاتبون لەدەرەوە چاوەریان ئەکردم هەمو پیکەوە پاش نویژ چوینە ژوری خەتیب چایان هینا خواردمانەوە ، هەمو مەلاکانی ئاکری هاتن بولام ، پاش ئەوە هاتینەوە من بومالەوە نانمان خوارد و توزی راکشام .

سەعات ٥ معلمەکان هاتنەوە و تیکرا لەگەل قائمقام چوینەوە بو گەرران ، مەبەست لەم گەررانەش هەر ئەوە بو کەمن شوینەکانم چاوپی بکەوی . چوینەوە بو « سیپە » چایخانەیەکی لی بو ، لەگەل خواردنەوەی چادا سەیریکی تر ئەو دیمەنو باخ و باخاتەم کردەوە . پاشان چوین بو مالی اکرم ئەفەندی . اکرم خوی خەلکی ئاکری بو ، مالەکەی چوبوە ناوباخ و باخەکەش هی خویان بو ، شوینی چاک کردبو هەر راست لە سەر تافگەکەی « سیپە » بو ، چاوو

مدونة إمارة وتجارة



میوەی ئامادە کردبو ، شوینەکە بەسەر هەمو باخەکانا ئەیرروانی گول و دارو ئاوی ئەوناوە نەچاوی لی تیر ئەبو نەدلی تیا پیر ئەبو . لەویوە هەستاین و چوین بو سەر کانی « کانی زەر » حەوزیکی گەورەی لی دروست کرابو ، ئاوی بورری ناوشار لەوی بو ، لە عەمارەکە ئاوی زیادە هەبو بە دو بورری ئەستور ئەررژایە حەوزەکەوە ، حەوزەکە



سەیرانگای « کانی زەر » لە ئاکری .

وا دروست کرابو بو حەوزی مەلەش ئەشیا ، هەر بوئەوە ئەشیا کە سەیرانکەران بچن لەو ئاوو شوین و دیمەنە دلی خویان بگەشیننەوە ، سەر حەوزەکە چاخانەش بو ئەوەندە هەبو ئیمە کە چوینە ئەوی وەختی نویژی خەوتنان بو چاخانەکە هەلیگرتبو تەنانەت گولوپەکانیشی لەوایرەکە کردبووەوە . پاشان هاتینەوە ئیمە بو مالەوەو هاوریکانی تریش بومالی خویان ، جەوهەر حاکم ناردبوی کەدیم بو ئەوی . سەعات ٩ هات هەر سیکمان تا سەعات ٣٠ـ١١ لە باخچەی حەوشە دانیشتین و بە قسەی ئەدەبی و خوش رامانبوارد ، پاشان ئەو رویشتەوەو ئیمە نوستین .

روژی ٢٦ کە روژی پینجەمی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان هەستام خەریکی خویندنەوەی کتیبی « ئاکری » بوم کە شاکر فتاح بە زمانی عەرەبی دانابوو هیشتا چاپی نەکردبو . سەعات ٩ چوم بو سەرای حوکمەت . ئاکری سەرایەکی باشی هەیە ، جوری سەراکەی وەکو جوری حەوشەی محکمەی بەغدا وایە ، لەویوە ویستم هەندی کەس و هەندیکی تر ناوشار ببینم ، شوکت



ئەفەندی ـ کە یەکیک بو لە کوررە گەنجەکانی ئەوی و کاتبی بلدیە بو ـ لە گەلم هات چوین لەپیشا چوینە لای خالد ئەفەندی عبدالحکیم . خالد ئەفەندی پیاویکی خەلکی ئاکری و کونە قازی و هەشتا سالیک تەمەنی ئەبو ، لەبەر هەیوانی خانوەکەی خویا چاوەرری ئەکردین ، کە چوین دەرزی بە فەقیەک ئەوت لە عیامی کەلاما ، چاوەکانی بینایان نەمابو لەبەر دەرزەکەی ئەوتەوە ، پیاویکی شارەزاو خویندەوارو تی گەیشتو بو ، هەروەها شاعر و نوکتەزان و ئەدیبیش بو ، گەلیک قسەمان کرد لەپاش تەواو کردنی دەرزەکەی . هەستیکی قەوی هەبو بەلام ئەیوت بەبی خویندەواری هیچ نا کری . چایان بو هینایین خواردمانەوە و هەستاین . لەویوە چوین بو سەرمەزاری شیخ عبدالعزیز کورری شیخ عبدالقادری گەیلانی کە گویا لە سەدەی حەوتەمی هجریەوە ـ بە قسەی ئەو ناوە ـ کەوتوتە ئەوی . مەزاری شیخ کەوتبوە خوراوای شارەوە ، لە شیویکابو بە ئەندازەی بیست دەقیقەیەک لە شارەکەوە دور بو ، شوینەکە حەوزو سەکویەکی خوشی دەستکردی لی بو ، هەواکەی زور ساف و خوش بو ، صابر کە کورری متولی بوو لە حقوقی بەغدا ئەیخویند هات بە پیرمانەوە ، چوین زیارەتی مەرقەدمان کرد لە ژوریکی بچکولەدابو ، پارچەیەکی سەوز بەسەر مەرقەدەکەدا درابو دو قرآن لەوی بو ، یکیکیان خەتیکی دروشت و گەورەی هەبو ، هەر دوکیان هەر چاپ بون ، سەعات بو بە ٣٠ـ١٢ گەررراینەوە ، ئەو ناوە سمورەیەکی زوریشی هەبو .

ئەو روژە بو نیوەررو لەلای جەوهەر حاکم بانگ کرابوین چوین بو ئەوەی ، پیستی بەچکە پلنگیکی جوانی پررلەکای دانابو ، پاش نان خواردن چوینەوە بومالەوە و حەساینەوە . سەعات پینج بو وەرگرتنی فیکری شاکر فتاح هەندی لە کتیبەکەم « رشتەی مرواری » بو خویندەوە ، فیکری ئەو وابو ئەو قسانەی کە زور ئەدەبی ئاشکرایە تیدانەبی باشترە . پاشان جەوهەر هات و پیکەوە هەمومان چوینەوە بو نادی ، هەتا درەنگیک ماینەوە ،

مدونة إمارة وتجارة



لەگەڵ جەوهەردا دامەیکان کرد لێ بردمەوە . دیءەنی مانگەکەو گولوپو باخەکان وای لێ کردم بەبێ هەست دەستم کرد بە گورانی وتن! کوتوپڕ کابرای شاگرد چایچی پیپسیەکی بوهێنام دەماخی تێکدام ئیتر نەموت !. سەعات ٣٠ـ١٠ هەستاین منو شاکر چوینەوە بو ماڵەوە تا سەعات ١٢ هەر بە باسی قسەی ئەدەبیەوە رامانبواردو پاشان نوستین ، لەم ماوەیەدا کە لە ئاکری بوم « شێرکو » کە کوڕی شاکرو لەپولی شەش دەرچوبو هەمو وەخت هەر ئەیویست لە لام بێ ، ئینسانێکی هێمن بو هەر لە ئێستاوە ئاشنابو بە روحی خوێندەواری .

* * *

لەپێش ئەوەدا لە ئاکری دەرچین پێویستە توزێکی لێ بزانین :

ئاکری شارێکە (١١٢٥) ماڵە ، حەوت مزگەوت و مزگەوتێکی گەورەی تیدایە ، ( ٢٤٦ ) دوکان ، گەرماوێکی تازە بابەت ، دو ئوتێل ، دو سەیرانگا ـ منتزە ـ ، باخچەیەکی منالان ، دو خیابانو دو بازاڕی هەیە . ناو شارەکە مەرکەزی قەزایە . سەرژماری ناوشار ( ٦/٤١٥ ) کەسە ، تێکرای قەزاکە (٣٥/٢٦٤) کەسە . شارەکە کەوتوتە بەینی ٣ شاخەوە ، خانوەکانی یەک لەسەر یەکو بە هەر سەلای شاخەکانا هەڵچوە ، سەربانی هەر ماڵێک وەکو بوبێ بە حەوشەی ماڵەکەی ژور خویەوە وایە ، بەر هەر ریزە خانویک کولانە . ئاوی بوریەو ئەلکتریکی تیدایە ، هەواکەی سافو سازگارو خوشە ، ئاوی زورە ، دیءەنی ئاکری بەشەو نیگاری دیءەن پەرستانە : گولوپی ناو کولانو ماڵەکان هەر وەکو ئەستێرەوانە کە لەعاسمانەوە نیشتبیتنەوە،وە یا ئەوان



سوچێکی تر لە دیءەنی شاری ئاکری



لەسەرەوەو ئەمان لە خوارەوە چاوشارەکێ لەگەڵ یەک بکەن ! بە هەر سەلای ئاکریدا باخو باخاتە ، پشتەکەی شاخە ، باخەکان هەمو میوەیەکی تیدایە ، ئەم باخانە هەرکە هی خاوەنی خویەتی و خانویان لەناوا کردوەو بە هاوینان ئەچنە ناویەوە ، گولوپی کارەبایان لەناو شارەوە بردوتە ئەم خانوانە .

بە جورێکی تێکڕایی مەردمی ئاکری رو خوشو شارستانین ، زو لەگەڵ مەردمی ترا ری ئەکەون ، شوینی ئاکری زور ئامادەیە بو هاوینە هەواری مەردم کە بوی بچن ، تەبیعەت چیاو ئاو و هەوای تیا دروست کردوە . لە ناوشار قائمقام ، حاکم ، دوکتور ، معاونی پولیس ، برین پیچ ، مستوصفو پوستەخانە هەیە ، هەمودەم حامیەی سەربازی لێیە . دەورو بەری ئاکری هەمو شاخ و داخی بەرز بەرزە ، بەڵگەی کونی ئەم شوینە گەورەیی خوا دەرئەخا ، لە کێوەکانی دەورو بەریەوە ( قیر ) هەیە ، ئەشکەوتی ( گندوک ) نزیکی ئەویە ، بەڵگەی کون لە بەردو لەشتی تر لە ئاکری زور زورە ، ناو شارەکە پەنجا ماڵیک فەلەی لێیە ، کلیسەو قەشەکی ژیریان هەیە .

ناوی ئاکری وەکو لە ئەفسانەدا ئەیگیرنەوە : لە وەختی خویدا ـ گەلی پیش میلاد ـ یەکی لە جی نشینەکانی زەر دەشت هاتوتە شوینی ئاکری ئیستە ئاگرێکی کردوتەوە ، ئەو ئاگرە گەلێ ماوەتەوە ، پاشان لەو شوینە ئەم شارە دروست کراوە پیان وتوە ئاگری ، بە دریژی زەمان ئاگری بوە بە ئاکری . ناوبردنی ئاکری بە ( عقرە ) ئەمە لە پاشماوەی کلدانیەکانە ئەگینە ئەسلەکەی ئاگری ـ ئاکریە . لام وایە هەر ئەم هویەیە بویە خەلکەکەی ئیستە زیاتر ئاشنان بە کوردی و کوردی خویندنەوەوە لە کوردەکانی تری ئەو ولاتە . کوردی ئاکری وەکو مام ناونجیە لە بەینی کوردی سوران و بوتانا ، شیوەی قسە کردنیان لە هەردولا وەرئەگری ، بەبێ گیروگرفتی کوردیکی سوران لە هەمو قسەکەیان تی ئەگاو ئەوانیش لەو تی ئەگەن .

مدونة إمارة وتجارة



* * *

روژی ٢٧ كه روژی شه‌شه‌می كاروانه‌كه‌م بو سه‌رله‌به‌یان هه‌ستام‌و خوم كو كرده‌وه بو رویشتن ، چوم بو سه‌را مالاوایم له هه‌ندی له دوسته‌كان كرد ، ئوتوموبیلم گرت شوینی كه‌سیك قه‌مه‌ره تا موصل به ٤٠٠ فلس ، جه‌وهه‌رو شوكت و عبدالرحمان هاتن به ریبان كردم تا سه‌ر ئوتوموبیل و ئیتر له سه‌عات ٣٠ـ٩ به‌ری كه‌وتم بو سه‌عات ٣٠ـ١١ گه‌یشتمه‌وه موصل . ئاگری یادیكی زوری له دلما هیشته‌وه . ئینجا ناردم عبدالكریم هات پیكه‌وه چوین بولای رحمان حاكم، له‌ویوه ته‌له‌فونم كرد بو « كانی » مدیری ناحیه‌ی «عاصی» كه دیم بولات . كانی دوستم بو ، عبدالكریمیش هه‌ر برریاری هاتنی‌دا . هاتمه‌وه بو ئوتیل ، له سه‌عات ٣ پاش نیوه‌ررودا ئوتوموبیل هات به شوینمانا ، شوینی دو كه‌س به ٨٠٠ فلس بو، سه‌عات ٥ گه‌یشتینه عاصی . موصل ـ عاصی « ٨٨ » كیلو مه‌تر بو .

كانی هات پیشوازی كردین‌و پاشان چوین هه‌ندی گه‌رراین‌و شه‌وی‌چوینه نادی دانیشتین . هه‌ر به‌و شه‌وه ته‌له‌فونیان كرد كه خزمه‌كانی دین بولای ، له‌پاش توزیك ٩ كه‌س له‌خزمه‌كانی له‌هه‌ولیره‌وه هاتن ، ئه‌و شه‌وه به‌و كومه‌لی‌یه رامانبواردو شه‌وی بو نوستن له سه‌ربانی خانوی معلمین شوینیان بو چاك كردین ، ئه‌وه‌نده نوین به ته‌نشتی یه‌كه‌وه راخرابو وه‌كو خه‌سته‌خانه‌ی لی‌هاتبو ! .

---



# زاخو

سه‌ر ژماری ناوشار ( ٢٢٥/٨ )
هی هه‌مو قـــه‌زا ( ٧٧٤/٣٩ )
موصل ـ زاخو (١١٤) كیلو مه‌تر

روژی ٢٨ كه روژی حه‌وته‌می كاروانه‌كه‌م بو سه‌رله‌به‌یان هه‌ستاین وینه‌یه‌كی ئه‌و جه‌ماعه‌ته‌م گرت‌و كانی ته‌له‌فونی كردبو زاخو بو حاجی ئاغا كه ئیمه میوانی ئه‌بین . پاش نانو چاخواردن كانی و خزمـه‌كانی چون بو دهوك‌و من‌و عبدالـكریمیش هاتینه سه‌ر جاده كه چاوه‌ری ئوتوموبیلمان كرد بو زاخو . گه‌لیك ماینه‌وه سه‌یرمان كرد وا پیاویكی پیر دوژنی له گه‌لایه‌و ئه‌وانیش هاتن دانیشتن ، جگه‌ره‌یه‌كم دا به پیاوه‌كه‌و ژنه‌كانیش كه له گه‌لی بون یكیكیان ژنی بو یكیكیان كچی ، هه‌روا سه‌رمخسته سه‌ری وتی : « ئه‌زبه‌نی زاڤایه ئه‌زئه‌ز ده قوتی ، ئه‌ز كیژاخو برده لای مدیرا بو شكاتا » : وتم مدیر چی‌وت ؟. وتی : «جه‌نابا مدیرا گوت ئه‌ز دبیژم زاڤاتا ته نه‌قوتیت.». تومه‌ز ئه‌م كابرا هه‌ژاره زاوایه‌كی هه‌یه میردی ئه‌و كچه‌ی بو كه له گه‌لی بو كه‌سیان نه‌یانئه‌ویرا بزونه‌وه زاواكه‌ی ده‌ستی ئه‌كرد به لی‌دانیان، ئه‌مانه چوبون شكاتی لی بكه‌ن . من‌هه‌ر ئه‌وه‌م‌به‌لاوه سه‌یربو كه زور به‌ده‌می خوش‌بو كاتی كه ئه‌یوت « ئه‌ز ده‌قوتیت ! .» مه‌به‌ستی ئه‌وه‌بو یانی ئه‌مكوتی .

له‌پاش مانه‌وه‌یه‌كی زور ئینجا لوریه‌ك هات هه‌ر دوكمان به ( ٣٠٠ ) فلس سوار بوین به‌ریگه پیچه به ده‌وره‌و قیرتاوه‌كه‌دا روه‌و ولاتیكی‌تر بوینه‌وه ، ورده ورده لوریه‌كه ریگه‌كه‌ی ئـه‌بردی ـ كه له دوره‌وه وه‌كو ره‌شماری به‌ریگه‌دا روه‌یشتوو ئه‌هاته به‌رچاو ـ به چیای « بی‌خیر » دا سه‌ره‌و ژور بوینه‌وه . ئه‌م كیوه له هه‌ندی شوینا ناو ئه‌بری به چیای بی‌خیر : واته هیـچ كه‌لـكیكی نی‌یه ، له‌راستیشدا وایه وشك‌و برنـگه ، له هه‌ندی شوینا بـه

مدونة إمارة وتجارة



چیای زاخو ، لە هەندیکی تریشا بە چیای سپی . بەرزاییەکەی بەپێ شوین لە « ٣ » هەزار تا « ٤٣٠٠ » پی بەرزە . کە چوینە سەرەوە ولاتیکی تر دەرکەوت : لە بەردەممانا شاری زاخو بە خویو بە دارو لالەزارەکەیەوەو بە ئاوی « خابور »ەوە دەرکەوت ، لەولایەوە ـ بەلای شیمالیەوە ـ دەشتی « سندی » چاو پیایا گەررانی ئەکرد ، لەولای تریەوە چیای « گیری » و چیای « دیری » کە یەکەمیان بە بەرزی ( ٣/٨٩٠ ) پی ی و دوهـــەمیان بە ( ٤/٠٤٠ )پی ی چوبون بە عاسماناو گوندە جوانەکەی « شەرانش » یان گرتبوە باوەش . هەرکە گەیشتینە سەر کیوەکە نوختەیەکێ هەبو پولیس هات نوسینیو پرسی لە کویوە هاتونو بوچی ئەچن ؟. لە پاشانا بوم دەرکەوت ئەم وردەکاریە لەبەر ئـــەوەیە کە سەر سنوری تورکیایە بویە وا وردی ئەکەنەوە . عاصی ـ زاخو ( ٢٦ ) کیلو مەتربوە .

ئینجا چوینە دیواخانی حاجی ئاغا بونیوەررو چاوەری ئـەکردین نانی دروست کردبو ، پاش‌نان خواردن توزی نوستین و سەعات پینج لەگەل عبدالحکیم ئەفەندی ـ کە خوی خەلکی زاخوو معامی تەلەعفەر بو ـ بە جیبەکەی حاجواغا چوین بو گەرران : چوین پردیکی زور مەزنو بە نرخمان چاوپی کەوت . ئـــەم پردە کەوتوتە سەراوردی شارەکەوەو وا بەسەر روباری « خابور »ەوە ـ . خابور بە شیوەی ئەو ولاتە واتە روخانە ـ . وە «خاپور» بە « پ » لە شیوەی سورانا بە مانا « ویران » ە . پینج تاقی تیابو ، تاقی ناوەراستی زور گەوررەبو ، لە بەردی زل زلو قسل دروست کراوە ، بەتەلی ئاسن پیکەوە بەستراون . ئەم پردە پی ئەلین « پرادلالی » و « پرامەزن » تأریخی ئەم پردە هەر چەندە هیچی پیوەنی‌یە بەلام کردەکەی گەواهي ئەدا کە ئەگەرریتەوە بو دەوریکی کون! . کە سەیری ئـەم پردەم کرد و چاویکم بە دەربەندو شاخەکانی زاخودا گیررا تاسیک بردمیەوە ، لەوتاسەدا لاپەررەی روزگاری کوردوستان دەنـگی خررەی سمی ولاغەکەی « گەزەنەفونی »



یونانیو دە هەزار کەسەکەي دا بەگویچکەما کە لە(٤٠١)ی پیش میلادا لەسەر ئەم پردەو لەم دەربەندانەوە روەو یونان بونەوە ! .



پردە تأریخیەکەی زاخو بەسەر روباری خابورەوە .

وینەیەکی ئەم پردەم گرتو گەررراینەوە چوین بوچاوپی کەوتنی ئەوپرروژە ئاوەکە حازم بەگ کردبوی . ئەم مەشروعە روباریکە لە خابور هەلـگیراوە و براوە بە ریگەیەکی زور بو ئاشو بو کشتوکال ، کیویکی بو کون کراوەو هـەچ زەوی‌وزاریکێ لەو ناوەدا هەیە بەم ئاوە ئاو ئەدری ، ئیمسال کە ئاویش کەم‌بو ئاوەکەی پانزە ئاشگیرر ئاو ئەبو . ئەم کردەوەیە بو هـەلـگرتنی ئەم ئاوە لە ئیشی فەردي نەئەچو ، بررو‌ا نەئەکرا کە ئەمە ئیشی حکومەت نەبی لەگەل ئەوەدا حازم بەگ بە ٣٠ سالو بە پارەیەکی زور زور ئەم ئیشەی هیناوەتە ئەنجام ، بە دوسال پیش مردنی خوی دوایی هاتوە .

ئینجـا لەویوە هاتین بو نادی . نادی کەوتبوە سەر روبارەکە پشتیشی سەرای حـکومەت بو ، دو باخچەی لە سەریەکی هەبو ، لە ژورا : ژوری زستانی و بەناو ژوری کـتیبخانە و دو سە ژوری تری لی‌بو ، بیست سی کەسی لە موظفینی زاخوی تیدابو، هەروا خەریکی تاولیو شتەبون هەمو سەر گەرمی ئەو بەزمە بون ، یەکێ دوکەس منیان ناسی هاتنە لام باسیکیان لەوەوە کرد کە « میستەر مـــەکەنزی » ئەویش دوینی لیرە بووەو روەیشتوە . ئەم « مەکەنزی » یە پیاویکی ئینـگلیز بو ئەویش بو ئاگاداري لە زمانی کوردی روی کردبو بو ئەو ولاتە . سەیرتر ئەوە بو من لەو ولاتەدا هەر شوینیکێ ئەچوم ئەیانوت دوینی پیری ئینـگلیزیکیش لیرەبو ، شوینی واش هـەبو کە

مدونة إمارة وتجارة



باسیان نەئەکرد وا دیار بو چونەکەی پاش چونی من ئەکەوت ، لەو شوینانەشا بی گومان بەویشیان ئەوت کە دوینی پیری فلان کەس لیرە بو ! .

دیمەنی نادیەکەم پی خوش بو ، پاش ئەوە ویستم مزگەوتا مـــەزن بزانم ، هەستاین چوین بو ئەوی نویژی شیوانمان لەوی کرد ، توشی مەلا احمدی مدرسی ئەو شوینە بوین ئارەزوم ئەکرد هەندی قسەی لەگەل بکەم بەلام لەبەر ئەوە بو نان خواردن ئەچوەوە بریارمدا سبەینی دیدەنیەکی تایبەتی بکەم، ئیمەش گەرراینەوە بو نادیو لەویوە هاتینەوە بومالەوە نانخوراو لە باخچەکە دانیشتین تا درەنگیک لەگەل حاجواغا، خەلکی تریش لەوی بون دەستمان کرد بە قسەکردن و پرسیار کردن .

باسی خویندن و نوسینو خویندنەوەی کوردیم لەگەل حاجواغادا کردەوە وتی : وەختی خوی حازم بەگ ئەم فیکرەی هەبوە و خەلکەکە زوریان خوش نەبوە ، سا لەبەر هـــەر شتیک بوە ، وتی من خوم بەو ناوەوە کە کوردم لایەنگیری ئەوەم ئەبی زمانی کوردی - کە زمانیکی قەومیە - پی بخوینری و پی بنوسری بەلام داخی گرانم کەس نەئەزانی پی بنوسی و نەئەزانی پی بخوینیتەوە .

ئەم حاجواغایە لەبنەمالەی شەمدین آغایە ، لەگەل حازم بەگدا ئاموزا بون، حازم بەگ هەتا دوا هەناسەی لە مجلسی شیوخی عراقیدا عەین بو ، لە سالی ٩٤٨ دا بو بە وەزیری بلاوزارەش ، دو سال لەمەپیش کوچی دوایی کرد . حاجواغاش ئیستە لە تەمەنی ٤٥ سالیدایە نائبە لە پاررلەمانی عراقی . ئـــەم و حازم بەگ دو پیاوی دەولەمەندو خاوەن قسەن لەو ولاتەدا ، ئیستە ئەو بە تەنها یەکە پیاوی ئەوی یە . دیواخان و سەرایەکی باشی هەیە کەوتونە سەر روباری خابور ، باخچەیەکی ریکوپیکو هەمو جورە گولیکی تیدایە .

کە لەم باخچەیە دائەنیشی وا لە دورەوە کیوە بەرزەکەی « زوزان » ت ئەکەویتە بەرچاوکە ( ٩٠٨ / ٧ ) پی ی بەرزەو ئەگاتەوە بەکیوەکانی ئەنادول ، هەروەها کوتوپرر لوتکەی کیوی « رەشونی » شت بەرچاو ئەکەوی کە



(٦/٧٠٣) پی ی بەرزو بەگورگە پشت هاتوتەوە بوسەر روباری خابور. حاجواغا پیاویکی رو خوشو بەدەم میوانەوە هەیە ، پیاویکی ئیش کەریشە ، ئارەزوی ئەوەی هەیە کە دەولەتەکەی لە پرروژوە و ئیشیوا دا بەکاربینی کە خەلکی ولاتەکە کەلکی لیوەرگرن .

روژی ٢٩ کە روژی هەشتەمی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان هەستاین نویژمان کردو نانمان خواردو تەراش بوین پاش ئەوە لەگەل عبدالحکیم ئەفەندی چوینە دەرەوە روەو بازاررو ناوشار ، هـــەندیک بە بازاررا گەرراین ، ناوشاریکی زور پاکو پوختم هاتە بەرچـــاو ، بیجگە لە گورجو گولی بەلدیە وا دیار بو مەردمەکە خویشیان ئارەزوی پاکو پوختی و دیمەن پەرستیان هەیە و مەیلەو شارستانین ، هەمو جورە دوکانو کاسبکاریکی تیدایە . چوین بو ئەو گوزەرە کە شالی زاخوی لی ئەفروشرا ، گوزەریکی باشو شالیکی زوری لی بو ، بەم شالانە خویان ئەلین « شەلو شەپک » . ئەم شالانە دەستـــکردیکی نایابی کوردە لەگەلی ولاتەوە ئارەزوی ئەکەن ، منیش دو توپی زور چاکم کرری بو ئەوە بیکەم بە دەستی جلی کوردی ، لەویوە ویستمان کورری حازم بەگ ببینین ، هەرچەند لە مالیشەوە بو بەلام هـــەر نەماندی . وەکو چومە بنجو بناوانیەوە بیجگە لەوەکە لە ئەمەریکا خویندویەتی بە ارستقراتیەتیکی زور سەیر رائەبویری نایەوی خوی پیشانی کەس بدا ، تەنانەت ئەیانوت چون جاری جاران شازادەکانی رومان جار جار خویان لەسەر لیواری کوشکەکانیانەوە پیشانی خەلکئەدا ئەمیشوە کو ئەوریگەیە گرتیوایە!.

پاشان چوین بو سەرا چوینە لای وکیلی قائمقام حسین بامەررنی ، ئەم پیاوە معاونی پولیسی زاخوبو وە بوبو بەوکیلی قائمقام ، بە ئینسانیکی نازک هاتە بەرچاوم . ئینجا چوین بو تەماشا کردنی کوشکەکە ، ئەم کوشکە کە ئیستە نیوەی پولیس خانەو نیوکەی تری سەرایە قەلایەکی کونەو لەسەر گردیک دروست کراوە بەسەر ئاوی خابورەوەیە ، بەشی ژیرینی لای روبارەکەی وەختی خوی لەدەورەی زودا زندان بوە بەلگەیەکی تأریخي سەیرە ، ئیستەش

مدونة إمارة وتجارة



ئەو بەشە پولیس‌خانەو بەندی خانەیە ، شوێن ماڵە گەورە کوێر نەبوتەوە ! . لەپاش ئەمانە سەیری ئەو دو پردەشمان کرد کەهەر لەناوشارە کەدایەو هی زەمانی حکومەتی عراقیەو وا بەسەر روبارەکەوە . لەوێوە چوین بو جامعامەزن بولای مەلا . مـەلا دەرزی بە فەقیەکان ئەوتەوە ، پاش دەرز ناردی چایان بو هینایین ، هەندی پرسیارم لی کردو ویستم بزانم بەلـگەی دەستنوسی لاهەیە هیچی‌لانەبو ، لە لایەن خویەوە وتی : تا ئیستە ( ٥٤ ) اجازەی عیلمیم داوە بە فەقیان ، لە لایەن شاعر و بەلـگەی دەستنوسی کوردو کوردیەوە هەندی پرسیارم لی کَرد هیچ شتیکی لانەبوو بەلـکو هەر هیچی لی نەئەزانی . بو چونیەتی ژیانی فەقی لیم‌پرسی . وتی ئەمە بەینیکە لەسەر تەگبیری من‌و حاجواغا ئەوانەی کە توزی دەستیان هەیە هەر مانـگی شتیک بدەن‌و ئەم پارەیە لەلای پیاویک دائەنری مانـگ بە مانـگ فەقیان مەساریفیان چی ئەبی لەو پارەیە خەرج ئەکەن‌و ئیتر راتوو شتە نا کەن ، وە ئەمە سەمانـگە ئەم ئیشە ئەکری‌و مانـگ بەمانـگ رو لەزیادەیە ، ئیستە فەقی شاری زاخو بەم جورە بەخیو ئەکرین ، پاشان ئیتر هەستاین هەتینەوە و کەوتینە خومان بو ئەوە بچین‌بو دهوک و زاخو بەجی بیلین .

* * *

لەپیش بەجی‌هیشتنی زاخودا پیویستە بە جوریکی تیـکرایی شتیکی لی بزانین : ـ

زاخو نزیکەی (٢٥٠ / ١) ماڵی ئەبی ، سەر ژماری ناوشار ( ٨/٢٢٥ ) کەسە ، هی هەمو قەزا (٧٧٤ / ٣٩) کەس ، پرروژەی ئاو و کارەبای لی‌یە ، مەردمی ناوشار هەمو جورە ئیش‌وکاریکیان هەیە ، بە تایبەتی « شال ـ کر » کردن سەرمایەیەکی تجارەتە بو ئەوی ، هەمو جورە میوەیەکی هەیە ، تەبیعەت هەمو شتیکی تیدا دروست کردوە ، هەواکەی سازگارە ، ئاوی هـەیە و روباری خابور ـ کە لە بناری ئەنادولەوە دیت ـ کەلـکیکی باشی هـەیە ، دەشتیکی زوری هەیە ، هەروەها کیوو چیای پر لە دارو دارستانی زورە ، کیوەکانی تورکیای هەمو لیوە دیارە ، سنوری تورکیا لەوێوە زور نزیکە ، هاتو چو بو تورکیا ئەکری ، لەوێوە شتومەکی وەکو رون و ماڵات دینن ئەیفروشن ، ئەمە تجارەتیکی بە زاخوداوە . زاخو لە هەمو رویکەوە ئامادەیە بو هاوینە هەوار . جلوبەرگی ئەو دەورە هەمو شەل‌و شەپکەو جامانەیەک بە دەستوری لەچک ئەدەن بەسەریاناو جامەدانەیەکی‌تر ئەبەستن بە دەوریەوە، ئەمە دەستوری پیاوانیانە ، ژنانیش جلوبەرگی کوردی‌یە ، ئەفەندیشی تیا هەیە . مەکتەب و پوستەخانە و دوکتوری تیدا هەیە ، ویستم سەر ژماریکی قوتابی مەکتەب وەربگرم پیم نەکرا .



ئەم ولاتە بە هیچ جور نازانن کوردی بخوینەوە ، لەم روەوە زور دواکەوتوون ، هەستی زوریان بەلای ئەوەدا ناچی ، هی‌وایان هـەبو کە قسەی کوردی نوسین‌و خویندنەوەم لەگەل ئەکرد ملیکی با ئەداو بەلایەوە شتیکی سەیر بو وەکو تا ئیستە گویچکەی بەو قسەیەئاشنا نەبوبی وابو ، بەلام ئەم دەستەیە وەنەبی زوربن ، دەستـــەی خویندەواران زیاتریان ئەو باوەررەیان هەیە کە ئەبی زمانی کوردی پی بنوسری و پی بخوینریتەوە . هەستی کوردی وەنەبی خراپ‌بی . ئەوی ئەمانەی دواخستوە ئەوەیە کە ئەلین ئیمە نازانین بە زمانی سوران بخوینین‌و بخوینینەوە ، ئەمەیە زیاتر بوە بـەهوی پاش کەوتنیان ، منیش ئەم وت تو بە شیوەکەی خوت بنوسە و بخوینەوە ئـەم نوسینەی تو بە دوایی پەررت ئەبی و ئەکەویتە ولاتی سورانەکان هی ئەوانیش ئەکەویتە ئیرە لە ئاخرا ئەم نوسینانە ئەبنە هوی لیـک تی گەیشتن .

لەهەمو ئەم ولاتانەدا زمانی کوردی لە مەکتەبا ناخوینری . تەنانەت رادوی بەشی کوردیش زور کەم ئەکەنەوە. لەلایەن شعرو ئەدەب‌و بەلـگەی کوردیەوە قسەم لەگەل هەرکەس ئەکرد ئەیوت : « ئەزبەنی ئەز نزانم . » . هی‌وا هەبو زور بەم شیوەی خومە قسەم لەگەل ئەکردو ئەویش گوی بو ئەگرت

مدونة إمارة وتجارة



واتی ئەگەیشتم کە چاکی زانیوە کەچی لە ئاخرا ئەیوت : « ئەزبەنی ئەز نزانم تە چە دبیژی ! » ووشەی « ئەزبەنی » لە هەمو ئەو ولاتەدا زور باوی هەیە و لەباتی ووشەی « قوربان » ئەیلین ، « سەیدا » ش لەباتی ماموستا .

لەبەر ئەوە زاخو زور نزیکە بە جزیرو بوتانەوە شیوەی قسەکردنیان گەلیك لەوانەوە نزیکە ، کوردیکی سوران و یەکیکی ئەوان ئەگەریانەوی لیک تی بگەن ئەبی زور بەلەسەر خویی و دانە دانە قسەبکەن ئەگینا لیک تی ناگەن .



# دهوك

سەر ژماری ناوشار ( ٦/٤٦٤ )
هی هەمو قەزا ( ٤٣/١٧٢ )
زاخو ـ دهوك ( ٥٣ ) کیلومەتر

ئەوەبو وتمان هاتینەوە بومالی حاجواغا ، حاجواغا تەلەفونی کرد بو دهوك بو شیخ نورمحمدی بریفکانی کە فلان کەس ئەبی بەمیوانی ئەو . شیخ نور محمد لەبنە مالەی شیخی بەرمال و کورریکی گەنج و نائبە لە پارلەمانی عراق و منیش خوم ئەمناسی دوستایەتیمان هەبو ـ پاشان ئوتوموبیلیان هینا لەسەر کیسەی حاجواغا لەگەل عبدالکریمی هاو رریمدا سواربوین و لە سەعات ٤٥ ـ ١١ دەقیقە بەری کەوتین بو سەعات ١٠ ـ ١ دەقیقە گەیشتینە دهوك ، دهوك ـ زاخو ( ٥٣ ) کیلو مەترەبو . من چومە مالی شیخ نور محمد و عبدالکریم هەربەو ئوتوموبیلە چوەوە بو موصل . شیخ چاوەرری ئەکردم نانی دروست کردبو نانمان لەسەرمیز بە کەوچك و چنگال خواردو توزی حەسامەوە ، سەعات ٥ چوینە دەرەوە چوین بو نادی ، احمد شالی مدیری ناحیەی ئەوی بو دوستم بو گەلی سەرزەنشتی کردم کەبو چ نەچومەتە لای ئەو . نادیەکە خراپ نەبو موظفەکانی تیدا کو ئەبونەوە ، ئیشی ئەویش هەر تاولی و یاری کردن بو بە قاقەز . پاشان قائمقام عبدالرحمان عطار هاتە لامان ، دەستمان کرد بە قسەکردن ، لەچونیەتی ادارەی ئەم شارە زور رازی نەبو ، سالەبەر هەر شتیك بو . لەپاش ماوەیەك قائمقام بە ئوتوموبیلەکەی خوی بردینیەوە بومالی شیخ و خوی رویشت .

لە دیوانی شیخ دانیشتین هەندی کەس هاتە لامان وەکو سعید ئەفەندی مفتی و خالە طاهر . خالە طاهر پیاویکی قسەخوش و قسەزان و نوکتەچی بو ، لە لایەن شعراو ئەدیبی کوردەوە قسەم لەگەلی کرد ئاگاداریەکی نەدامی بەلام

واتی ئه‌گه‌یشتم که چاکی زانیوه ...
ته چه دبیژی ! » ووشه‌ی « ئه‌زبه‌نی » له هه‌مو ئه‌و و...
له‌باتی ووشه‌ی « قوربان » ئه‌یلین ، « سه‌یدا » ش له‌باتی ماموستا .

له‌به‌ر ئه‌وه زاخو زور نزیکه به جزیرو بوتانه‌وه شیوه‌ی قسه‌کردنیان گه‌لیك له‌وانه‌وه نزیکه ، کوردیکی سوران‌و یه‌کیکی ئه‌وان ئه‌گه‌ربیانه‌وی لیك تی‌بگه‌ن ئه‌بی زور به‌له‌سه‌ر خویی‌و دانه دانه قسه‌بکه‌ن ئه‌گینا لیك تی ناگه‌ن .



روژی «٣٠» که روژی نوهه‌می کاروانه‌که‌م‌بو هه‌ستام نویژم کرد . ره‌وشتی ئه‌م ولاتی دهوك و زاخویه به‌یانیان قاوه‌یه‌کی شه‌کرلی له خورینی دینن ، ئه‌و ... دیانه هینا خواردمه‌وه و خاله طاهر هاته‌وه بولام ، بریار وا بو که شعری ... ته‌یرا»م بوبینی ، حه‌قیقه‌ت چه‌ند دانه‌یه‌کی هینا بو به‌لام‌هه‌موی چه‌وت بو.

... له گه‌ل شیخ ده‌رچوین بو ناوشار ، کوشکه‌که‌ی شیخ ... نه مزگه‌وتیك و پاشان حاجواغا ، ... بو دهوك ... برینکانی که ... ئه‌و . شیخ نور محمد له بنه ماله‌ی شیخی ... له پارله‌مانی عراق‌و منیش خوم ئه‌مناسی دوستایه‌تیان هه‌بو ... بیلیان هینا له‌سه‌ر کیسه‌ی حاجواغا له گه‌ل عبدالکریم ... له سه‌عات ٤٥ ـ ١١ ده‌قیقه به‌ری که‌وتین بو سه‌عات ١٠ ـ ١ ده‌قیقه گه‌یشتینه دهوك ، دهوك ـ زاخو ( ٥٣ ) کیلو مه‌تره‌بو . من چومه مالی شیخ نور محمد و عبدالکریم هه‌ر به‌و ئوتوموبیله چوه‌وه بو موصل . شیخ چاوه‌رری ئه‌کردم نانی دروست کردبو نانمان له‌سه‌رمیز به که‌وچك و چنگال خواردو توزی حه‌سامه‌وه ، سه‌عات ٥ چوینه ده‌ره‌وه چوین بو نادی ، احمد شالی مدیری ناحیه‌ی ئه‌وی بو دوستم بو گه‌لی سه‌رزه‌نشتی کردم که‌بو چ نه‌چومه‌ته لای ئه‌و . نادیه که خراپ نه‌بو موظفه‌کانی تیدا کو ئه‌بونه‌وه ، ئیشی ئه‌ویش هه‌ر تاولی‌و یاری‌کردن بو به قاقه‌ز . پاشان قائمقام عبدالرحمان عطار هاته لامان ، ده‌ستمان کرد به قسه‌کردن ، له‌چونیه‌تی اداره‌ی ئه‌م شاره زور رازی نه‌بو ، ساله‌به‌ر هه‌ر شتیك بو . له‌پاش ماوه‌یه‌ك قائمقام به ئوتوموبیله‌که‌ی خوی بردینیه‌وه بومالی شیخ و خوی رویشت .

له دیوانی شیخ دانیشتین هه‌ندی که‌س هاته لامان وه‌کو سعید ئه‌فه‌ندی مفتی و خاله طاهر . خاله طاهر پیاویکی قسه خوش و قسه‌زان‌و نوکته‌چی بو ، له لایه‌ن شعراو ئه‌دیبی کورده‌وه قسه‌م له‌گه‌لی کرد ئاگاداریه‌کی نه‌دامی به‌لام

مدونة إمارة وتجارة



خوی شعرو نوکتەی ئــەزانی .

هەر وا لەگەل شیخ نور کەوتینە قسەکردن و من باسی زمان و ئــەدەبی کوردیەم کردو وتم ئەم زمانەی ئیمە لەشانیا هەیە کە بە هەمو جور پیش بخری کەچی لەم ولاتەدا وەکو من ئەبینم ئەوەندە بە تەنــگیەوە نین ؟ . سەیرم کرد پەژارەیێک روی تی کردو بە دەردە دلیکەوە وتی :

« ماموستا ئەوی سلیمان نظیف والی موصل کردی لە دەوری عبدالحمیددا بوچ هیچی بە ئیمە هیشتوە ؟! بەبی سوچو لەسەر هیچ هینای بابای من ـ شیخ نور محمـــدی گەورە ـ بەریشی سپیەوە لەگەل شیخ بهاء الدینی بامەرزنی و شیخ عبدالسلامی بەرزانی گرتنی . ئەم سە شیخە پایە بەرزە کەلەسەر بەرمال ری بەدینی دیانەتیان بو خەلــک ئەکرد . بردنیە موصل . شیخ عبدالسلامی خنکاند ، شیخ بهاء الدین نیررایەوە ، شیخ نور محمـدی خستە زیندانی خنــکاندنەوە ، لەپاش پینج روژ لەبەر نەخوشی بردیانە خەستەخانە زوری پی نەچو لەویدا مردو لەپاشا نەیهیشت تەرمی ئەو پیاوە بەرزەشمان دەستــکەویتەوە هەر لەموصل ناشتیان ! . ئەم کارەساتەش لەسەر هیچ نەبو تەنها لەسەر ئەوەبو کە ئەمانە وتبویان بە بابی عالی کە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامي لەم ولاتەدا بەجی بهینری و زمانی کوردی بخوینری . سلیمان نظیف لەبەر سەرکەوتنی پایەی خوی هات کارەساتەکەی بە جوریکی تر گوردریو ئەم کەتنەیدا . »

وتم یاشیخ کی لە عبدالحمید رازی بو تابابی توی لی رازای بی ؟. ئەو دوورە دەوری عبدالحمید بو ، ئیستە دەوری خاوەن شکوە ملــک فیصلی دوهەمە ، ئەو دوشتە کە ئەوان داوایان کردبو ئیستە لە دەوری ئەم بنەمالەی پادشاهیەدا هەیە ، ئیستە ئەگەر زمانی کوردی پی بخوینری وەنەبی کەس بی بلیت پی مەخوینە . وتی : « وایە بەلام من بویە ئەمانەم وت کارەساتی سلیمان نظیف زور دلی پرر کردبوم » . لەباش ئەم قسانە ئیتر چوین بو نان خواردن ، من لەبەر ئەوە لەشم تیکچوبو نانم پی نەخورا ، لە سەعات دەدا نوستم .



روژی «٣٠» کە روژی نوهەمی کاروانەکەم بو هەستام نویژم کرد . رەوشتی ئەم ولاتی دهوک و زاخویە بەیانیان قاوەیەکی شەکرلی لە خورینی دینن ، ئەو قاوەیانە هینا خواردمەوە و خالە طاهر هاتەوە بولام ، برریار وا بوکە شمری «فەقی تەیرا»م بو بینی ، حەقیقەت چەند دانەیەکی هینابو بەلام هەموی چەوت بو.

نانمان خواردو لەگەل شیخ دەرچوین بوناوشار ، کوشکەکەی شیخ کەوتبوە سەر کیویک لە سەراوردی شارەکەوە . چوینە مزگەوتیک و پاشان چوینە مزگەوتی گەورەو لەحجرەی مەلادا دانیشتین چایان بوهیناین خواردمانەوە ، تەماشای تأریخی مزگەوتەکەم کرد ( ٢٨٠ ) سال بو دروست کرابو ، لە لایەن ئەدەبی کوردیەوە لەویش هیچم دەست نەکەوت . ئینجا چوین بوسەرا بولای احمد شالی و بولای قائمقام . احمد زوری لی کردم کەنیوەررو لای ئەوونان بخوم قسەم دایە و لەپاشا پیاوەکەی شیخ نور محمد لەگەلم هاتو چوین بو گەررانی ناوشار .

گەررایین بە کولانەکانا زور ناهەموارو پیسو پوخل بون ، لەویوە چوین سەریکم لە کەنشتەی فەلەکاندا ، قس فـــەرەنسیس پیاویکی گەنجی تازە پی گەیشتوو بو هات بە پیرمانەوە ، هاتو دانیشتین و قاوەیان هینا ، دو قوتابی گەورە ـ کە مبادئی لاهوتیان بو ئەوە ئەخویند بین بە کەشیشو لە تلــکیف ئەیانخویند و بە میوانی هاتبونە ئەوی ـ ئەوانیش هاتن دانیشتن ، دەستمان کرد بە قسەکردن و هەندی پرسیارم لی کردن لە لایەن ئایین و فەلسەفەوە ، زمانی قسەکردنمان عەرەبی بو ، وەلام هەر لە لایـەن قس فەرەنسیسەوە ئەدرایەوە . هاتینە سەر ئەوە کەقسوراهب چون نەفسیاً ئەبی ژن نەهینن ؟ . قس فەرەنسیس وتی :

« ئەگەر یەکی شتیکی کرد بە ئامانجی خوی ئیتر هەمو شتیکی تری لەبیر ئەچیتەوە ، ئیمەش خوا ئەکەین بە هەدەفی خومان و هەمو شتیکی ترمان لەبیر ئەچیتەوە » . وتم ئەمە کە پیاو شتیکی کرد بە هەدەفی خویو هەمو شتیکی تری لەبیر ئەچیتەوە راستە بەلام ئایا ئیوە روت بونەتەوە لە عالەمی ئینساني و نەفسي

مدونة إمارة وتجارة



یان نەأ ؟ وتی : « دیارە بەو ناوەوە کە بە شەرین روت نەبوینەتەوە . » وتم « کەواتە یەکیک وەختیک ئەتوانی کە خوای کرد بەئامانج هەموشتی تری لەفیکر بیچتەوە کە ئەو کەسە لەگەل نوری خوادا بی بە یەکئ و « وحدتی وجود » پەیدا بوبی وەکو هەندی لە شیوخی ئیسلام و نصارا کە تأریخ باسیان ئەکاو گەیشتونەتە ئەوحالەکەپی ئەلین «المثل العلیا» ئایا ئیوە گەیشتونەتە ئەوحالە ؟.» وتی نەگەیشتوین ، وتم کەواتە خوا نەکرا بە ئامانجی تەواو ، کە ئەمەنەبو شتی تر وەکو عالەمی ژیانی جنسی بی لە فیکر نەچوەوە ! . . توزی وەستاو وتی « ئیمە بوچ قسەلەمانەوە بکەین ! . » وتم هیچ و ئیتر هەستاین .

لەویوە چوینە مزگەوتیک نویژی نیوەررومان کرد ، رواڵەتی کلیسەکە زور پاکئ و پوخت بو بە پیچەوانەی رواڵەتی مزگەوتەکە . هاتمەوە بومالی احمد نیوەرروژەمان کرد و ئوتوموبیل ئامادە بو بو ئامیدی ، تاقەکەسیک تائەوی نیو دینار بو تەماشا ئەکەم احمد بەبی ئەوە من بزانم پارەکەی داوە ، لەوی هاتینەوە بو کوشکی شیخ نور محمــــد ئەویش هات بەری کردمو وتی تەلەفونم کرد بو ئامیدی بو محمد سعید ئەفەندی مفتی کە فلان میوانی تویە . سەعات ٣٠ـ٢ ی پاش نیوەررو لە دهوکئ دەرچوین .

* * *

لەپیش ئەوەدا بە تەواوی لی دەرچین پیویستە توزیکی تر لەکەینو بەینی دهوکئ تی بگەین : ـ

جاری کە چاوت بە ریبازی « دهوکئ ، دەرگەلی شیخ و قاشەفەرر » ئەکەوی کارەسات و بەربەرەکانی ئاشوری و ئورارتوەکانت ئەکەویتەو بیرکە چون روزگار ئەوانی شاردەوەو شوینی جەنگئو هەرایان وەکو کونە بەبو ئیستەش هــەی روزگار ئەکا ؟ ! . وەیا « سارگون » ئەبی ئەم لەم ناوەدا چەبارەگاو قەلاو کوشکیکی راکیشابی و ئیستە سەرنگون بووە و بووە بە واتەی روزگار ؟!. ئاخو وەختی خوی لیشاوە ترسینەرەکەی تەیموری لەنگئ لەم



دەربەندانەوە چون پەلاماری ولاتی دجلەی دابیو بەچە عەنعەناتیکەوە خیوەتی لەو ولاتەدا هەلدابی وائیستە نە ناویکی لەو ولاتەدا هەیەو نە نیشانیک ؟ ! . ئەوانە هەمو ئــــەررون و رویشتون ئەوی ماوەتەوە خاکی کوردانە و لەبو کوردانە .

ئەم شارە ( ١،٢٠٠ ) مالیک ئەبی ، سەر ژماری ناوشار ( ٦٠،٤٦٤ ) کەس ، هی هــەمو قەزا ( ٤٣،١٧٢ ) کەس . مەرکەزی قەزاو مودیری ناحیەیە ، لە هەمو قەزاکانی موصل بە ئەهــەمیەتترە ، کارەبای تیایە ، پرروژەی ئاوی تیدانییە ، هەروەها مەکتەبیشی تیدایە ، پینج مزگەوت و کلیسەیەکی تیدایە ، گەررەکی فەلەکان جیایە ، بازارری هەیە بەلام زور ریکوپیکئ نییە ، میوەهاتی زورە ، هەوای خراپ نییە ، دەشتی زورترە تاکیوی ، مەردمەکی روخوشن ، جلوبەرگیان شەلوشەپک و جامەدانەیە ، جلی ژنان جوانتربو . تاقە خیابانیک لەناوشار هەبو خراپ نەبو ، نادیش هەر خراپ نەبو . هەژاری دەستی ئەررروا لەم ولاتەدا .

* * *

مدونة إمارة وتجارة



# ئامیدی

سەر ژماری ناوشار ( ٢٬٨٨٧ )
هی هەمو قـــەزا ( ٤٧٬٦٤٩ )
دهوکـ ـ ئامیدی (٩٤) کیلومەتر.
دهوکـ ـ موصل (٧٣) کیلومەتر.
بەریگەی ئوتوموبیل

لەدهوکـ دەرچوین رو بە روی ولاتیکی تر ، رو بەروی ولاتی دارستانو جەنـگەلستان و کیوو چیا ، کیوەکان وات ئەهاتنە بەرچاو کە تارایەکی سەوزیان بە سەرا دراوە ، دیمەنە تەبیعیەکانی ئەو ولاتە گەورەیی‌یەکی تازەتری خوا دەرئەخەن. ریگە قیرتاوو خراپ نەبو بەلام پیچەو سەرە و خوارەو سەرەو ژورەی هەر زور زور بو. بە سەعاتو نیویکـ (٢٣) کیلومەتری دهوکـ ـ زاویتەمان بردی.

زاویتە هاوینە هەواریکی نایاب بو ، داری سەنەوبەرو بە روو دەورەیان دابو ، خوررەی سەرەو خوار بونەوەی ئاوەکان بو بو بە موزیقا بو ئاهەنگی هەلبەرینی گیاو گولستانە زورەکەی ئەوناوە . زاویتە خوی گوندیکە لە شیمالی روژاوای دەربەندی ریگەکەوە ، بە ( ١٬٠٤٧ ) متر سوارە بە سەر دەریادا . لە دەربەندەکەدا ئوتیلیکی تازە دروست کرابو چەند جوانـکیلەبو ، تەپولـکەیەکی وەکو دەستـکردم بەرچاو کەوت کە بە جوری هەندەزی چاند بویان و هەر گولیکی کرابو بە چەشنە گولوشتیک .

لە پاش چاوپی کەوتنی ئەمانە ئوتوموبیلمان لی‌خوردری روەو «سوارەتوکە». ئەوە هەر سەرەو ژور ئەبینەوە ، ( ١٧ ) کیلومەتری زاویتە ـ سوارەتوکە ـ شمان بەجی‌هیشت ، چوینە سەر ئەو هاوینە هەوارە کە ( ١٬٥٠٧ ) مەتر لە روی دەریاوە بەرزترە . لەم سوارەتوکەیە ادارەی ریگەی ئاسن چەند خانویکی باشی تیدا دروست کردوە بوکار بە دەستان وە یا بو سەیرانـکەران کە



هاوینان بچنە ناوی. بە بورریە ئاوهینراوەتە سەر ریگاکە ـ ئاوی خواردنەوە ـ ئاوەکە ئـــەوەندە ساردبو ئەتوت تەرزەیە . ئینجا لەویش بە ري کەوتین روەو « سەرسنـگکـ » .

بەخوا ( ٢٢ ) کیلومەتری سوارەتوکە ـ سەر سنـگیشمان بەری کرد ، وا دیارە نزم ئەبوینەوە بویە سەرسنـگکـ لە روی دەریاوە هەر ( ١٬٠٤٦ ) مەتر بەرزبو . ایرەدا ئوتیل و گازینو و لوقەنتەو ئەمانەی لی‌یە . کوشکی پادـ شاهی سەری بردوتە کەشکەشانی فەلەکـ . خاوەن شکوهی عراق هەموجار لە هاوینانا ئەچیتە ئەوی . مؤتمر و کاروباری سیاسی دەرەوەو ناوەوە بی خاوەن شکوە لەبەر ئەوە لەوی ئەبی ئەوانە لەوی ئەبن . بە کورتی سەرسنـگکـ لە هەمو رویکەوە پایەی هەیە . شوینەکەی دەشت و پانایی‌کی زور گەورەیە لە سەرسنـگی کیوەکانە . ناوەکەی « سەرسنـگکـ »ەو « سەرسەنـگکـ » نی‌یە ، کوشکەکان لەوی کراون ، هەواکەی سافو ناخوش نی‌یە. گەلی کەس لە بەغداو لە ولاتانەوە بو هاوینە هەوار ئەچنە ئەوی . کە ئیمە گەیشتینە ئەوی سەعات پینج بو ، لاماندا توزی حەساینەوەو چامانخواردەوە و پاشان رویشتین . هەندی چوین بەولاوە گەیشتینە « سکرین » . سکرین دەشتیکە هەر بە لاپالی کیوەکەوە سالی پار قوتابیەکانی « دانشسار » ـ الـکلیة ـ بو تەدریبو راهاتن نیررابون بو ئەوی . پاش ئەوە کە ( ٢٢ ) کیلومەتری سەرسنـگکـ ـ سولاف یشمان بردی بەسەر گوندی فەلەکانا گەیشتینە دەرـ بەندی « مزورکا » کە سولاڤە .

لەسەر جادەکە لە تەنیشت چاخانەیەکەوە وتیان سەرەوخوار ئەچی بومالی مفتی ، ئیتر ریگەی ئوتوموبیل نەبو دابەزیم منداليکـ باولەکەی بو هەلـگرتمو سەرەخوار بوینەوە ، منداله‌کە لە مەکتەب ئەیخویند وتی باوکم نی‌یە منیش شتیکـم دایە . کە چوم مفتی لە حەوشەی مەدرەسەکە دانیشتبو دو سە ئەسکەملی دانابو چاوەری ئەکردم ، سەعات شەشی تەواو گەیشتمە ئەوی .

مدونة إمارة وتجارة



ئەم مەدرەسەیە لەناو روبارەکەدا بو مالی مفتی لە تەنیشتیەوە بو .

مەدرەسە کوشکیکی کون بو بەشی جنوبو روژەلاتەکەی روخابو دو سە حوجرەو بەرهەیوانەکەی مابو ، بە بەر هەیوانەکەدا لەناو دیوارەکە ئاو ئەهاتە دەرەوە ، دو حەوزی بچکولە لە هەیوانەکەدا بو ئاوەکە ئەهاتە ناو ئەوانەوە ، ئەم هەیوانە لە بەردی مەررمەرری زور نایاب دروست کرابو ئەیانوت ئەمە سلطان حسینی عەباسی لە ( ٩٨١ )ی هجریدا دروستی کردوە . لەو ولاتەدا بویە بەم سلطان حسینە ئەلین عباسی گویا ئەچیتەوە سەر خەلیفەکانی عباسی ، لەگەل ئەوەدا وانی‌یە ، ئەم پیاوە بویە پیان وتوە عباسي چونکە باپیرە گەورەی عباس ناوبوەو کوردو هەر ئاغاو پیاو ماقولی ئەو ولاتە بووە . بەلام تەرزی بناو بەردەکە گەلی لەو تأریخە کونتر بو ، لە وەختی خویدا ئەم مەدرەسەیە ( ١٥٠ ) فەقی تیدا بوە و مدرسی نایابی هەبووە ، وەقفیکی زوری بو کراوە کە ادارەی ئەم مەدرەسەو فەقی و مەلایە سەر بە زیادەوە بدا ، ئیستە تەنها تاقە فەقیەکی تیداهەبو ، وەقفەکەشی گەلیکی ماوە ، ئەم مەدرەسەیە بە مەدرەسەی « قوباد » بە ناوبانگە ، سەیرتر ئەوەیە ئەم قوبادە کورری ئەوسلطان حسینەیە کە لە پیشەوە وتم ! .



کوشکی مەدرەسە نایابەکەی قوباد لە ئامیدی .

مفتی خوی ناوی محمـــدو کورری سعید ئەفەندیە پیاویکی گردە پیاو و لە دەوری پەنجا پەنجاو سە سالی‌دا بو ، وەکو خوی بوی گیررامەوە بەرەی ئەمانە چوار سەد سالیک ئەبی هەر لە ئامیدی بە مفتیەتی هاتونەتە خوارەوەو ئـەچنەوە سەر حەیدەریەکانـ ، بەلام وا دیارە ناوی مفتیتی لەو بنەمالەیەدا ئیتر نەمینی چونـکە مفتی هیچکام لە کوررەکانی نەخستوتە خویندنی مەلایەتی . مفتی خوی



پیاویکی نوکتەزانو قسەخوشە ، لەچەنـ لایەکەوە لە لایەن حکومەتەوە مانـگانەی هەیە . ژیانی باش بو ، تەنـکە ریشیکیشی هەبو .

بانـگی شیوان هاتە پیشەوە نویژمان کردو دو سە دوشەکـ لەبەر هەیوا- نەکە راخراو چوینە ئەوی نان دروست کرابو هینایانـ نانمان خواردو سەماوەریکی هەشتەرخان تی‌خرابو سەماوەریان هیناو قوریەی‌عەجەم لەسەری ، سەماوەر گیزەی ئەهاتو فەقی ئەحمەد چای تی ئەکردو ئیمەش وردە وردە دەستمان کرد بەقسەکردن لە هەمو رویکەوە! لەمنی پرسی کە توچیتو ئیشت‌چیە؟ منیش لەبەر ئەوەکە زیاتر تەکلیف نەکیشی وتم هیچ وەزیفەیەکم نی‌یەو پیاویکی دەرویشم . کوتوپرر هەستم کرد ئیتر گەرمیەکی وای لەگەلم نەما ! . کەوتینە باسی شعرو ئەدەبو زمانەوە ، منو ئەو بە جوانی لیکـ تی ئەگەیشتین بەلام ئەوانەی لەوی دانیشتبون لیم تی‌نە ئەگەیشتن بە ناچار کەوتمە سەر شیوە قسەکردنەکەی ئەوان . لەبابەت ناوی ئەندامەکانی لەشەوە هەندیکی پی‌وتم و نوسیم . لە شعرو زمانی کوردی‌دا زور بی ئاگابو وتی ئیمە وەیا من ئەوەندە گوی بەم جورە شتانە نادەین . وتی من پیاویکم حکومی ! .

وتم ئەفەنـــدی من پیاویکی سیاسی نیمو دەخلم بەسەر سیاسەتەوە نی‌یە ، من قسە لە زمانەوە ئـــەکەم یا لە شتیکی‌ترەوە ? ! . توزی لە خوی بوردەوەو وتی بویە ئەلیم چونـکە ئیمە نازانین بە کوردی بنوسین . ئیتر بەم‌جورە رامانبوارد هەتا درەنگیکـ پاشان ئەو چوەوە بومالەوەو منیش لەوی نوستم ، سەرمای ئەو شەوە بە جوریکـ بو ئەگەر هەر توزی لیفەکەم لەسەر لابچوایە سەرمام ئەبو .

شاری ئامیدی لە هاوینانا ناوشارەکە بەجی دیلن مەگەر هەندی پیاوی هەژارو دوکاندارەکان نەبی ، سەرەو خوار ئەبنەوە بو هاوینە هەوار ، دانیشتوی شارەکە دینە بەشی روبار ، ئەم شوینە هەمو باخو باخاتە ، هەر مالیکـ دینە سەر رەزوباخی خوی لەوی کەویل یا خانویکی کردوە و تیایا

مدونة إمارة وتجارة



دائەنیشی . دەوایری حکومەت ئەچیتە بەشی سەرەوە ، ئەم بەشەی پی ئەلین « سولاف » . سولاف واتە : سیلاف ـ سیلاو ـ لافاو . سەرچاوەی ئاوەکان هەمو لە سولافەو لەویوە ئەچیتە بەشی روبار .

روژی یەکی ئەیلول ـ کە روژی دەیەمی کاروانەکەم بو ـ هەستامو تەراشم کرد ئاوی گەرمم دەست نەکەوت هەروا پیستە رنم کرد ! پاشان نانو چامان خواردو لەگەل مفتی چوین بو سولاف ، بە پیان سەرەو ژور بوینەوە تا گەیشتینە ئەوی چارەکە سەعاتیکی خایان . سولاف تا ئەگاتە ناو شاری ئامیدی بە ریگەی ئوتوموبیل ( ٥ ) کیلو مەترەیەو ریگەی بو خوش کراوە .

کە چوین دایەرەکانی حکومەت هەمو لە کەپرا بون . دیعەنو شوینی سولاف یەکیکە لە هەوارگە هەرە چاکەکانی کوردوستان ، ئاو و باخیکی زوری هەیە ، لە هەمو لایەکەوەکانی ئاو هەلئەقولی بە هەمویانەوە روباریک دروست ئەکەن ، لە چەند لاوە تافگەی زیوین قەلبەزە ئەکا ، تاقە یەکی لە تافگەکانی ( ٢٥ ) مەتر بەرزبو ، ئاوەکەی زور ساردو سازگارە ، هەر یەکە لە کانیەکان هیناویانە وەکو گومەزی سەرەکەیان گرتوەو هەر یەکە سە بورریەی پیوەیە ئاو باسقەنە ئەکا ، هەمو جورە دارو درەختیکی لی یە ، لەبەر دار ریگەی رویشتن کەمە ، بەشی روبار و سولاف پرریەتی لە چنار . سولاف کەوتوتە بەینی سە چیای زور بەرزو دریژەوە ، چیای « مەتینا » کەوتوتە پشتیەوە کە بەرزاییـــەکەی ( ٦٬٨٧٠ ) پی بەرزە ، چیای « بەشیش » کەوتوتە تەنیشتیەوە کە ( ٦٬٣٥٠ ) پی بەرزە ، چیـــای « گارا » یش کەوتوتە بەرەی روژەلات بەرانبەر بە شارەکەوە بە بەرزایی ( ٦٬٦٧٠ ) پی . ئەم کیوانە هەمو دارستانن . سولاف خوی لە ناو گەلیەک دایە کە پی ئەلین « مزورکا » گەلیەکەش کیوەکان بوی بوون بە پەرژین ، ئەم شوینە نزیکەی ( ١،١٥٠ ) مەتر بەرزە لە روی دەریاوە . ئەتوانین لە ریگەی دەربەندەکەوە بە سواری ولاخ بە نزیکەی سەعاتو نیویک



بچینە « سەر عمادیە » کە ئەم شوینەش هاوینە هەواریکی بەناوبانگ و بە ( ١٬٩٨٥ ) مەتر بەرزە لە روی دەریاوە . گەرما لەم وەختەدا لەوی بە روژ لە ٢٢ تا ٢٦ دەرەجەیە . لە سولاف ئوتیل ، گازینو ، چاخانە ، چیشتخانە نادی موظفین ئەمانە هەمو هەنو بەپی‌ی شوین و جیگە ریکوپیکیشن .

ئیمرو فەرمانی شاهانە ئەخوینرایەوە بو سەربازە تازەکان کە ئەیانهینن بو خزمەتی بەیداخ ، ئەو دەستورە لە سولاف لە لایەن قائمقام و موظفینەوە جی‌بەجی کرا .

پاشان لەگەل مفتی چوینە شوینی « زەکی ئەفەندی » . ئەم کوررە گەنجیک بو خەلکی ئامیدی و لە حقوق دەرچوبو لەوی محاماتی ئەکرد . ئامیدی هەر ئەم محامیەی تیدا بو . لەویوە چوین بولای قائمقام « حسام‌الدین عمری » زیارەتیکمان کردو چوین بولای ئیبراهیم‌عزیز دزەیی کە حاکم بو لەوی ، ئیبراهیم دوستم بو ، من فیکری لای ئەوم هەبو وا بوم بەریشی مفتیەوە ! . ئیبراهیم زور سەرزەنشتی کردم کە نەچومەتە لای ئەو .

لەو بەینەدا مفتی وتی من توزی ئیشم هەیە ئەچمو ئەگەرریعەوە بولات . زوری پی‌نەچو بەم کاغەزە بانگی کردمەوە : ـ

« فضيلة الاستاذ علاء الدين أفندي المحترم .

انتظر تشريفكم في محل زكي أفندي المحامي للنزول الى دارنا في قيهان » .

المفتي محمد شكري ١ـ٩ـ١٩٥٥

ئینجا ئیتر سەرەو خوار بوینەوە بو مالی مفتی بی‌تو ناخوش یاپراخیکمان خوارد ! لە عەسرا برایم ناردی بە شوینما چوم بو ئەوی ، لەپیش چوعا وینەیەکی ئەو مەدرەسەو بەر هەیوانەم گرت . کە چوم کانی‌و انور و عەولاپاشاو نورالدینیش هاتبون هەر بو دیدەنی برایم ، ئەو ئیوارەیە بەخوشی رامانبوارد ، شەوی سەعات یانزە من ئەبوا بهاتامایەوە بو مالی مفتی ، لەوی پولیسیکی خستە تەکم و هاتمەوە . نوینەکانیان شورد بو دوشەکە شرریک مابو

مدونة إمارة وتجارة



لەسەری نوستم .

ڕۆژی ٢ ی ئەیلول کە ڕۆژی یازەی کاروانەکەم بو ڕۆژی هەینی-جمعە-بو لەپاش نانو چاخواردنەوە لەگەل مفتی بەریگەی روبارا سەرکەوتین بو ناوشاری ئامیدی . ریگەکە ناخوشو سەرەو ژورەبو ، بە نیو سەعات بەپیان ئینجا گەیشتین .

شاری ئامیدی و بەلگەی ئامیدی گەورەییکی کونی کورد دەرئەخا . ئەم شارە لەسەر کیویکی تورەکە ریژ دروست کراوە ، تەنها کیوەکە بوخوی قەلایەکە ، ئەم قەلایە دو ناوی هەیە : « ئەشیب » و « ئەلبەق » . ئەم قەلایە « معجم البلدان » نسبەتی ئەداتە پال « عماد الدینی زەنگی » کە لەپاش ئاشوریەکان و لە دەوری ئیسلامیدا بووە ، حمداللەی مستوفی لە « الممالك والمسالك » دا نسبەتی ئەداتە پال « عماد الدولە » ی دەیلەمی لە ٩٤٩ ی میلادیدا . لەگەل ئەوەدا باوەرری من پیچەوانەی ئەمانەیە .

من لەسەر ئەو باوەررم کە ئەم قەلاوشارە لە دەست کردی « میدی »یەکانە ، حوکمرانیی ئەمانە لە « ٧٠٠ ـ ٥٥٠ »ی پیش میلادەوە بوەو ئەمانە باپیرە گەورەی کوردن ، ناوەکەی ئیستەش کەپی ئەلین « ئامیدی » ئەم دەرزەمان ئەداتی . بەلام گورینی ناوی ئامیدی لە کتیبەکانا بە « عمادیە » من بە دوری نازانم کە لە دەوری یەکی لەو دو عماد الدینەدا بوبیتو بەهوی دەستکاری کردنی شارەکەوە ناوەکەیان دابیتە پال خویان .

ئەم شارە لە وەختی خویا هەر چوار دەوری شورە بووە ، لە بەلگەی شورەکە ئیستەش ماوەتەوە ، هەروەها دو قاپی هەبو ، قاپی « سەقاف » یا موصل . ئەویتر قاپی « پاشا » یا زیبار . ئیمە لە دەرگای سەقافەوە رویشتین کە لە روژاوای شارەکەوەیە . لەسەر قاپیەکەوە لەبەرد وینەی دو پادشا هەلکەنراوە کەنیزەیان بە دەستەوەیە ، دیسان لە تەنیشتیشیەوە « پەیکەر ـ تمثال »یکی تر هەیە هی پادشایەکی گەورەیە . ئەمانە بە ئاشکرا دیارنو ناو



ونیشانی لاپەررەی تأریخت بو ئەگیرنەوە ، ئەو قاپیە کەوەختی خوی تیخراوە ئەوەش هەر هەیە . چونیەتیو وینەی ئەم هەیکەلانە لەهی پادشاکانی میدیاو ئاشور ئەچی . لەپاش ئەوە کە ئەم گەورەییە تاسیکی دامی لە قاپی سەقافەوە چوینە ژورەوە ناو شارەکە ، چوینە شوین هەواری ئەمارەتی شەش سەدەو نیوی بادینان ! .

لیرەدا بەبی ئەوە ئاگام لە خوم بی وەستام و کەوتمە گیژاوی ئەو خەیالەوە کە ئەمیرەکانی « بهاء الدينان » بە خویان و بە تفەنگچی و شیر بە دەستەکانی کوردەوە چون لەم شوینەدا بە دریژایی شەش سەدەونیو ناوی ئەمارەتیکی کوردییان بو کورد هیشتوتەوەو ؟ چون ئەم شیربە دەستانەو ئەم تیرەندازانە لە لیواری ئەم شورەو قەلایەوە پاسی ئەمارەتیکی شەش سەدەو نیویان کردوە بو پاشەروژی تأریخی کوردو ؟ ئاخو بە چە جور ئەمیرەکانی بادینان لەم کوشکانەدا راوەستابنو سەرانو سەرکردەکان هاتبیتنو فەرمانیان لیانەوە وەرگرتبی بو گیررانەوەی لیشاوی دوژمنی ئەمارەتی شەش سەدەو نیوی ئەم بارەگا گەورەیە ؟ : . وتم دەک کویربی زەمان وائەو بنەمالەیەت کویر کردەوە ! .

شوینی شارەکە وتمان لەبنەررەتا کیو بووە ، لە سەر کیوەکەشەوە قەلایک کراوە، بیجگە لەشورەکە هەرچوار دەوریشی شاخو داخە. ئەگەر شورەکەش نەبوایە شاخو هەلدیرەکان بوی ئەبون بە شورە ، کە هەر دو قاپی داخراوە ئیتر هیچ لە شکریک نەیتوانیوە بچیتە ناویەوە .

بەناو کولانەکانا ـ ئەو کولانانە کە وەختی خوی رانە ریگەی کیو بوەو ئیستە لوسوپان بوە ـ چوینە مالی زستانەی مفتی بو چاوپیکەوتنی کتیبخانەی مەدەرسەی قوباد .

مالەکەی مالیککی خنجیلانەو حەوزو گولی تیدابو ، چوینە ژوری کتیبخانەکە ، کتیبەکان لە دو دولابی کوندابون ، هەندیکمان دەرهینان توز

مدونة إمارة وتجارة



سەری گرتبون . نرخی ئەم کتیبخانەیە ئەوە بو کە هەموی دەست نوس بو ، دو سەد بەرگیک ئەبو ، لە تەفسیر ، حەدیث ، اصول ، فقە ، نحو ، بەلاغە ، تأریخ و ئەدەب . هەمویشی کون بون . تەفسیری کەبیری رازیم چاوپی کەوت بەرگیکی گەورەبو ، دەستنوس بو حەسەنی کورری احمدی کورری فضلی واسطی لە بەغدا لە (٦٩٨)ی هجری نوسیبویەوە ، خەتیکی جوان و کاغەزیکی نایاب بو . هەندی لەم کتیبانە بەبی نوختە نوسرابونەوە ، لەو باوەرەدام ئەم کتیبخانەیە شتیوای لە بەلـگە تیداهەیە لەکەم شوین هەیە ، داخەکەم لەبەر وەخت درەنـگی بوم ری نەکەوت تەماشای هەموی بکەم ، لەگەل ئەوەدا تەماشا کردنی ئەمانە وەختیکی زور زوری ئەویست . ئەم کتیبانە وقفن لەسەر مدرسەی قوباد .

ئینجا هاتمە دەرەوە و پیاویک لەگەلم هات بەسەر جادەکەدا رویشتین ـ کەشارەکە هەر ئەو جادەیە وجادەیەکی تری تیدابو وە ئەمەیان لە ناوە راستی بازاررەکەوە ئەرریشت ـ چوین بو سەرای کونی حکومەت . ئەم سەرایە دەوریکی زور کونی ئەگیررایەوە . تەنانەت لە دەوری حکومـــەتی عراقیشدا هەمو دەوائری حکومەتی لی بوە ، ئیستە روخینراوەو لە شوینیکی تر سەرایەکی تازە دروست کراوە ، لەم وەختەدا قاپیەکەو سەرقاپیەکەی ماوە ، قاپیەکەی زور گەورەیە بە گولمیخی ئاسن پرد کراوەتەوە ، لەسەر قاپیەکەوە وینەی « پیروزە ـ نەسر » یک هەلـکەنراوە . وینەیەکی ئەم بارە گاکونەشم گرت ، ئینجا چوین بو لایەکی تر کوتوپرد برایمو کانی بە ئوتومو بیلەکەیانەوە هاتن ئیتر پیاوەکە منی بەجی هیشتو لەگەل ئەوان چوم بو گەرران ، سەرای تازەی حکومەتو مەکتەبیک ـ کە دروست ئەکرا ـ ئەوانەمان سەیر کرد ، چوینە پشت شارەکەوە ـ پشت شورەکە ـ لەو ئاسمانەوە سەوینەی ئەو دیمەنانەمان گرت و ئەوان چونەوە بو سولافو من بو مزگەوتی گەورە بو نویژی جمعە .





مەنارە بەرزەکەی مزگەوتی ئامیدی .

چوم بو ئەو مزگەوتە کە مەنارە بەرزەکەی لە هەمو ئەو ولاتەوە دیارە ، چومە سەر مـەنارەکە بانـگویژەکە لەوی بو بە دەنـگیکی ناسوتی بانـگی لەو دەشتە ئەکرد کەبین کررنوش بو ئەو خوایە بەرن کە ئەم شوینو دیمەنانەی پیداون ! منیش لەدلاوتم : « خوایە لیت نزیک بومەتەوە ! خوایە نیازم گیرابکە کوردی بیکەس لەمـە زیاتر پەریشان مەکە ! . »

بە کورتی مەنارەکەی ئامیـدی کیویکە لەسەر کیویکە لەسەر کیویکە ! . هاتمە خوارەوە وینەیەکم گرتو چومە ژوری مزگەوتەکە . ژوریکی زور گەورەبو بەلـکو سە بەش بو هەمو بە پایەو تاق هاتبونەوە ، پایەکان لەبەردو قسل کرابون ، بەشی هەرە دوایی لەوانیتر بەرزتر بو ، ژیری ئەم بەشەی عەمارەتەبو ، ئەم بەشەی تاریکبو . کە چومە پیشەوە شوینی منبەرەکە تەماشام کرد منبەرە ئەسلیەکە نەماوە . ئەو منبەرە ئیستە وا لە موزەخانەی بەغدادا ، ئەو منبەرە تأریخیکی لەسەرە کەلە (٥٤٥)ی هجریدا بو ئەم شوینە دروست کراوە ، ئیتر ئەوەم بو دەرنەکەوت کە ئایا ئەم مزگەوتەش لەگەل ئەو دروست کراوە یا مزگەوتەکە پیشتر کەوتوە ؟. ئیستە لە شوینی ئەو منبەرە منبەریکی تازەی لییە .

هەمو خەلـکی ئامیدی هاتن لەوی نویژی جمعـەیان کرد ، ئەمانە هەمو لەناو باخەکانەوە هاتبونەوە . مفتی چوە سەر منبەر لە پیشا بە کوردیو لەپاشا بە عەرەبی خوتبەی خویند ، خەلـکەکە هەمو شافعی مەزهەبن ، نویژ کرو هاتینە دەرەوە گەرانیکـیتر ناوشارم کرد تەماشام کرد شارەکە بیجگە لە دوکاندارەکان مالیتری تیدانییە .

مدونة إمارة وتجارة





دیەنیکی خواکردی لاپالی شاخەکانی ئامیدی .

ئـەم شارە دو گەررەکە ، گەررەکی «سەردەپکی» گەررەکی « مەیدان » ، خانوەکانی بەردو گلە سپیە ، دوانزە مزگەوت و ئـەو مزگەوتە گەورەیەی تیدا هەیە ، خانوەکانی کونن ، خانوی تازەی وا بەرە بەرە تی‌ئەکەوی ، کارەبای تیداهەیە، سەرژماری شارەکە ( ٢،٨٨٧ ) کەسە ، هی هەمو قەزا ( ٤٧،٦٤٩ ) کەسە . دو قوتابخانەی ئیبتدائی هەیە (٥٥٠) قوتابیەکی ئەبی ، پار متوسطەیەکی تیدا کرـ بووە ، ئیمسال داخرا .

میوەی ئەم شارە خراپ نیە هەمو جورە میوەیەکی هەیە ، داری چناری زورە سەرمایەی تجارەتیکی باشیانە ، لەم شارەدا ئاوریشم دروست کراوەو خویان کرمەکەیان بەخیو کردوە هەشتا سالیک ئەبی وازیان لی‌هیناوە .

لەپاش وەرگرتنی ئەم ئاگاداریە لەگەل مفتی بە ئوتوموبیل هاتینەوە بو سولاف . کە ئاورریکم لە ئامیدی دایەوە دیمـــەنی قەلاو خانوەکان و مەنارەکەم وەکو دیمەنی پیاویکی بەرز هاتە بەرچاو کە سینیەکی خستبیتە سەر سەری،لەناو سینیەکەدا چەندپەرداخیکی دانابی‌و شوشەی شەرابەنتە هوریشی لەناو پەرداخەکانا دانابی !!. خوا بتگری سجادی بو خوتو تەشبیهت !.

دیسان کە سەیرم کرد تەماشام کرد ئەم شارە تەنراوە بەشاخ و ئەشکەوتو دەربەندو چیای هەزار بەهەزار. وتم ئەمە ئەو شوینەیەکە «شلمانسری سیهەم» لە (٨٥٥)ی پیش‌میلادا بەلەشکرەکەیەوە کردی بە ریباز بو پەلاماردان بەسەر ئارارتوەکانا ! . ئینجا لە سولاف چومە مالی برایم ـ کە بانـگی کردبوم و مالەکەیان وەکو هەمو سولاڤیەکان کەپربو ـ نانمان خواردو ئیتر ئەو شەوە



نـــەبهیشت بچمەوە بو روبار بو مالی مفتی .

روژی ٣ ئەیلول کە روژی ١٢ ی کاروانەکەم بو لەپاش نانو چاخواردن چوین بو سەرا ، پاشان لەگەل عەولاو ئەنوەرا چوین بو سەرچاوەی کانیەکەی سولاڤ کە لەناو گەلیەکەدابو ، ئاویکی زوری لی ئەهاتە دەرەوە ساف‌و رەوان بو ، هەندی منال لەوی بون من توزی گورانیم بو ئەوان وت‌و ئەوانیش نەختی بلویریان بو لی‌دام ! ژنانیش لەو ناوەدا جلیان ئەشوردو ساوەریان ئەکولاند . ئیمررو لەشم تیکچوبو ناچـار دو دانە بنیشتی رەوانیم خوارد ئیتر نیوەررو هیچم نەخوارد . عەسر چوم بولای مفتی بومالاوایی ، گەلیکم لەگەل خەریک بو کە بمینمەوە نەمامەوە هاتمەوە بو مالی برایم ئەمەش بەو نیازە کە سبەینی بچم بو بامـەررنی . ئیوارەش لەگەل هاورریکانا



دیمەنە جوانەکەی سولاڤ لە ئامیدی .

دەرچوین چوینە چاخانەیەک هەندی دانیشتین تەماشایەکی تر دیمەنی ئیوارەی سولاڤو ئامیـــدیم کرد ، لە ئامیدی گلوپەکان جریوە جریویان بو، لە سولاڤیش لوکسەکان ، بەلام لەبەر ئەوە لەشم تیکچوبو دەماخم ئەوەندە ساز نەبو ئیتر هاتینەوە بو مالەوە تا درەنـگیک دانیشتین و نوستین .

روژی ٤ ی مانـگ کەروژی ١٣ی کاروانەکەم بو سەرلە بەیان هەستاین پاش نانوچا خواردن من خومم ئامادەکرد بو رویشتن ، أوتوموبیلی پوستە لە موصلەوە هاتبو ئەچو بو بامەررنی ، برایم رایسپارد کە منیش بەری ، لەسەر ئەو نیازە خومم ئامادەکرد کەچی لەپاش بەینیک هاتن وتیان أوتوموـ بیلەکە رویشتوە . لەم مەسەلەیە زور دلـگران بوم چونـکە أوتوموبیلی تر نەبو ، ئەوەندە هەبو عەولاو ئەنوەر پیان خوشبو هەر لەبەر ئەوە کە بمینمەوە

مدونة إمارة وتجارة



ناچار ئەو ڕۆژەش مامەوە ، رابواردن وەکو دوێنێ بو ، بەڵام ئەبوا بزانیایە کارەساتی ئوتوموبیلچی ئیتر لێرەوە دەست پێ ئەکا ! .

ڕۆژی ٥ ی مانگ کە ڕۆژی ١٤ ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان کە هەستام لەپاش تەراش لەماڵی برایم ئاویان بو گەرم کردم خوم شورد ، لەگەڵ ئەنوەر هاتینە دەرەوە ، وتیان ئوتوموبیل هەیە بو بامەڕڕنی ، سەعات ١٢ چوم خوم کو کردەوە هاتمەوە بو سەرا بولای برایم ئوتوموبیلچی خوی ون کرد ، سەعات ٢ خێرا چومەوە بە پەلە نانم خواردو هاتمەوە ئوتوموبیلچی هەر دیارنەبو ، ئوتوموبیلەکەش پاس بو بەهەر جور بو سەعات ٢/٤٥ دەقیقە ئوتوموبیلچی هاتەوەو ڕووەو بارمەڕڕنی بەری کەوتین .

* * *

لەپێش ئەوە لە ئامیدی دەرچین پێویستە توزێکی تری لێ بزانین : —

خەڵکی ئامیدی و دەرەوەی هەژارن ، بەتایبەتی لەهی دەرەوەی پیاوێکم بەرچاو نەکەوت جلەکانی لە دەپینەی ڕەنگاو ڕەنگ کەمتری پێوە بێ ! .

پیاویان شەڵو شەپک لەبەر ئەکەن و جامەدانە لول ئەدەن ئەیدەنە دەور سەریان ، ئیشوکاری ئەهلی دەرەوەی جوت و گاو داربەخێوکردنە .

ئافرەتی ئەم شارە خوێنێکی ڕاستەقینەی کوردیان هەیە ، هەمو جوان و قشتن ، سورو سپی و قژ زەرد ، منداڵەکانیشیان هەر جوانن .

لەم وڵاتە دزی کەمە ، ستەمی ئاغا هەیە ، کارەساتی دەرەوە زورتر کە ئەبێ پیاو کوشتن و شەڕ کردنە لەسەر ئاووزەوی ، ژن هەڵگرتن زورە ، منالیان زور زمان پاکن ، بە هیچ جور نازانن جنێو چی یە ، تەربیەیان سەرەتایی یە ، داو دەرمانی لەش ساغی لەم وڵاتە نی یە لەگەڵ ئەوەش هەوا کە ئەیانپارێزی لە نەخوشی . شێوەی قسە کردن بادینانیەکی پەتیە . بە جورێکی تێکرایی وەکو بلیت پەردەیەکی چڵکنی هەژاری دراوە بەسەر ئەم وڵاتەدا ، ئاغا قسەی ڕەوایە .



سولاف یەکێکە لە شوێنە هەرەچاکەکان بو هەوارگەی هاوینان ، « سەر ئامیدی » هەیە لەسەرەوە ساڵان لەشکری لیوی لە « حەبانیە »وە بە هاوینان ئەچونە ئەوی بو هاوینە هەوار زورکەس لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە بەهوی ئەمانەوە ئەژیاو پارەی ئەمانە لەو وڵاتەدا بلاو ئەبوەوە ئیمساڵ ئەوەش نەماوە ، لە گەلێ شوێن لەم وڵاتە فەلە هەیە ئەوانیش خەریکی کشتوکاڵن ، لەگەڵ مسلمانەکان ڕێکن و ئەوانیش خویان هەر ئەڵێن کە ئێمە کوردین .

مدونة إمارة وتجارة



# بامەرنی

| |
|---|
| سەر ژماری ئاوایی (٢٠٠٠) کەس. |
| سولاف ـ بامەررنی (٣٢) کیلومەتر. |

لە سولاف دەرچوین روەو بامەررنی ، لە ریگەدا رو بە روی دو گوندە جوانەکەی « ئەرادن » بوینەوە ؛ ئەرادنی ژوروو ، ئەرادنی خواروو کە لەسەر ریبازی ئوتوموبیلەکە بو . ئەرادنی سەرەوە دانیشتوەکانی مسلمان بون و بە ( ١٬٥٠٠ ) مەتر ئەیرروانی بە سەر دەریادا . ئەرادنی خوارەوە فـەلەی تیا دائەنیشتو بە ( ١٬١٠٠ ) مەتر ئەو بەرزیەی ئەنواند . هەر دو گوندەکە لە دیمەنو لەباخو باخاتو لە ئاوی ساردی سازگار دنیایەکیان ئەهینایە پی کەنین ! . بە ئاشکرا دیاربو کە جوری رابواردنیشیان بو ئاوایی ریکخستن زور تەواو بو .

سەعات ( ٤ ) گەیشتینە بامەررنی ، هەر بەناو دارو درەختی ئاواییەکەدا لەگەل شیخ محمد ـ کە خەلیفەی شیخ بوو بو زیارەت هاتبوو لە سولاڤەوە ئوتوموبیل کردبوینی بە هاورری ـ رویشتین تاگەیشتینە بەر قاپی تەکیە ، دو سەو فلس پارەی پاسەکەبو دامو خوا حافیزیبی و چومە تەکیەوە !.

مریدەکان ریگەیان پیشاندام چومە ژوریک ، سەیرم کرد پیاویک میزەریکی لە سەرایەو جوبەیەکی لەبەرایە و ریشیکی ماشوبرنجی گەورەی پیوەیە لەسەر قەرەویلەیەک دانیشتبو ، سە چوار کەس لەولاوە زور بەهیمنیو بی دەنگی لە خزمـەتیا دانیشتون و چایان لی‌ناوە ، کە چوم ئەم پیاوە هەستاو بە خیراتنیکی گەرمی کردم ولە سەر کورسیەک دانیشتم ، پاش چا خواردنەوە ئەم پیاوە وتی بچن لە بن‌دار گویزەکە شوین چاک کەنو هەستاین هاتین بو نویژی عەسر ، سەر حەوزو بەردە نویژیکی جوان بو ،



نویژمان کردو چوین بو بنی گویزەکە .

کە چوین دو سەکوبو یەک لەسەر یەک ، سەکوەکان پان بون ، هەر یەکە دار گویزیکی گەورەی لەسەر بو ، لەسەر یەکی لە سەکوەکان سە لاکیشی لبادی دریژیان بە سەلای سەکوەکەدا راخستبو ، ناوەکەیو لای چوارەمی خالی بو ، سە چوار دوشەکیشیان لە لای سەرەوە هەر راخستبو . کە چوینە ئەوی وردە وردە مریدانو خەلکی تر کوبونەوە ، ئینجا بوم دەرکەوت کە ئـەم پیاوە شیخ مظهر ئەفەندی خەلیفەی شیخ بهاء الدینی بامـەررنی و خزمیشیانە بە میوانی لە بواریەوە هاتوتە ئەوی ، لەبەر ئەوە خەلیفەی هەرە لە پیشی شیخی رابوردو و لەبەر خزمایەتیەکەشی دەستی لە تەکیەی شیخانی بامەررنی‌دا وەکو خاوەنی تەکیە ئەرروا .

شیخ مظهر ئەفەندی لە تەمەنی زیاتر شەست سالانا ئەبو . کتیبیکی حافظی شیرازی لەو ناوەدابو هەندی لە میرزا ریش‌سپیەکانی بامەررنی بە دەستیانەوە بو ئەیا نخویندەوەو شعریان لەیەک ئەپرسیەوە .

لەم کاتەدا سەیرم کرد هەمو هەستان ، سەرم بەرز کردەوە پیاویکی کەلەگەتی بالا بەرز ـ سەترەو پانتولی لە بەرابو ، جبەیەکی بە سەرا کردبو ، فیستیکی سورو میزەریکی باریکی دابوە دەوری ، تەمەنی دامنا بە « ٣٥ » سالیک ، دو سە روژبو ریشی تاشیبو هیشتا بە تەواوی ریشی نـــەهاتبووەوە ـ روی کردە دیواخانەکە ، هات قونـگرەکانی داکەندو هاتە لای سەرەوە رو بەروی من ، منیش هەستام دەستمان نایە ناو دەستی‌یەکو ـ وا دیاربو پیان وتبو منی ئەناسی ـ بەخیرهاتنی کردمو دانیشتین .

ئەم پیاوە شیخ مسعودی کورری شیخ بهاء الدین بو ، ئیستە جی‌نشینی بنەمالەیەو ارشاد ئەکا، ئەم‌شیخە لەدەرچوانی «دانشسار»ی‌حقوق‌بو لە بەغدا. ئەم بنەمالەیە شیخی نقشبندین . شیخ بهاء الدین کورری شیخ محمد کورری شیخ طاهر کورری مەلا حاجی . شیخ طاهر خـەلیفەی مەولانا

مدونة إمارة وتجارة



خالد بووه لەو ولاتەدا ، ئەم شیخیەتیە هاتوتە خوارەوە تا هاتوتە سەر شیخ مسعود .

نویژی شیوان داهات چوینە سەر حەوزو بەردە نویژی تەكیە نویژمان كردو هاتینەوە ، نانیان هینا چەشنی نان خواردن وابو كە سەنگەلیەكیان ئەهینا دایانئەناو سینیەكی گەورەیان ئەهینا ئەیانخستەسەر و دەوری خواردنەكانیان بەكەوچك و چنگالەوە لەسەر سینیەكە دائەناو ئینجا بەچوكا ئەهاتن و دەورەیان لی ئەدا بو خواردنی ، پاش ئەوە كە هەلئەگیرا ئەبرایە ئەولاوە مریدو خزمەتكارەكان ئەوانیش تیریان لی ئەخوارد .

نان خوراو هەندی قسە كراو پاشان نویژی خەوتنان داهات چوین ئەو نویژەشمان كرد بە جەماعەت و هەر جارە یكیك ئەبو بە امام ، شیخ خوی نەئەبو . پاش ئەم نویژە سوفیەكان خەتمەیان كردو من هاتمەوە لەگەل شیخدا . دەنگی های هوی سوفیەكان ـ كە جەزبە ئەیگترن ـ لە دورەوە گویم لی بو ، ئینجا ئەوانیش هاتنەوەو بە كورر دانیشتین .

دیواخان گەرم بو چایان لی ناو كەوتینە باسی شعرو ئەدەبو خویندن و نوسینی كوردی یەوە ، هیچیان لی نە ئەزانی ، شیخ گویچكەی ئاشنا بو بو بە خویندنەوەی كوردی هەر ئەوەندەبو ئەیوت ئیمە بە شیوەی سوران نازانین بنوسین و بخوینینەوە ، منیش وتم با ، بە شیوەكەی خوتان بی . حەقیقەت لە دیواخانەكەدا هەندی شعرزانی لی بو . شیخ مظهر گەلی داستانی لەبەر بو ، شیخ محمد ناویش خەلیفەی شیخ مسعود ئەویش هەبو ، دانیشتوەكان لە پیاوی كون بون ، لە ئەدەبی فارسی دا شارەزاتر بون .

مەلا ئەنوری برواری ئەویش بو زیارەتی شیخ هاتبو دو پرسیاری لی كردم بەو ناوەوە كە گەررامەوە بو بەغدا وەلامەكەی بە قاقەز بو بنوسمەوە ، بەلام ویستم خویندەوارانی ئەم گەشتەش هەر ئاگادار بكەم ، وا وەلامەكان لیرەدا ئەیخەمە پیش چاوی هەمو كەسیك .



تا درەنگیك لەوی دانیشتین و پاشان لە ژوریكی تایبەتی شوینیان بومن چاك كردبو ، شیخ وتی ئەگەر ئارەزوت لە حەسانەوە هەیە فەرمو . ئیتر هەمو هەستاین من و شیخ مظهر هاتین لە ژورەكەی من دانیشتین، پیاوەكانی ئەو دیسان چایان لی نا، چامان خواردەوەو هەندی تر لەگەل شیخ كەوتینە قسەو ئینجا ئەویش هەستاو ئیتر من نوستم .

* * *

پرسیارەكانی مەلا ئەنوەر ئەمەبون وتی : ـ

( ١ ) « ئایا سەر ژماری كورد چەندە ؟ . »

( ٢ ) « بوچی كورد هەموی شافعی مەزهەبن ؟ . »

لە لایەن سەر ژماری كوردەوە گەلی كەس لە روژهەلاتی ناسەكان و لە مؤرخینی عەرەبو لە كورد قسەیان كردوە بەلام هەر یەكە بەجوریك ، بە تایبەتی هەندی لە كوردەكان وا تیئەگەن ئەگەر زور بدەنە دەمی ئەمە شتیكی باشە . لەگەل ئەوەدا شت ئەگەر لەروی عیلمەوە نەبو ئەبی بە شورەیی .

سەر ژمار كردن هەر وا شتیكی گالتە و خوررایی نی یە . لە دەولەتەكانی ئاوروپادا هەندیكی زور پیشكەوتویان نەبی ئەوانیتر هەمو لە بارەی سەرژمارەوە هیشتا بە تەواوی نەگەیشتونەتە ئامانج ، لە روژهەلاتدا ئەوە هەر قسەی لیوە مەكە ، تەنانەت دەولەتیكی وەكو عراق (٣٥) سالە خەریكە ئیستەش بە تەواوی سەر ژماری ولاتەكەی بو ساغ نەبوەتەوە . ئینجا كوردیك كە لە هەمو هوی سەر ژمار دورە چون ئەو ئەندازەیە دەست كەوت كە هەندی لە كوردەكان خویان داوای ئەكەن ؟ وەكو (١٦) ملیون و (٢٢) ملیون ! . .

باوەرری من لە سەر ئەوەیە وەكو لە «میژوی ئەدەبی كوردی»دا دریژەم داوەتی و هویەكانم باس كردوە كە كورد ئیمرو لە ( ١٢ ) ملیون كەمترنی یە ، دیارە ئەمە ئەو كوردانە كە بە زمانی كوردی قسە بكەن ، زوریش هەیە كە لەبەر ئەوە كەوتونەتە ولاتی بیگانەوە زاررولەكانیان نازانن بە كوردی قسە

مدونة إمارة وتجارة



بکەن ئەمانەش حسابیکی تریان هەیە .

بو وەلامی دو هەم وەکو قسەم لەگەڵ ماموستا شیخ محمدی قزلجی‌دا کردو ئەویش عەینی باوەرری هەیە ، ئەمەیە کە ئەیلیم :ـ

لەپیشا بو ئەوە بچینە جەرگەی باسەکەوە پیویستە تأریخیکی کورتی هەر چوار امامەکە و فیکر و باوەرریان باس بکەین لەگەڵ سەر پورتیکی دموری عەباسیەکان :ـ

نعمانی کورری ثابتی بە نامەمانگ ابو حنیفە ( ٨٠ ـ ١٥٠ )ی هجری . لە بەغدادا بو ، لە زانیاري زەمانی خویا هاوتای نەبو ، سەری کیشابوە عیامەکانی تریشەوە ، لە عەرەبی‌دا ئەوەندە بەهیز نەبو ، دەلائلی عەقلي زور بەکار هیناوە ، تەنها (١٧) حدیث نەبی ئیتر بوی ساغ نەبوەتەوە کە ئەوانیتر زور راست بن ، ئەهلی ( رأی ) بو .

مالکی کورری انسی اصبحی ( ٦٥ ـ ١٧٩ )ی هجری ، لە مەدینەبو ، باوەرری هەمو لەسەر حدیث بوە، خاوەنی «موطأ» و مەیلی عەلەویەکانی هەبو .

محمدی کورری ادریسی شافعی ( ١٥٠ ـ ٢٠٤ )ی هجری . لە ١٩٥دا هاتە بەغدا بو بلاوکردنەوەی مەزهەبی کونیو رویشت . لە ١٩٩دا هاتەوە بوهی تازەیو چوەوە بو میسر . اصولی عیلمو فقهو انسابی باش زانیوە ، چوەلای امام مالک موطأی خویند . مەزهەبەکەی لە بەینی ( رأیو سنة )دا دانا .

احمدی کورری حنبلی شەیبانی (١٦٤ ـ ٢٤١)ی هجری . مەزهەبەکەی لە بەینی ( کتابو سنة ) و توزی لەقیاسدادانا ، بو دانانی مەزهەبەکەی زور پابەندی ( روایت ) بو ، هەر ئەم هویەبو کە پەیرەوی کەری کەم بو .

ئینجا خەلیفەکانی عەباسی :

سەرەتای تأریخیان لە ( ١٣٢ ) ی هجریەوە دەست پی ئەکا ، لە عراق لە کوفە بەیعەتی خلافەت کرا ، بەری ( رصافە )ی بەغدا لە ( ١٥١ )ی هجری دەست پی کراو کوشکی خلافەت گویزرایەوە بو بەغداو لە ( ٦٥٦ )ی هجری چرای



رووناکی خلافەتی ( ٥٢٤ ) سالەی عەباسی بە دەستی هولاکو کوژایەوە !.

تەماشا ئەکەین دەوری امامەکان بە خویانو پەیرەوی کەرەکانیانەوە هەمو چاویان بە دەوری عەباسی کەوتوە ، جا چە لە بەغدادا بوبی . چە لە کوفەو ئەنبار . خلفای عەباسیش روژ بە روژ ئارەزوی پەرە سەندنی حوکمیان هەبو ، لیرەدا پیویستیەکی زوریان بە علما هەبو کە پشتیوانیان بکەن .

یکیکی وەکو امامی مالک لە مەدینە بو ، مەزهەبی لەسەر قرآنو حدیث دامەزراندبو ، وە بە تایبەتیش سەر بە عەلەویەکان بو ئـــەمە ئەوەندە بو عەباسیەکان دەستی نەئەدا ، لەبەر ئەوە دەرفەتی ئەوەی نەدرا کە مەزهەبەکەی پەل باویژی بو ولاتی شیمالو روژەلاتی عەباسی .

امام احمدیش لەبەر ئەوە دور بو لە اجتهادی شخصي و هەر ( روایت )ی وەرئەگرت لە لایەن کوشکەکانەوە پشتیوانیەکەی وای نەکرا ، ئەویش هەر لەزاتی خویا پەیرەوی کەری کەم بو .

مایەوە سەر امامی ابو حنیفەو امامی شافعی . ئەمانە لەبەر ئەوە کە یەکەمیان بناغەی مەزهەبی هەر لەسەر ( رأی ) بوو ، دو هەمیان لەسەر (رأیو سنة) مەزهەبەکەیان بلاو بوەوە . هویەکەش ئەوە بو کە بەربەرەکانی سیاسەتی خلفای تیدا نەبو بە جوریکی تەبیعی ئەررویشت . سەرەتا رەمەکي خەلک بەبی پالپیوە نانی شتیکی‌تر وەریان ئـەگرت ، لەپاش ماوەیەک مـەزهەبی ابو حنیفە لەبەر بەکار هینانی ( رأی ) ـ کە ئەمە بو خلفا دەستی ئەدا ـ لە پیاوەکانیان ئەهینان و ئەیانخستنە سەر حوکم . وای لی‌هات ئیتر لە خاصەوە ئەچو بو عامە و معاملاتی حکومەتی وەخت کەوتە سەر مەزهەبی حنفی .

ئەوەندەهەبو خاوەن حوکمەکانی بنەمالەی خەلیفە تا ئەم هوشەیان هاتەوە بەر خویانا کە مەزهەبی حنفی بەهوی اجتهادی شخصي و ( رأی )یەوە چاکتر دەست ئەدا بو ئەوان مەزهەبی شافعیەکە لە شیمالو روژەلاتی پایتەختەکەیانا ـ کە وەکو کوردەواری و ولاتی فارسی جاران بی ـ بە تەواوی بلاو بوەوە .

مدونة إمارة وتجارة



هوی بلاو بونەوەکەش ئەوەبو قوتابیانی عیلم کە ئەهاتن بو دار الخلافە عیلمو مەزهەبەکەیان وەرئەگرت و ئەچونەوە بلاویان ئەکردەوە ، ئەمانەش کەئەهاتن دەرز وەرگرتنیان لە لای عالمەکانی شافعی بو ، حنفیەکان بە سیاسەتەوە خەریک بون .

ئەمەو دیسان ولاتی کوردەواري لەبەر ئەوە شوینیکی شاخ و داخ و گوشەگیربو لە عالەمی سیاسەت و اجتماع ، وەلەبەر ئەوە کە مەزهەبی شافعی پشتیوانی سیاسەتی خلفای نەئەکرد ، هەر ئەوەندە بو زیانیکی ئاشکرای بویان نەبو، لەپیاوەعالمەکانی ئەوانیان نەئەهینایە سەرحوکم تا ئەمانیش بەهوی دەسەلاتی حوکمەوە مەزهەبی دەولەت لە ولاتا بلاو بکەنەوە .

لەبەرئەوەبەم جورە مەزهەبی‌شافعی‌لەهەمو کوردەواری‌دا لە دەستەی‌علمای دور لە وەزیفەی دەولەتەوە بلاو بوەوەو رەمەکی‌خەلك وەریان‌گرت تاوای لی‌هات‌بنجی داکوتاو تا ئیستە مایەوە .

* * *

روژی شەشی مانگ کەروژی(١٥)ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان هەستام ، پاش ئەوە پیاویک هات بەشوینما چوینەوە بوبن دارگویزەکە نان هینرا نان‌وچاخورا . هەموجار چونیەتی نان خواردن وابو سینیەکی زور گەورە هەموجورە خواردنیکی لەسەر دائەنرا ، شیخ ومیوان لەو سینیە ئەیانخواردو پاشان هەلئەگیرا ئەبرایە ئەولاوە خزمەتکارەکان ئەیانخوارد . لەپاش هەندی قسەکردن لەگەل شیخ مسعود چوین بو دایەرەی پوستەو تەلەفون ـ کەهەر بە تەنیشتی تەکیەوە بو ـ شیخ مصلح ـ کەبرا گەورەی‌شیخ مسعودو ئیستە نائبە لەپارلەمانی عراقی ـ لەوی بە ئارەزو دانیشتبو ، شیخ مسعود بەیەکی ناساندین ، لەویوە من تەلەفونیکم کرد بو ئامیدی بوبرایم .

ئینجا چوم بو سەرحەوزو بەردە نویژەکان، لەوی توشی مەلا صالح ناوبوم لەگەل ئەو چوین هەندیک گەراین . ئەم مەلایە زەوقی ئەدەبي هەبو ،



لە شعری‌شیوەی‌بوتان لەبەری‌بو ، چوینە مزگەوتیک کە مزگەوتی گەورەبو، لەبەر دەمیا کانی ژنان هەبو . ئەم مزگەوتە بەری پیشەکەی تازە دروست کرابو لە گەچ وبەرد ، تەرتیبي حەوزەکەی سەیربو ، وەکوبن تەبەق وابو، جوگە ئاویکی زور گەورە ـ ئاش گیریک ئەبو ـ بەژیر مزگەوتەکەدا لەوسەر ئەهات‌و لەم سەر دەر ئەچو ، مزگەوتە کە کەوتبوە سەریەوە ، لەناو مزگەوتەکەوە ئەبوایە پیاو بە پلە بوی بچوایەتەخوارەوە . ئاوەکەی ساردو سازگارو شوینەکە فینک بو ، نویژی نیوەرومان لەوی کردو هاتینەوە سەرەو ژور .

ئەو روژە لەمالي مەلاحەسەن بانگ کرابوین بونان خواردن ، لەگەل شیخەکان چوین بو ئەوی ، نان لەسەر زەوی ئەخورا ، قسەکردنی ئەو ماوەیەمان ئەوەبو کەولاتی‌سوران و سولەیمانی‌ناو ئەگورن، وەکو ئەوە مەحمو ئەکەن بە خولەو مصطفی ئەکەن بەمچە ! . پاشان هەستاین من هاتمەوە بو ژورەکەی خوم توزی نوستم .

سەعات پینج چومەوە بو دیواخان ، دیواخان لەشیخ ولە مریدان گەرم بوبو ، لەگەل شیخ عبداللە ـ کەخزمی شیخ ومعلمی مەکتەب بو ـ چوین بو گەرران لە دەرەوی ئاوای ، چوینە شوینیک بەرانبەر ئاواییەکە ، دووینەی گوندەکەم گرت و هاتینەوە بودیواخان ، لەویش وینەیەکی شیخو دیواخانو دانیشتوەکانم گرت ، ئیوارە داهات چوینەوە بو نویژی شیوان ، شیخ‌هەمو فەرزیک‌دەستنویژی ئەشوردەوە ، ئەبوا خەلکە کە چاوەریان بکردایە تا ئەولە دەستنویژەکەی ئەبوەوە ئەو وەختە جەماعەت بکرایە .

ئەوشوینە کەنویژیان‌لی ئەکرد ئاویکی زوری بو ، تاتە بەرد دانرابو دەورەکەی بە وشکەچن هەلچنرابو زور ریک وپیک نەبو ، فانوسیکی ئینگلیزی لی دانرابو . هاتینەوە نان هینرا وپاش نان هەندی قسەکراو جوینەوە بو نویژ . نویژی خەوتان هەر بەو جورە ،

مدونة إمارة وتجارة



پاش ئەوە دانیشتینەوە چاهێنراو قسەی ئەو شەوەمان دیسان لە بابەت ئەدەب و زمان و کوردی‌خوێندنەوە بو . قسەیەکیش لەوەوە کرا کە کار بە دەستانی ئەو ولاتە ئیش وکاری خەلـکەکە چاکێ رایی ناکەن . درەنگێکی پێ‌چو لەگەل شیخ مظهر هاتینەوە بو ژورەکەی‌من ، پیاوەکانی ئەو چایان‌لی نایەوەو لەگەل ئەویش‌هەندێکی‌تر دانیشتین، ئینجا ئەو رویشتەوە بوشوێنی خویو منیش نوستم .

* * *

توزی لە چونیەتی بامەرنی و رەوشتی ئەو ناوە : —

بامەرنی گوندێکە ( ٤٠٠ ) مالیکێ وسەر ژماری (٢٠٠٠) کەسیکێ ئەبە ، شوێنەکەی کەوتوتە بەینی‌سە کیوەوە پالی‌داوە بە کیوەکانەوە ، چیا بەرزەکەی « مەتینا » — کە کەوتوتە بەشی روژاوایەوە — راست لوتی بەسەرا شوردکردوتەوە ولەو دیویەوە «برواری‌بالا » یەو ئەچیتەوە بەلای «زوزان »ەوە . خانوەکان زور بلاوزو شوێنی گوندەکە زوری دا گیر کردوە .

ناوی بامەرنی گویا لە نوسراوی ئارامیەکانا « بیث — مەرنی » واتە : شوێنی سەخت و هەلدێرو نزار . لە راستی‌دا شوێنی ئەم گوندە سەخت وقایمە . ئە گونجی‌کە « بیث » بە مانا جیگەی سەخت بیت . لەپاشا وردە وردە لەبەر زور وتن « بیث — مەرنی » بووە بە « بامەرنی » .

ئیمرو کە روژی شەشی ئەیلول بو پایەی گەرما (٢٨)بو،میشولەی‌نی‌یە ، ئاویکی زورو سازگاری هەیە ، ولاتەکە دارستانە ، خەلـکەکە بە کشت و کال و دوکانداری و کاروانەوە خەریکن . پوستەخانە ، دایەرەی تەلەفون ، نوختەی پولیس ، موظفی صحی ، مەکتەبیکی ابتدائی — کە ( ٢٤٠ ) قوتابیەکی تیدایە — ئەمانە لەوی هەن ، زورتری معامەکان هەر خەلـکی ئەوین ، شتومەکی کرین و فروشتن و وردە بابەت هەمو شتیکی تیدا دەست ئەکەوی ، فروکەخانەیەکێ بەرویشتنی چارەکە سەعاتی ئوتوموبیـل لە تەنیشتیەوەیە. شیوەی قسەکردنیان بادینانی‌یە ، جلوبەرگیان «شەل‌وشەپکێ»و



جلمەدانە لول ئەدەن‌و ئەپیچن بە سەرەوە ، پیم ئەوتن کوردی بنوسن و بخوینەنەوە ئەیانوت نازانین ، ئەگەر ئاموژگاری کەریان بێ ئامادەن بو خوێندن‌و شت فیربون . کاغەز نوسین لەناویانا بە عەرەبی‌یە .

مریدەکانی بنەمالەی شیخ لە تورکیاو لە عراقا پینج هەزار مریدیکێ ئەبن . « خانەتا » بو نەقشی‌یە و « تەکیە » بو قادری کەچی، ئەمانە لەگەل ئەوەشا کە نەقشین بە خانەتا ئەلین « تەکیە » . مالی شیخ بەهوی سنورەوە مەرکەزیکی سیاسی‌یان لەلای حکومەت هەیە .

رەوشتی مریدەکان وایە هەرکەسە کەدیت لە دورەوە هەر دو دەستی ئەخاتە سەرسنگی دیت شیخ دەستی بو دریژ ئەکاو ئەوماچی ئەکاو پاشەوپاش ئەگەریتەوە دواوە . خو ئەگەر کابرا ئیشیکی بێ لەبەر دەمی شیخا بەچوکا دیت‌و زور بە شەرمەوە قسەکە لە خزمـەت شیخا ئەکاو ئەرروا . لەر وەختەدا کە دەستی ماچ ئەکا ئەلی « ئەز خولامی شیخیمە » .

هەمو شەویکێ پاش جەماعەتی نویژی خەوتنان یا ، شیخ خوی یا خەلیفەیەکی لەسەر حەلقەوە دائەنیشن‌و لەگەل مریدەکان خەتمە ئەکەن. ویلی خەتمەش ئەوەیە ( ١١٠ ) بەردی پچوکێ پچوکیان کردوتە کیسەیەکەوە ، ئەوبەردانە بەسەر مریدی حەلقەکـەدا بلاو ئەکرینەوە ، بەهوی ژمارەی ئەو بەردانەو هی مریدەکانەوە چەند هەزار صلوات و قل‌هوالله وفاتحە ئەخوینن ، پاش ئەوە مەلایکێ حزبیکێ قرآن ئەخوینی‌و خەتمە تەواو ئەبی .

لەم ولاتانەدا فەقی و مەلا دوایی هاتوە ، لە هـەمو ئەم ولاتی بادینانەدا گەررام برروا ناکەم پەنجا فەقیەکێ هەبیت ، ئەوانیش کە هەن هی کوردەکانی تورکیان هاتون ، تەنانەت مەلاو شیخەکانیش کورری خویان ناتە فەقیەتی ، هەمو چاویان لەوەیە منالەکانیان لە مەکتەب بخوینن نەوەکێ لەبەر خوێندن بەلـکو لەبەر پارەو نان پەیداکردن .

ئەو دینە کـە مەردمی ئەو ولاتە هەیانە بە هەر دو دەست چونەتە ژیری

مدونة إمارة وتجارة



بەلام وەنەبی لەروی عیـــلمەوەبی بەلـکو زورتر لەروی بیستنەوەیە . لەو ولاتانەدا عالمی زور گەورە گەورەی وەکو مەلا حەسەنی زیباری و مـەلا محمودی ئامیدیو مەلا یحیی مزوری لی بوە بەلام داخەکەم ئیستە شوین ئاگردانیان چولە .

روژی ٧ ی مانـگ کە روژی ( ١٦ )ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان کە هەستام ریشم تاشیو هەندی شتم نوسیو پاشان‌هاتن بەشوینما چوم لەدیواخان نانو چاخوراو ناردمان بو ئوتوموبیل ، ئوتوموبیل گیراو سەعات ٣٠–١٠ بەری کەوتم ، شیخ مصلحو شیخ عبداللە تا سەر ئوتوموبیل بەری‌یان کردم ، بە چارەکیک گەیشتینە فروکەخانەکە . ئەم فروکەخانەیە لە دەشتی لاپالی کیویکایە ئەهەمیەتیکی زوری دراوەتی ، مەکینەو کارگەریکی زوری لی بو ئیشیان تیایا ئەکرد هیشتا تەواو نەبوبو . من لەم فروکەخانە لەو شوینەدا تی‌نەگەیشتم وەیا ناتوانم شت بنوسم !

لەویوە بەچارەکیکی‌تر گەیشتینە سەر دو ریانەکەی ئامیدی . ریگەکە لیرەدا ئەبو بە دو پەلەوە ، پەلیکی ئەچو بو ئامیدی ، پەلـکیشی ئەچوبو بامەرنی . بە نیو سەعاتی‌تر گەیشتینە سوارەتوکە ، دیسان بەری کەوتین بو سەعات ٣٠–١٢ هاتینە دهوک ، من چوم بولای احمد شالی دانیشتم زوری کوشش کرد بچینەمالەوە نەچوم . ئوتوموبیلەکە لە سەعات دودا بەری کەوتو بو ســەعات ٣٠–٣ گەیشتینە موصل . شەش سەد فلس مزی ئوتوموبیلەکە بو دامو خوا حافیزی‌بی ! .

لە موصل چومە مزگەوتی ئاغا نویژی عەسرم کرد مزگەوت زور قەرەبالغ بو ، هاتمە سەرئەوە کە ئەو شەوە لە موصل نەمینمەوە ، چوم بو نقلیاتی نجوم شوینیکی پیشەوەم گرت لە ئوتوموبیلیکی تازە بو هەولیر ، وتم چەند ئەکا ؟ وتیان «٣٠٠» فلس پارەکەم دانی و لەسەر ریگەی هەولیر لای بەنزینخانەکە وتم لەوی ئەبم بیت بە شوینما . چوم توزیک گەرام و چومـە شوینەکە



سەعات ٣٠–٥ کەئەبوا بهاتایە نەهات، چاوەریم کرد تاسەعات٦، ئینجا کەهات سەیرم کردشوینەکەی پیشەوەیان گرتوە ، هەر چەند قسەم کردکە لـکی نەگرت. ئەوەش بزانن لەو شوینەوە بو هـەولیر ئوتوموبیل بە دو سەد فلسە ، من بویە ٣٠٠ فلسم‌دا بو پیشەوەکەچی ئوتوموبیلچی وای کرد !.

سەعات ٦ بەری کەوتین بو سەعات ٣٠–٧ گەیشتنە هەولیر ، لە ریگەدا ئوتوموبیلچیەکە لەگەل ئوتوموبیلیکی‌تر لیان بو بە رقەبەری ریگەکەیان کرد بە توزو دنیاش شەو بو دوجار وەختبو هەردو ئوتوموبیلەکە بکەونە چالەوەو خەلـکەکە بمرن . کە هاتمە هەولیر چومە ئوتیل فرح الجدید . ئەو شەوە زور سارد بو .

پانایی زەویوزاری هەمو لوای موصل ( ٧٧٠ ، ٣٩ ) کیلومەتری چوار گوشەیی‌یە .

* * *

ئەوا لە ولاتی بادینان دەرچوین و کەوتینە ولاتی سوران ، با ئاورریکی‌تر لەو ولاتە بدەینەوە .

ئەو ولاتی بادینانە بە جوریکی تیکرایی ولاتیکی خوشو دل‌نشینە ، میوەو ئاوی زورە ، هەمو ئەو ولاتە دارستانە ، هەمو لایەکی دەست ئەدا بو هاوینە هەوار ، ئەوەندە هەیە دەستی خزمەتی تیدانی‌یە ، خەلـکەکەی هـەتا بلیت هەژارو بی نەوان ، ئەم ولاتە پینج مانـگیمک لە زستانا بەفر دایئەپوشی ، دەستیان بەداوینی دینەوە گرتوە، لەم ولاتانەدا هەمو «فەلە» هەیە بە دهوک ، ئامیدی ، ئاکری ، زاخوو هەروا زور لە گوندەکانیش .

فەلەکان بە ویلن ، لە هەمو شوینی دیرو کەنیسەو قەشەیانـــ هەیە ، دیانەتەکەیان ( نەستوری ) یە ، ئەم دیانەتە لە دەورو بەری سەدەی شەشەمی پاش میـــلادەوە کەوتوتە ئەو ناوە . فەلەکان وەکو چون کوردن خویشیان هەر ئەلین ئیمە کوردین . تەیاری‌ش هەیە لە کیوەکان هەکاری ئەوانیش هەر کوردن . ئەمانە هەمو لەگەل مسلمانەکانا بە باشی ری ئەکەون ، ئەوەندە

مدونة إمارة وتجارة



هەیە ( مبشر )ەکانی ئاوروپا لە ناویانا زورە ، هەرلایک ئەچیت ئەوا چوار دیواریکەو دو سە ژن یا پیاوی «بەقیام» ـ راهب ـ لی یە لی ئەپرسی توچیت ؟ ئەلی من راهبم و لە فەرەنسەوە هاتوم ، وەکو لە نزیکی گندوک لە ئاکری ئەمەت بەرچاو ئەکەوی ، ئەمە بە میسال ئەگینە لە زور شوین هەیە . من بە دوری نازانم ئـەمانە بەناوی پررو پاگاندەی دینەوە شتیکی تریان بە دەستەوە بی !

ئەمەو دیسان بە جوریکی تیکرراپی ئەوی لە ولاتی بادینان چاوم پی کەوت پیاوەکانیان هەمو گورجو گول و چالاک بون ، چالاکي هەر پیاویکت ئەیینی وات ئەزانی کە خوی بو جەنـگ ئامادە کردوە . دیسان لەو ولاتەدا ناوی سعید قەزاز زور بە گەورە ئەزانن لە کاتیکا کە لە موصل متصرف بووە .

* * *

نەوەک من بیلیم گەلی کەس ئەیلی کە ولاتی کوردوستان بەهەشتیکی سەربەخویە . منیش لەو شوینانە کەدیومن هاتومەتە سەر ئەوە کەولاتی بادینان بوکی خاکی کوردانە .!

سەیری ئەو کیوانە بکە کە لوتـکەیان لەئاسمانەو هەمو لاپالەکانیان تارای سەوزی بەسەرا کشراوە . سەیری ئەو دەشتانە بکە کە فەرشی ئەتلەسي بەسەرا راخراوە . سەیری ئەو هەوایە بکە کە هەمو کاتیکی نەسیمی بەری بەیانە . سەیری ئەو ئاوەی بکە کە هەمو دلوپیکی ئەلی ئاوی ژیانە ! .

* * *

یابررکی میوو قەیسیو هەنار   داری سنەوبەرو گویزو چنار
زەیتونـــو هەرمی   بلالوک و میوو بەهي هەلوژەو
ولاتی بادینان کانە بو هـەمو   ئەمانە بیجگە لە بەررووو مازو
بچو بیبینە سا بەبی پشوو !

*

لەرەنگی ئالو سەوزي گولو گیا   لەدیەنی بەرزی شاخو چیـــا



لەبونی گولالەو رەنگی دەشتودەر   لەهاررەی تافگەی زیوی ناو کەمەر
سەما ئەکەن سورو سپی !   پەریو فریشتەو ئادەمی
بەیادی خاکی کورد زەوی !

*

تفەنگی لەشانەو دەستیشی بەدار   ئەبینی دیەنی پیاوی بەکار
ئەچیتە کیوو دەشتو چوٚل   بەجلو بەرگیـکی گورجو گوٚل
هەندی بەجوتو راوو شەرر   هەندی بە رەزو باخ وەمەرر
دار ئەنیژن ، زەوی ئەدررز   ئامادەزو خەریک ئەبن
تاخـــاوەنی ئەو شوینەبن !.

*

شیوەی پەری بە ئابروو   پوٚل پوٚل کچانی مانگ روو
هەمو بەرێلو خانەدان   دەستەی ژنانی کارزان
لە خرنگە خرنگو شوررپا   لەنازکی و لە شوریـــا
لە زەردی پرچی کالیـــاز   لە سوری کـــولمی ئالیان
لەکاتی ئاورری لەیار   لەتیلی چـــاوی پرر خومار
نەکوترو ئاهوانی شـــاخ   نەسەول و داری سەروی باخ
نە رەنگی زیرری زەردە پەرر   نەسوری گولالەی دەشتو دەر
دەستەو ئەژنو کەوتن بەژان !   هیچیـــان نەمان ، لەداخی وان
بە نالە نال چونە کیوان !!.

*

وردو درشت ئەچنە رەزان !   ئەمانە گشت ئەچنە کەژان
دەنگی وەکو کەوی دەری   یەکی بەرەنگی شـــاپەری
چریکەی ئەمان خوشتر لەوان !   هەندی ، کوتر بەرەوتی وان
ئەچنـــە سەراوو ریگەباز   یەکی بەنازو دو بەساز

یەکێ نان ئەبا بوکاکی شوان    یەکی ئەچی بو مـــازوان
هەندیک ئەچن بولای گیرە    هەندیکیش بو ، رانە بیرە
بەم جورە ئیشە ، کیژو لاو    وە یا بلین ژنو پیـــاو
خەریک ئەبن ، کوشش ئەکەن    تا نانی خو پەیدا ئەکەن !
واش‌تیمەگەن بی موتەکەن ! !.

*

کوڕری ئەدەب لەسەر چەمەن    پیـاوانی کون خاوەن تەمـەن
بو شعری حافظو کەلـیم    یانوکتەوو قسەی قـەدیم
یاشەڕرو شوڕرو روژی جەنگ    یاسەرو سواریو دەس‌و تفەنگ
گەرمی ئەکەن بەبی درەنـگ !

*

دەنگی ستیرو لاوکی    بلویرو نای‌و خاوکی
یادەنگی نازی کیژی دور    کەدەست ئەگرەن هەروەک بلور !
ئەتدەن بەدەستی مەی فروش    ئەتکەن بە مەستی بادەنوش
ئەتخەن لەوی بی هوش‌و کوش !!

* * *



# هەولێر

سەر ژماری ناوشار (٣١٠٠٩١)
هی هەمو لوا ( ٢٦٣٬٧٥٣ )

پانایی زەوی هەمولوا
(١٨٬١٧٠) کیلومەتری‌چوار گوشەیی

ریگەی بامەڕرنی ـ موصل
( ١٣٠ ) کیلو مەتر
ریگەی موصل ـ هەولیر
( ٨٦ ) کیلو مەتر

روژی ٨ ی مانگ روژی ( ١٧ )ی کاروانەکەم بو ، شەوی لەسەربانی ئوتیلەکە نوستبوم سەرمام بوبو بەیانی ئیتر چاک بومەوە ، تا سەعات ١٠ لەئوتیل بوم ، عەولا پاشاوئەنور هاتن بولام ، پاشان چوم بو سەرا بو ژوری محامیەکان هەندیکیانم چاوپی کەوت وەکو زیدو محسن. لەویوەچوم بودایەرەی اشغال لە پیشا چومەلای محمود حسن وقادر رشید مهندزی ئەوی بون ئینجا چومەلای نوری‌رشید مهندزی منطقە ، لای ئەوماوەیەک مامەوە. بانگیشتی سبەی نیوەڕروی کردم بو قاوەلتی قسەم نەدایە بەتەواوی . سەعات یەک چوم بو مالی عبدالوهاب بانـگی کردبوم بونیوەڕرو ، عبدالوهاب دەمیکە دوستمە . نان خوراو سەعات ٣ هاتمەوە بو ئوتیل توزی نوستم .

عەسر صابر اسماعیل هات بولام و پاشان عبدالوهابیش هات لەگەل ئەودا چوین بولای شیخ مصطفی ئەفەندی شیخ ابو بکر .

شیخ مصطفی شیخی تەریقەتی نەقشي‌و مەلایشە ، خانەقاو مریدی هەیە ، هەندی لە مریدەکان مەلا بون ، هەر لە دور دورەوە ئەگەر شیخ برڕویشتایە یا دانیشتایە ئەوان دەستیان ئەخستە سەرسنـگیانو بە پی‌وە رائەوەستان . لە حەوشەی خانەقا دانیشتین بەردەمان گول وباخ بو ، چایان هینا خوارد- مانەوەو نویژی شیوامان بە جەماعەت کردو سەعات ٣٠-٨ هەستاین هەروا

مدونة إمارة وتجارة



بە روخی شارا هاتینەوە . من توزی چوم بە ناو شارا گەررام ، شاریکی ساردو سردم هاتە بەر چاو ، هەر لە ئیوارەوە جادەو دوکان چول ئەبیو هەلئەگیری . ناوشار وەنەبی زور پاک و پوختبی ، بزوتنەوەی خانو دروستکردن خراپ نەبو . هەوەسیکی وام نەبو هاتمەوە نوستم ، ئەمجارە لە حەوشە نوستم .

روژی ۹ ی مانگ کە روژی (۱۸)ی کاروانەکەم بو روژی هەینی بو . کارەساتی ئەو شەوە کە ئوتیلو پشیلەو میوانانی ئوتیل بەمنیان کرد نە سەرما بە هەتیوی ئەکا ، نە با بە دەواری شرر ! . .

زەنگی قاپیەکەی حەوشە کەوتبوە ژور سەری منەوە ، لەپاش ئەوە کە سەعات ۱۲ داهاتو قاپی ئوتیل داخرا خزمەتچیەکانی ئوتیل بوخویان نوستن ، مسافرین ئەهاتنەوە زەنگەکەیان ئەکوتا و ئەمجا بە لەقە بەر ئەبونە قاپیەکە تەقوتوق قاپیای دا ئەگرت ! . ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە تەنەکەی خولەکەیان لەلای پێمنەوە دانابو ، نانە رەقوشتی تیدا بو پشلیە ئەهات ئەیکرد بە خشەخش و تەقوهورر ، میشکی منیش لە بەینی ئەم دوانەدا وەکو دەنگی زەنگی کلیسە ئەبوا هەر دەنگی بدایەتەوە ! . تا سەعات سە ئەم تەونا نەمان ئەتەنی ! .

ئەری پشیلە ! . ئەوا وتمان مسافرەکانی ئوتیل فرح الجدید لە هەولیر سەرخوشی قوماری پاش نیوە شەوو مەستی بادەی بەری بەیان بون هەستیان بەوە نەئەکرد کە عینسان نابی عەزیەتی بو عینسانیتر بی ، مادام ئەوانەی لەم ئوتیلەدان نوستونو ئەیانەوی بحەسینەوە ئەبی توزی چاویری ئەملایەنە بکری ، زنگلیدان ، زنگ لیدان بو قاپی بەرشەقدان چی بو ؟ .

ئەوا وتمان شاگردی ئوتیل فرح الجدیدیش لە هەولیر سەرخوشی پرخەی نوستن بو ، چاوی لەوە پوشی کە مسافری ماوە لە دەرەوە نابی بنوی تا دینەوە بو ئەوە خیرا بچی بە دەمیانەوە با نوستوەکان نارەحەت نەکەن .



خوتو نە قومارت کردبو ، نە عەرقت خواردبوەوە ، نە نوستبویت بوچ وات کرد ؟!. ئەگەر بچویتایە قاچی شاگرد ئوتیلەکەت ببردایە بە دەما بو ئەوە هەلبسایە تەنەکەکەی لەشوینیکی تەریکیدور لە نوستوەکانەوە دابنایە بوتباشتر نەبو ؟ ! ! . واللە خوکەریم خویشی کوردیکی ژیرو باشە وەنەبی ئەو حەزبکا ئوتیلەکەی وابی ، بەلام چی ئەکەی لە یونس و مونس ؟ ! .

بەخیر بەم جورە شەوم روژ کردەوەو بەیانی تەراشیکم کردو پاش ماوەیەک چومە مەکتەبەی سەر بەستی - مەکتەبەی سەربەستی مەکتەبەیەکە لە هەولیر کتیبو گوڤارو روژنامەوشتە ئەفروشی - ئیتر عەولا پاشاو ئەنور هاتن بولام هەستاین چوین بو گەررانی ناوبازارر و دوایی من چوم بو مزگەوتی بازارر نویژی جمعەم کرد ، نویژکەر ئەوەندە زوربو شوین دەست نە ئەکەوت . پاشان نویژەکەمان کردەوە چونکە لە هەولیر لە چەند شوین نویژی جمعە ئەکری .

هەولیر شافعی مەزهەبن ، لەسەر مەزهەبی شافعی ئەبی نویژی جمعە هەر لە یەک شوین بکری ، ئەگەر هاتو زەرورەت وای بە پیویست زانی ئەتوانری لە شوینی زیاتریش بکری . لە هەمو شوینەکان ئەبی نویژەکە بکریتەوە مەگەر ئەو شوینەیان نەبی کە « اللە اکبری احرامی » پیش کەوتوە ، خو ئەوەش نازانری ، کەواتە ئەبی نویژ بکریتەوە .

دیسان لەو جمعەیەش نویژ ناکریتەوە کە بە هیچ جور جیگەی یەکیکیتر نابیتەوە ، دیارە ئەمەش مەعلوم نیە ، کە واتە لە هەمو رویکەوە لەو شوینانە کە نویژی جمعە لە چەند لاوە ئەکری ئەبی هەموی بکریتەوە .

خەتیبی ئەم مزگەوتە - مەلا عبداللەی شناغی - پیاویکی ریش سپیبو ، خوتبەکەی لە خوتبە کونەکان بو . پاش نویژ هاتمەوە بو ئوتیل . لەم ماوەیەدا نوری رشید هاتبو بولام بەو نیازە نیوەررو بچینە مالی ئەوازو بچین بو شەقلاوا . ئینجا عەولا ئوتوموبیلی بو ناردم چومە مالی ئەوان

مدونة إمارة وتجارة



نانمان خواردو هەر بەو ئوتوموبیلە هاتمەوە بو ئوتیل ، پاش توزیک بە تەلەفون پی وتم ئەگەر ئەچی بو شەقلاوا ئوتوموبیلەکەی ئیمە هەیە بیبە،منیش لەبەر بی هاورریتی نەچوم .

ئیتر هەستام خوم چوم بو قەلات هەندی بە ناو کولانەکانا گەررام و فیکرەیەکم وەرگرتو هاتمەوە . کە هاتمەوە عونی یوسف هات بولام پیکەوە دەرچوینەوە هەندیکی تر بەناوشارا گەرراین و پاشان چوین بولای حیدر عبدالرحمان ـ کە گویندەیەک بو لە هەولیر ـ .

حیدر ، خانیکی هەبو شوتی تیا ئەفروشرا ، حەوزیکی بچکولەی تیابو بردینیە سەر حەوزەکە شوتیەکی بو شکاندین ئەخولیش هات ، وردە وردە حیدر توزیکی بو وتین ، بەراستی گویندەیەکی زور دەنگ خوش بو ، هەر لەوی منو حیدر نویژی شیوانمان کردو سەعات ٣٠ـ٧ هەستاین من چوم بو مالی عبدالوهاب و پاشان هاتمەوە بو ئوتیل ئەم یادداشتەی خوارەوەی ئیمروژم نوسی: ـ

ئەسلی ناوی هەولیر « ئەربا ـ ئیلو » بووە ، ئەم شارە لەبەر ئەوە کە وەختی خوی شوینی خواکانی ئاشوربووە وە ئەو خوایانەش « ئەربائیلو » ـ یەعنی چوار خوا ـ بوون،شارەکەشیان بە مفەررکی ناوی ئەوانەوە بە ئەربائیلو ناوبردوە . مؤرخەکانی عەرەب کردویانە بە « اربل » . کورد پی ئەلی « هەولیر » . وەکو پرسیم گویا بە ئەفسانە ئەیگیررنەوە ئەلین :

لەپاش شکانی ئاشوریەکان بە دەست میدیەکانەوە کوردەکان هاتوون بە شوین ئەم خوایانەدا گەرراون کەچەپاویان کەن ، سەرەتا وایان زانیوە کە ئەمانە زور زلن هەریەکە بە ئەندازەی کیویک ئەبن ، لەسەر ئەو نیازە زور گەرراون هیچیان بەرچاو نەکەوتوە ، کوتوپرر کابرایەک چوەتە ژوریک سەیری کردوە لەویدان ، بە سەرسامیەکی سەیرەوە بانگی هاوررێکانی کردوە « هو ـ لیرەن ! . » . هو لیرەن بوە بە « هو ـ لیر » هو ـ لیر بە « هەولیر » .



هەولیری کون قەلایەکی بەرزی تورە کە ریژبووە ، لەسەر قەلاکەوە هەمو جورە خانوو کوشکو باروی لی بووە ، لە وەختی خویا شورەو خەندەق بە دەوریەوە هەبووە ، لەم قەلایەدا مزگەوتو بازاررو حەمام هەبووە ، تەنها « سە » قاپی هەبووە، کە قاپیەکان داخراون ریگەی هاتوچو بەستراوە . ئیستە ئەو قەلایە بەو جورە ماوەتەوە ئەوەندە هەیە شورەو خەندەقەکە نەماوە ، بەلام کوشکەکانی قـەراخی ئەو تأریخەی کون هەر ئەگیررنەوە ، ئیستەش ریگەی هاتوچو بو قەلا هەر شوینی سەقاپیە کونەکەیە ، یکیکیان لە جنوبو یکیکیان لە نزیکی روژاوایی و ئەیتری لە شمالەوەیە ، ئەگەر ئەو سە ریگەیە بگیرری دیسان ریگەنییە بو چونە ژورەوە مەگەر بە دەگمەن نەبی . پاشان لە بەردەمیا بنـای شاریکیش کراوە، بە پیشکەوتنی زەمان ئەو شارە هەر پیش کەوتوەو زور بووە .

ئیستە شارە کە روژ بە روژ زورتر ئەبیو پالیداوە بە قەلاتەکەوە ، دوائری حکومەتو بازاررو ئوتیلو کاروانسەرا هەمو لەبەری خوارەوەیە . قەلاکە لەبەر پرری بەکەلکی دانیشتن نایە ، کولانەکانی هەمو تەنـگوپیس ، ئاوی مالان بە کولانەکانا ئەررروا ، خانوو کوشکەکانی هەناسە نادەن ، ئەلین ژیری ئەم قەلایە « کان »ی گەلی بەنرخی تیدایە. ئەو خانوانە کە ئیستە لەسەر قەلاتەکەن (٦٠٠) خانویک ئەبن ، هی خوارەوەش (٤٠٠٠) ئەبی ، پرروژەی ئاو و کارەبا بە هەمویا ئەگەرری بەلام هەردوکیان زور کزن . شوینی شارو قەلاتەکە لە دەشتایە و بە هەر سەلادا هەتا چاوکار ئەکا دەشتە .

روزگاری کوردەواري گەلی کارەساتی دیوە .

کە چاوم بە هەولیرو بە دەشتی هەولیر کەوت کارەساتەکەی ئەسکەندەری ماکدونیو داریوشی سیەم ـ ئاخر پادشای هەخامەنشیـ ـم کەوتەوە بیر کەلە(٣٣١)ی پیش میلادا ئەو شوینەیان کردبو بە مەیدانی جەنـگو داریوش شکاو سەری خوی هەلـگرت ! . ئەو شوینە کە جەنـگەکەی تیدابو یونانیەکان پیان

مدونة إمارة وتجارة



ئەوت ( گاگومیلا ) . فارسەکان پیان ئەوت ( گوگمل ) . ئەو شوینە ئیستە بە ( گوگناوا ) بە ناوبانگەو کەوتوتە پشتی هەولیرەوە بە نزیکەی سەعاتو چارەکیکی پی یانێ وا لە شیویکا .

هەولیر شاریکی کوردە هەرچەندە لە قەلاتەکەدا چەند مالیک هەن قسەی ناومالیان تورکمانی یە بەلام ئەوانیش هەر خویان بە کورد ئەزانن . ئیستگەی کوردی لەچاخانەو هەمولایەک ئەگریتەوە ، بەلام لەو شوینانەی ترکە تائیستە گەرا بوم لەبەر ئەوە کە لە شیوەکەی تی نە ئـــەگەیشتن نەیانئە کردەوە مەگەر وەختی نەبوایە کە بچوایەتە سەر گورانیو وتاری بادینی .

هەولیری ئیمسال زور نەهاتی یە ، ئەچینە ئەو بازاررە هەموی دەستەو ئەژنو دانیشتون ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ولاتەکە ولاتیکی کشتوکالی یە گەنمو جوئەکەن ، پینج هەریمە ئیمسال هیچیان نەیانهیناوە ، دزەییایەتیەکە بە عەمەلەیەتی ئەشغالەوە خەریکن ، ئەمە توزیکی زور کەمی لە کەساسیان کەم کردوتەوە .

روژی ( ١٠ )ی مانگێ کە روژی ( ١٩ )ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان دەرچوم سەریکمدا لە محسن ئاغا ـ رئیسی بلدیە ـ ، لە لایەن چونیەتی ناوشارو بزوتنەوەی ئاوەدانی و ئەمانەوە هەندیشتم لی پرسی هەر وەکو سالانی پیشو وەلامی دامەوە ! . پاشان چوم بولای حماسی مدیری انحصار هەندی توتنی قاچاخ گیرابو لەگەل ئەوە خەریک بون ، ئەویش دیسان وتی هەر بەهوی بی ئاویەوە کاروباری توتن لە لوای هەولیر وەنەبی باش بی ، لەویوە چوم بو مەکتەبەی هەولیر . کوشکەکەی باشو تازە بو ، سالونیکی گەورە بو شوینی خویندنەوە ، ژوری ادارە ، هی کتیبخانە ، چـــەند ژوریکی تر ، میزو کورسی ریکوپیک بەلام موتالاکەری هیچ لی نەبو ، ژمارەی کتیبی گەیشتبوە ( ٣،٢١٢ ) کتیب ، وەکو بوم دەرکەوت تیکرای موتالا-کەران لە سالا روژی پینج کەسی بەر ئەکەوی ! ئەمەش گویا موتالاکەران



لەکاتی کردنەوەی قوتابخانەکانا زور ئەکا بویە ئەم نسبەتە پەیدائەبی ! . ریکو-پیکی کتیبخانەکە خراپ نەبو ، کتیبی عەرەبی و کوردی و تورکی تیدابو . دەفتەریکم نەدی بو ئەو کەسانە کە ئەچن دیدەنی ئەکەن یاد داشتی خویانی تیدا بنوسن .

پاشان چوم بو سەرا ویستم متصرف «اسماعیل حقی رەسول» ببینم، وەزیری زراعەی لا بو . سەرای هەولیر سەرایەکی تازەیە لەگەل سەرای سولەیمانی یەک نەخشەی هەیەو هەردوکیان لەدەوری احتلالا پیکەوە دروست کراون. وەزیری زراعــە رویشت و چاوم بە متصرف کەوت ، لە لایەن اعاشەی هەولیرەوە شتیکم بیستبو کە گویا لە لایەن دەستەو دایەرەی ئەو دایەرەوە پەنجا هەزار دیناری دیارنی یە لیم پرسی وتی : « بەلی ئەوراقیان لەسەیر کردنایەو منخوم بە شەخسي و بە کوشش شوینی کەوتومو ئەمەوی سزایان بدری » . لە لایەن کتیبەکەمەوە ( میژوی ئەدەبی کوردی ) وتی کە چویتەوە بو بەغدا بیستدانەم بو بنیرە با بفروشری ، هەرچەندوتم باشە ، کە هاتیشمەوە هەر نەمنارد . زمانی قسەکردنمان کوردی بو . ئیتر هاتمەوە بو ئوتیل .

ئیمرو لە زور شوین بانگێ کرابوم بو قاوەلتی هــەر یەکە بیانویکم بو هینا بونەوە بەو نیازە کە ئەیانوت کەبابی هەولیر باشە کەبابیک بخوم ، کەهاتمەوە ناردم بو کەباب خواردم بەلام بە گوررەبابم تا ئیستـــە لەو کەبابەم خراپتر نەخواردبو ! . هەر بە تەواوی لەشی تیکدام . عەسر عەونی یوسف هات بە شوینما بە ئوتوموبیلیکەوە چوین بو هەوارگە ـ مصیفی صلاح الدین .

پیرمەم ـ هەولیر (٣٢) کیلومەترەیە ، بە ئوتوموبیل بە (٤٠) دەقیقە چوین ، بە ( ١،٠٩٠ ) مــەتر ئەرروانی بە سەر دەریادا . ریگەکە قیرتاوو باشە ، چواردە پیچ ـ لوفەی تیدا هەیە ، هەر لە دورەوە جریوەی کارەباکەی ئەهات ، ئەم شوینە ( ٣٠ ) کوشکی لەسەر حسابی حکومەت لی کراوە ، کوشکەکان ریکوپیک و شتومەکی تیــدا هەیە ، بە هاوینان خیزانە

مدونة إمارة وتجارة



دەولەمەندەکانی بەغداو شوینەکانی تر ئەچنە ئەوی ، کری هەر کوشکیک مانگی ( ٣٠ ) دینارە بە شتومەکیەوە .

ئیمە کە چوین کوردیکی تریشمان لەگەل بو ، چوین لە باخچەی ئوتیلەکە دانیشتین شوینیکی خوش و دیمەنیکی دلگیربو چایان بو هینایین و بە دەم خواردنەوەیەوە سەیری دیمەنی شوینەکەو دیمەنی ئەوخیزانانە ـ کەلەوی بون ـو دیمەنی سەیرانکەرانی ترم ئەکرد کە ئەهاتن . وزیزی زراعەش هاتبو . پاشان دەستمان کرد بە گەرران لە پیشا هی ناو ئوتیلەکە .

ئەم ئوتیلە لە ئوتیلە هەرە گەورەکانی بەغدا ـ بەپی ئەو شوینە ـ من گەلی بەلامەوە باشتر بو ، سالون و هەمو جورە ژوریکی لی کراوە ، هەر ژورە قەنەفەو تەختی نوستن و حمام و شوینی دەست شتن و ئاو دەستی خوی هەیە ، وەکو خانویەکی سەربەخوبی وایە ، کارەبای ریکوپیکی لی یە ، تەلەفون هەیە ، بوی هەمو وەخت ئامادەیە بو ئیش پیادان ، ئوتیلەکە هەمو لەبەردی مەرر مەرری زورنایابی خو ولاتی یە . پاشان چوینە دەرەوی بە هەمو چوار دەوریا باخ و گولە لەسەر تەرزی تازە . چوین بو سەر حەوزی مەلە ، بو کوشکی سینەما ، بو گازینوەکان .

سەعات ٨ـ٣٠ هاتینەوە بونان خواردن ، چوینە سالونی نانەوە ، ژنو پیاو خیزان خیزان لەسەرمیزیک دائەنیشتن . خواردن قالدرقو بو ؛ لە پیشا شوربا : گوشت و پەتاتەو شتە ، برنج ، شلەبو پیوە خواردنی ، پاش ئەوە وەکو بەستەنی و فررنی ، پاش ئەوە شوتی وکالەک . من کەباب گیانی نیوەررو هیشتا دەردی لەکولم نەبوبوەوە ! هیچم نەخوارد تەنها میوە نەبی ، ئینجا هاتینە سالونەکە سەرو قاوەمان خواردەوە ، حسابیان هینا لەسەر ئاقەز هی ئەو دوانە بە سە قاوەکەوە ١٥٠ ، ١ دینار بو ، هی چاو شیرەکەی ئیوارەش «٣٠٠» فلس ، دیارە میوانی عونی بوین . هەستاین و دەستمان کردوەبە گەرران . مدیری ناحیەی مصیف کمال کەتانەو چەند دوستیکی تر لەوی بون یەکترمان



دی ، ئینجا بە ئوتوموبیل بە هەمولایەکی ئەو شوینەدا گەرراین . جادەکان پرر بون لە گولوپی کارەبا ، کوشکەکان هەمو ئاوەدان بون ، پایەی گەرما ( ٢٥ ) بو .

لەسەعات ١٠ـ١٥ بەری کەوتین هاتینەوە . شیخ حسین کە یەکیک بو لە کاربەدەستەکانی پولیسخانە ئەویش لەوی بو لەگەلمان هاتەوە ، بو سەعات ١٠ـ٥٠ گەیشتینەوە هەولیر و من چوم بو نوستن . لەپیش ئەوەدا بنوین سەرلەبەیان شتیک روی دا با ئەوەش بگیررینەوە :ـ

سەر لە سبەینی بو پیجامەکەم هەر لەبەرا بو لەسەر کورسی رارەوی ئوتیلەکە دانیشتبوم ئەوەندەم زانی کابرایەک هات یونسی شاگرد ئوتیلی بانگ کرد لە بەردەمی منا پیوت : « ئەری پیاویکی ئاواو ئاوا لە بەغداوە هاتوە ، دوینی لەگەل عەونی چاوم پی کموت ئەگەررا ، لەم ئوتیلەیە یا لیرە نی یە ؟ چونکە پولیسخانە ئەبی بزانی کی دیتە شارەوەو کی ئەرروا . » وامنیش دانیشتوم ! . یونس لەناوو نیشانەکەی تی نەگەیشت ، کوتوپرر کابرا خوی چاوی بەمن کەوت توزی سەیری کردم وتی : « هو ، خو ئەوەتە ! . » منیش وتم : « هو ، بەخیرنەیتەوە بو شوین هەلگرتنی کە ئەیکەی ! . » ئیتر ملی حیز کردو رویشت ! .

روژی ( ١١ )ی مانگ کە روژی ( ٢٠ )ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان تەراشیکم کردو محمدو ئیبراهیم هاتن بولام ، پاش ئەوان چوم سەریکم لە چاپخانەکەی گیوداو چوم بو ژوری محامیەکان و لەویوە چوم بولای یعقوب بەگ خوشناو تەلەفونیکم کرد بو سلیمانی . ئینجا بە ئوتوموبیلەکەی یعقوب بەگ ویستم بچم هەندی کەس ببینم ، بولای مدیری معارف چوم نەبو ، بولای رئیسی تسویە چوم نەبو ، توزیکی تر بەناوشارا گەررام و هاتمەوە ، شیخ مصطفی ئەفەندی بانگی کرد بوین بو نیوەررو ، چوین و پاشنان خواردن هاتینەوە من بو ئوتیـــل . سەعات چوار گیو هات بولام و پاشان

مدونة إمارة وتجارة



عبدالوهابیش هات ، لەبەر ئەوە بریارم دابو چوینەوە بولای شیخ مصطفى ، شەوی من خوم چوم هەروا سەریکی نادی عەسکەریم‌داو ئیتر توزی نارەحەت بوم هاتمەوە بو ئوتیل ، لەپیش هاتنەوەم‌دا سەریکی ئیستـگەی شەمەـ نەفەرە کەشم‌دا .

* * *

لەبەر ئەوە دەمە دەمی رویشتنمە چاویکی‌تر بە هەولیرا بگیررینەوە : ـ

لەپیش هەمو شتیکدا ناوشاری هەولیرم بە پاکو پوخت نەهاتە بەرچاو ، لەگەل ئەوەدا کە ریبازی ( هەوراگە ـ مصیف )ەو شوین ئیستـگەی شەمەـ نەفەرە پیشکەوتنیکی وای نی‌یە ، جادەیەکی تازە ئەکری خراپ نی‌یە ، بەشی قەلاتەکەی لەبەر پیسو پوخلی هەر بەکەلـکی دانیشتن نایە ، خوراوای شارەکە بزوتنەوەی خانوکردنی تیدا هەیە ، هەروەها جادەی ناوشاری کەرکوک ـ مصیف. وە مصیف ـ موصل قیرتاو کراوەو ئەوەش خراپ نی‌یە ، شوینەکانی‌ترو کولانەکانی بەربادن . (٣) نادی هەیە : عەسکەری‌و ئەهلی‌و نادی محامین . هی عەسکەریەکە ریکوپیکە ، هی ئەهلیەکە شتیکی وانی‌یە بو قومار ئاوەدانە .

بازارر بە تایبەتی بازارری سەوزەو میوە فروشی لەبەر بی‌سەرو بەری وەکو بازارری گوندیک وایە ، کارەباو ئاو هەیە . ئەوا وتمان ئیمسال بە جوریکی تیکرایی ئاوکەمە ئەی کارەبا بوچ بی‌سەرو بەرە ؟ . ئیمسال هەژاری زور زورە لە هەولیر . ادارەی مەحەلی بو ئەوە توزی لە کەساسی کرمانجاـ یەتیەکە کەم کاتەوە تا سە هەزار کەسیکی بە ریگەکانی ئەشغالەوە خەریـک کردوە . چونیەتی مەکتەبو قوتابیم لە هەولیر بو دەرنەکەوت .

شاری هـــەولیر تیکررا ( ٣٨ ) مزگەوت‌و تەکیەو خانەقای تیدایە . مزگەوتیکی گەورە ـ مزگەوتی جمعە ـو چوار مزگەوت‌و تەکیەی لە قەلاتەـ کەدایە . چوار مزگەوتی جمعەو ( ٢٩ ) مزگەوت و تەکیەو خانەقاش لە خوارەوە بە سەر گەررەکەکانی تەیراوا ، خانەقا ، تەعجیل ، سەیداوا ،



عەرەب و سەتاقانا دا بەش کراوە . هەروەها (٦) گەرماو ـ حمام ـ لەناوشارا هەیە ، یکیکی لە قەلات و پینجیشی لە خوارەوەیە، دیارە دو سینەماشی هەیە.

خانووبەرەی هەولیر سە جورە : جوریکی خشتی‌کال‌و قوررە ، جوریکی خشتی‌سورو زورتر دو نهومە ، ئەم دو جورە لەبابەتە کونەکانن ، جورـ یکیشی چەشنی تازەیە ، خشتی سورو یەک نهوم و خاوەن باخچەیە .

چاپخانەیەک بە ناوی « چاپخانەی کوردوستان » و گوفاریکی کوردی ئەدەبی حەفتەیی بە ناوی « هەتاو »ەوە ـ کە هـــەردوکیان هی « گیوی موکریانی »ن ـ لەم شارەدا هەیە .

رەوشت لە هەولیرا عەنعەناتی بنەمالەی هەیە ، سەر زور لەعەیبـــە ئەکەنەوە ، ئەو عەیبەیە کە هەندیک لەوان سەری لی‌ئەکەنەوە وەنەبی لەراستیدا عەیبەبی بەلام وا کردویانە بەعەیبە ، وەکو ئەوە گەلی خیزانی واهەیە لەقەلاتایە نایەوی بیتە خوارەوە بەلایەوە عەیبە ، تەنانەت ئەلین هی‌واهەیە لەقەلات تا ئیستە چاوی بەخوارەوە نەکەوتوە ، گومان لەمەدانیە ، ئەگەر تیکلاوی مەردم بی گەلی چاترە لەو شوینە تەریکەی دور لە پاکو پوختیەکەوا بنیتەوە وەهیـچ لە ئەشرافەتیش نا کەوی .

جلو بەرگ هی پیاوان کورتەک‌و شەلواری نافەک دریژە ، ئافرەت کە ئەرروا بەناوشارا بەمەعنای کەلمە داپوشراوە ، چارشیو وە یا عەبای رەشی بەسەرەوەیە ، شیوەی پەچەکەیان وەکو هیلەکی رەش وایە . لەهەر دو دەستەکە ئەفەندی‌و عەملودە هەیە بەلام زورتر لە دەستەی کار بەدەستان .

دیسان ساردو سرریەک هەیە لە اجتماعیاتی هەولیرا ، هەر لەبەر ئەمەبو بویە من ئاگاداریەکی وام لەهەولیر بو وەر نەگیرا لەگەل ئەوەشا گەلی دوستم لەوی هەیە ، دیارە ئەم قسەیەکە ئەیلیم بابەتی نەفسی‌یە نەوەک شتیـکی تر . سەیرئەکەی مەردمی هەندی شوین ئەگەر یەکیـک چوە ئەوی اجتماعیاتەکەیانو

هەلسو کەوتەکەیان ریگە بو کەسەکە رون ئەکاتەوە کە ئاگاداربی بەسەر گەلی کاروبارا .

دیسان ئەیلیمەوە ئەمە لیرەدا مەبەستم گلەنی یە تەنها مەبەستم دەر خستنی نەفسیەتەو هیچی تر . بە پیچەوانەی مەردمەکەی دەرەوەی ، ئەوان لە عاداتی کوردی هیچیان لەدەست بەر نەداوە با لەناو شارەکەشا دانیشتبیتن ، لەناوشار بەکوردی قسە ئەکری ، جارجار تورکیش ئەوتری . پایەی گەرما لەم وەختەدا لیرە ( ٤٢ ) بو . گوبەندی دەست نەکەوتنی خانو لە هەولیر زور بو .



# کەرکوك

سەر ژماری ناوشار ( ٧٨،٥٥٤ )
هی هەمو لوا ( ٣١٤،٦٠٥ )

پانایی زەوی هەمولوا
(٢٠،٣٧٦) کیلومەتری چوار گوشەیی

ریگەی هەولیر ـ کەرکوك :
بەئوتوموبیل ( ٩٥ ) کیلومەتر
بەشەمەنەفەر ( ٨٣ ) کیلومەتر

کەرکوك ـ بەغدا :
بەئوتوموبیل ( ٣٨٨ ) کیلومەتر
بەشەمەنەفەر ( ٣٢٢ ) کیلومەتر

روژی ( ١٢ ) ی مانگ کە روژی ( ٢١ )ی کاروانەکەم بو سەر لەبەیان تەراشم کردو خوم ئامادە کرد بو رویشتن بو کەرکوك . شوینیکی ئوتوبیلم لەپیشەوە گرت ، پارەی ئوتیل شەوی ( ١٥٠ )فلس بو وتم فەرموا ، کە ئوتوموبیل هات بەشوینما سەیر ئەکەم شوینەکەی پیشەوە گیراوە ! . ئیتر ئەم چنگە پرچیانە هەیە لەگەل ئوتوموبیلچیەکانا ! هەرچەند وتی لی بوردنت بی وتم نامبی ، بویەش نامبی بائیشی خوت بزانیت ، تو کە ئەزانیت شوینی پیشەوەت گیراوە بوچ قسەبە یەکیکی تر ئەدەی ؟. گەلی سەرزەنشتم کردو بەم شەررە شەقە لیرەش شوینم دەست کەوتو سەعات «دە» بەری کەوتین . بو یانزە گەیشتینە «پردی» لە چاخانەکە لاماندا .

پردی دو پردی مەزنی لی یە بەسەر «زی»وە،لەویش رویشتین بو ١٥ـ١٢ گەیشتینە کەرکوك ، حسابی نوسینی پولیس ـ کە پیاو ئەنوسن لە ئوتوموبیلا ـ بڕرایەوەو چومە ئوتیل شەهرزاد ( ٣٥٠ ) فلس ئوتوموبیلەکەم داو چومە دەرەوە چاویکم بەحاکم رشاد عارف کەوت ، زورم لەگەل خەریک بو بو ئەوە لەمالی ئەوان قاوەلتی بکەین ، چوین و قاوەلتیمان کردو کەینوبەینی ئوتوموبیل دیسان

مدونة إمارة وتجارة



کرایەوە بو سولەیمانی . سەعات «٤» لە کەرکوك دەرچوین روەو سولەیمانی . ریگەی هەولیر ـ کەرکوك زور خوش وقیرتاو بو .

* * *

هەرچەندە ئەمجارە نەمامەوە لە کەرکوك کە بتوانم چونیەتیەکی وا لەناوشار وەریگرم بەلام لەبەر ئەوە کەیاد داشتی کونم هەیەو دیسان لەبەر ئەوە کە ئەم شارە یکیکە لەشارە هەرە بەبایەخەکانی کوردەواري پیویستە بە جوریکی تیکرراي شتیکی لیوە بوتریو سەرگوزەشتیکی بخـــەینە بەر چـــاوی خویندەوارانی ئەم گەشتەوە .

جاری میژوی دروستکردنی ئەم شارە ئەگەرریتەوە بو دەوری « سردنا پال » پادشا بەناوبانـگەکەی ئاشورکە هات و لەپاش دروستکردنی هەندی ئاشوری هیناو تیایا دانا . ئەم شارە بەم جورە ناسراوي خوی پیشاندا تا ئەسکەندەری ماکدونی هات وگرتی ، لەپاش ئەو بەر « سلوکوس » ـ کە یەکی لە سە سەردارەکانی ئەسکەندەر بو ـ کەوت . ئەویش دیسان لی زیاد کردو شورەو خەندەقی بو دروستکردو بەناوی « کەرخ سلوکێ »ە وە ناوبانگی سەند ، ئەویش وەکو پیشینی خوی هەندی تیرەی تری هیناو تیایا دانا .

هوی ناو بانـگ سەندنە کەشی بە « کەرخ سلوکێ » ئەوەبو ، پاش ئەوە کە سلوکوس شارەکەی گرتو دەسەلاتی بەسەرا پەیدا کرد ئارامیەکان پیان ئەوت : « کەرخاد ـ بیث ـ سلوکێ » واتە « کەرخینی » وە « کەرخیتی » کە بەمانا شاری سلوکیەکانە . . وا دەر ئەکەوی ئەم ناوی ئیستەیە : ـ« کەرکوك » ـ لە « کەرخ سلوکێ »ەوە وەرگیراوە بە کورتکردنەوەی هەر دوو وشەکە بەم جورە :

« کەرخ » کەر ـ کەر : شار . . سلوکێ ـ کوك . کوك : سلوکوس . سلوکوس = شاری سلوکوس » .

مؤرخەکانی عەرەب زور رونی ناکەنەوە . یاقوتی حەمەوی باسی



قەلای « کەرخینی » ئەکا هەر ئەوەندە ئەلی : « قەلایەکی بەرزو قایمەو لە دەشتیکایە ، لە بەینی «داقوق» و «هەولیرا» . ئەم قەلایەش لەسەر تەپولکەیەکی بەرزە . »

ئەبی بزانین ئەو تەپولـکەیە کە ئەو باسی ئەکاو ئەلی ئەو قەلایە وا بەسەر ئەوەوە . ئەمە لەناوەراستی هەزارەی دوهەمی پیش میلاددا شاریکێ بووە بەناوی « ئەربەخا » و لەپاشا بووە بە « ئەرافا » .

مـن وام بو دەرکەوتووە « هولاکو » لەپاش پـەلاماردانەکەی بو سەر بەغـدا لە (٦٥٦)ی هجری ، کە گەررایەوە لەوتورکمان و مەغولانە کەلەگـەلی بون هەندیکی لەم کەرکوکی ئیستەیە دانان بو بەربەست کردنی ئاژاوە لەولاتی بەغدادا ـ ئەگەر بو ـ ئەمانە ئیتر بون بەنیشتەجیو مانەوە .

ئەم شاری کەرکوکی ئیستەیە بەبەرزایی ( ٣٤١ ) مەترە ئەرروانی بەسەر دەریاداو شوینـەکەی ـ بیجگـە لە قەلاکە ـ دەشتە ، خانوەکانی زور بلاوەو لەم چـەند سالانەی ئاخرەدا گـەلیـک زور بووە ، کوشکو خانو بەرە لەبەردو گـەچە .

ئەم شارە ئەبی بە دو بەشەوە : بەری «قەلا»وبەری «خوارەوە» . بەری قەلاتەنگە بەرونەفسی قەلا کەلەلایەن خانوو بەرەو کردەوە هەروەکو جوری کون ماوەتەوە . بەری خوارەوە پی ئەلین : بەری قوریە . ئەم بەرەی دەستی ئاوەدانی بەئاشکرا گەیشتوتی ، کوشك وخانوو بەرەی نایاب ، باخچەو خیابانی تازە بابەت . بەهەر لایەکدا برروی بەتەواوی شارستاني تازەت بەرچاو ئەکەوی . روباری « خاسە » بەناوشارا ئەرروا ، پردیکی کونی بەسەرەوەبو ـ کەقەلای بە قوریەوە ئەبەستو لەقسل وخشت دروست کرابو ـ روخینراو لەسەروترەوە پردیکی تازەی ئاسن دورستکراوە . شوینی پردە کونەکەش دیسان ئەگریتەوە بە پردیکی تر . دو جوگەی تر بەناوی «قوریە»و

مدونة إمارة وتجارة



« زیویە » وە دیسان بەناو شارەکەدا ئەڕروا . جاران ئاوی خواردنەوە لەم ڕوبارو جوگانەبو ئیستە پرۆژەی ئاو بە هەمو لایەکدا ئەڕروا . کارەبا تازە بەهیزەکەی شەوی لە کەرکوکا نەهیشتوە .

خیابانە بەناو بانگەکانی : جادەی مەلک غازی ، جادەی مەلك فیصلی دوهەم ، جادەی عبدالاله ، جادەی ئەوقاف . جادەی مجیدیە . گەڕرە کە بەناوەکانی : گەڕرەکی مصلی ، امام قاسم ، زیندان ، چای ـ کەئامانە کەوتونەقە بەری قەلاوەـ .قوریەو وشاترلو و گاور باخی کەوتونەتە بەری قوریەوە .

کومپانی نەوت دەرامەتیکی باشی بو شارەکە پیك هیناوە . لە گەل ئەوەدا کە دانیشتوانی شارەکە زەوقیکی وشکیان هەیە بەلام چونیەتی گوڕرانو تطور چونیەتی کەرکوکی هەلگیرراوەتەوەو هوی رابواردنو شارستانی لەم شارەدا هەیە .

لە قەلادا دو مزگەوت هەیە لەبەلگەی کون ئەژمیررین ، مزگەوتی «نبي دانیال» ، مزگەوتی «ئولو جامع» . هاروەها شوینی سجادە وتەکیەی سید نجیبیش لەبەلگە کونەکانی قەلان . دیسان هەردو بەرەی کەرکوك پرریەتی لەمزگەوتو لایەنی دیانەتیان بەهیزە . لەقەلادا . کەنیشتەی گاورەکان عەنعەناتیکی هەیە . لەم شارەدا لە چەند شوین کتیبخانەی نایاب هەیە . نادی کاربەدەستانی کەرکوك یکیکە لەنادیە هەرە چاکەکانی ئەو ولاتە .

* * *



# باوە گورر گورر

بە ( ٨ ) کیلومەترە لە شیمالی شارەکەوە شوینیکە پیان وتوە وەپی ئەلین « باوە گورر گورر » .

ئەم شوینە تاچارەکە سەدەیەك لە سەدەی بیستەمیش رویشت هەر شوین هەواری شەخسیکی خەیالي بو بەناوی باوە گورر گوررەوە . لەبەر ئەوە کە ئەم جیگەیە وەختی واهەبو چیلکەت ئەدا لەزەویەکەی ئاگری لی ئەبوەوە کوردەکان بەشەخس و گورری پیاو چاکیان ئەزانی ، ژنان ئەچونە سەری بو نیاز گرتنو بو مراز وەرگرتن . بەتایبەتی ئەوانەی کەمنالیان نەئەبولەریگەی دور و نزیکەوە هەلئەستان بارگەیان ئەپیچایەوەو ئەچونە سەر باوە گورر گورر داوای منالیان لی ئەکرد . هەرکە ئەچونو نزیکی ئەبونەوە بەناوی ذکرو پاررانەوەوە ئەیانوت :ـ

باوە گورر گورر ! باوە گورر گورر    جیگەی نیازی ، تو بو کچ و کورر
بەنیازی تو    هاتوم لەدور    هاتوم بولات بو جوتی کورر !

*

باوە گورر گورر ! باوە گورر گورر    گرری نورت دایم بەگرر
هاتومەلات    بەشەرمەوە    کورپە بخەیتە باوەشمەوە !

بەم جورە سرودی خویان ئەخویندو ساچەندە بملانایەوە ئەگەررانەوەو زوریشیان نیازیان پیك ئەهات .

رەوشتی کوردەکان وایە کەبە پیاوی خاوەن پایەی دینی ولەبنەمالەی دینی ئەلین « باوە » . باوە : واتە « بابە » ئەمەش بو گەورەیيو احترامي دینی یە وەکو « باوە پلاوە » و « باوە مەحمو » لەبناری خانەقی ، « باوە گیلدی » و « باوە مەردە » و « باوە خوشین » و « باوە اسحق » لەولاتی هەورامانو

مدونة إمارة وتجارة



سولەیمانیو کەرکوك ، « باوە سەی » واتە « باوە سەید » لەولاتی ئیران وەیا « بابە شیـخ » لەهەمولایێك .

ئەمانە بەم جورە هەرکە بەناوی خویانەوە وەیا بەناوی جنسەکەوە وتویانە .

گورر گورر وەنەبی ناو بوبیت و پیان وتبی باوە گورر گورر ، هەر ئەوەندە بووە لەو شوینە دا ئاگریکی بە گورر گرراوە ولەبەرئەمە ئەم ئاگرەیان بە مظهری پیاویکی دینی وبەشەخسیان زانیوە پیان وتووە «باوە گورر گورر» .

گورر، لە کوردیدا بەمانا بەهیزوتیژەولەگردی ئاگرەوە هاتوە، ئاگریك کە بلیسەو گر ئەستینی ئەو گرەیەبەهیزە ، سەر چاوەکە لەمەوەیە ، ئیتر هەر شتیك بەهیزوتیژ بو ئەلین بەگوررە . باوە گورر گورریش لەبەر ئەمە گریکی بەهیزی هەبووە بەناری مەعناکەوە کردویانە بەناوی شەخسەکە .

ئەم بیرو باوەررە بە سەدها سالە بەرانبەر بە باوەگورر گورر لە کەرکوك لەناو کوردەکانا بلاو بوبوەوە کە شەخسیکە و هیچی تر . ئەمە لە لای ئیمە کە کوردین . ئینجا ئاوریکی تر بو باریکی تر بەلای باوە گورر گوررەوە بدەینەوە : —

ررژاواییەکان دیارە دەمی سالە هاتوچوی روژەلات ئەکەن ، لەم هاتو چوەیانا ئەمەیان بو دەرکەوتبو کە ئاگری باوە گورر گورری کەرکوك ئاگری منال بون نی یە ! . بەم هویەوە لە دەورو بـەری ئاخری سەدەی نوزدەهەمدا بەهوی ئەمانەوە گویچکەی عبدالحمید ـ شای عوسمانی ـ زرنگایەوە بو ئەوە کە لەم ولاتی کوردەواري کەرکوك و موصلەدا شتیکی بەنرخ هەیە . هینای ئەم ولاتەی تیکلاوی ملـکی تایبەتی خوی کردو لە ( ١٨٨٩ ) دا فەرمانیکی شاهانەی دەرکرد کە ئەم شوینانە ملـکی تایبەتی خەزینەی خویەتی .

لە ( ١٩٠١ ) دا لەگەل ئەلەمانیادا ري کەوت بو ئەوە کە دەستەیەك بنیریت لە نەوتی ئەم ولاتە بکولنەوە . لە پینجی تشرینی یەکەمی ١٩٠٣دا



شەریکەی خـەتی ئاسنی ئەنادولی ـ کە شەریکەیەکی ئەلەماني بو ـ ئیمتیازی راکیشانی ریگەی ئاسنی « بەغدا ـ بەرلین »ی وەرگرتو بەم ئیمتیازە ئەو دەسەلاتەی پەیداکرد کە ئەو شوینانە ئەم خەتەی پیائەرروا بە پانایی بیست میل ـ ( ٣٢،١٨٠) کیلومەتر ـ لەم لاو لەولای ریگەکەوە چە « کان ـ معدن » یك لەم شوینانەدا بی لاقەی بکا . ئەم شەریکەیە لەبەر هەرپیشهاتیك بوهات لە ٣١ی کانونی دوهەمی « ١٩١١ » دا حەقی چنگ خستنی نەوتی ئەم شوینانەی فروشت بە هەندی لە شەریکەکانی ئینـگلیزی .

لەم وەختەدا روزگار گورراو عبدالحمیدشا لەسەر تەخت لابراو ئەو زەویو زارانەی کە خستبونیە سەر خەزینەی خوی خرانەوە سەر خەزینەی دەولەت . لەپاش ئەمە شەریکەیەکی تر تازە بە ناوی « شەریکەی ئیمتیازاتی ئەفـەرق روژەلاتی خاوەن سنور »ەوە دروست کرا . هەندی کاروباری تر رویدا لە « ١٠ »ی تشرینی یەکەمی ١٩١٢ ناوی شەریکە کرا بە « شەریکەی نەوتی تورکي خاوەن سنور » . ئەم شەریکەیە لە ٢٥ ی حەزیرانی ١٩١٤ ئیمتیازی خوی لەگەل حوکومەتی عوسمانی تازە کردەوە بو ئەوە کە نەوت لەدو ولاتەی بەغداو موصل دەست بخا . لەم کاتەدا شەرری ٩١٤ ـ ٩١٨ بە سەراهاتو فرمانی شەریکە وەستا ، لەپاش شەرر ئەلەمانیا پی دەر هەواکراو ئەمەریکاو فەرەنسا نیشتنە شوینی .

لە ٩٢٣دا ئەم شەریکەی نەوتی تورکیە کەوتە قسەکردن لەگەل حوکومەتی عراقی بو ئەوە کە بەپی ئەو ئیمتیازەی کە هەبەتی ئیش بکا . بەپی ریکەوتنی ٢٥ ی ئازاری ١٩٢٥ شەریکە لە لایەن حوکومەتی عراقیەوە دەستوری دەستکەوتو ریکەوتن لەسەر ئەوە کە ماوەی ئیمتیاز لە تأریخی ئیمزا کردنەوە ( ٧٥ ) سال بیتو لەپاش دوایی هاتنی ماوەش چی لەم شوینە بەجی ئەمینی لە بیرو لە ریگەی ئاسنو لە لولەو لە مەکینەو لە هەموشت بو حوکومەتی عراق بیت بەبی پارە . بەشی حوکومـەتی عراقیش لەم ئیشەدا ئەوە بو لەهەرتەنە

مدونة إمارة وتجارة



نەوتیك كە ئەبریتە دەرەوە وەیا لە عراقا خەرج ئەكری ( ٤ ) شلنی زیرربیت .
لە ئاخری سالی ١٩٢٦ دا شەریكە چەند شوینیكی هەلبژارد بو ئەوە ئیشی تیدا بكا ، یەكی لەو شوینانە باوە گورر گوررەكەی ئیمەیە كە قسەی لیوە ئەكەین .

ئینجا لەسالی ١٩٢٧دا دەستی كرد بە بیر هەلكەندن لە باوەگورر گورر . لە ١٤ی تشرینی یەكەمی عەینی سالدا ـ كە قوولایی بیر گەیشتە (٤٦٥) مەتر ـ نەوت تەقیەوەو باسقەنەی كرد بەلام چون باسقەنەیەك ؟. كوتوپر ( ٨٠ ) پی بەرز بوەوە لەو قولەیە كە بەسەر بیرەكەوە دروستیان كردبو ! . بەم جورە روژی «١٢» تەنی فرری ئەدا . لیرەدا شەریكە شلەژا نەیتوانی كونەكە بگریتەوە ! . بەهەر جور بو لە پاش هەشت روژ ریبازی نەوتەكەی گواستەوە بو شوینیكی كە بەلام بەهوی ئەو تەقینەوەیەوە ( ٢٠ ) كەس لە ناو چون . لە ٩٢٨ ـ ٩٢٩ شەریكە دیسان ( ٣٠ ) بیری تری لیدا ـ ئەمە بیجگە لە شوینی تەقینەوەكە ـ . بەینی هەر بیریك و بیریك لە ٨٠٠ تا پینج هەزار مەتر ئەبی . قوولایی ئەم بیرانەش لە بەینی ٤٠٠ تا ١١٠٠ مـــەترەیە . ئەم هەلكولینانە دەری خست كە باوە گورر گورر باوە گورر گوررەكەی جاران نی یە نیازی تاقە كوررو كچیكی لی بكری ! . .

لە ١٥ ی جەزیرانی ١٩٢٩ شەریكەی نەوتی توركی ناوی گورداو بو بە « شەریكەی نەوتی عراقي خاوەن سنور » . لە ٢٤ی ئازاری ١٩٣١ برریاردرا كە دەستكاري ریكەوتنی ١٩٢٥ بكری . بەپی ئەم ریكەوتنی دواییە پانایی ئەو شوینە كەبەر دەستكاری كەوت ( ٣٥ ) هـــەزار میلی چوار گوشەیی ( ٦٦٣١٥ ) كیلومەترە . حوكومەتی عراق لەم ریكەوتنەیەدا مەوزخریەكی چاكی دەستكەوت .

ئیتر لەم وەختـــە بەدواوە دوو بورریەی ( ١٢ ) ئینجی لە كەركوكەوە راكیشرا بو لیواری دەریای سپی ناوەراست ؛ یەكي لە لەنی تەرابلس لە لوبنان ، یەكی لە حەیفا لە فەلەستین . پاش ئەمەش دوو خەتی تر دەست پی كرا



بە بورریەی ( ١٦ ) ئینجی هەر بو تەرابلس و حەیفا ، هینەكەی ترابلس دوایی پی‌هینرا بەلام هینەكەی حەیفا لە دوایی هاتنابو وازی لی‌هینرا . ئینجا پاش ئەمانەش خەتیكی تر بە بورریەی (٣٠) ئینجی بو لەنی « بانیاس » لە سوریە راكیشرا . ئەمەیان گەوررەتر بورریەیەك بو كە شەریكە تا ئەم تأریخە رایكیشا بو . لە ١٨ تشرینی دو هەمی ١٩٥٢دا خاوەن شكوە ملك فیصلی دوهەم بە دەستی خوی كردیەوە .

لە تأریخی ١٩٣٤ەوە تا ١٩٥٢ ئەو نەوتە خاوانە كە شەریكە لە باوە گورر گورر وەری گرتوە نزیكەی « ٨٣ » ملیونونیو تەنە . لەم سالانەی دواییەدا هەتا ئەهات دەرامـــەت زیاتر ئەبو ؛ لەسالی ١٩٤٩دا نزیكەی چوار ملیون تەن بو . لە ٩٥٠ دا شەش ملیون . لە ٩٥١ دا نزیكەی هەشت ملیون . لە ٩٥٢ دا پانزە ملیون . لە ٩٥٣ دا گەیشتە ( ٢٢ ) ملیون . ئەم زیادەیەش بەهوی راكیشانی ئەو خەتی بانیاسەوە بو .

شاری باوە گورر گورر ئیستە شاریكی پرر لە كوشكو خانوی نایاب نایابە ، شەریكە ئەوی هوی رەحەتی‌و رابواردن بی لەوی داناوەو دروستی كردوە . ئاگری بورریە بەرزەكانی نەوتەكە بە شەوو بە روژ ئەگری . بەشەو لە هەر چوار قوررنەی ولاتی كەركوكەوە گردی ئاگری باوە گورر گورر گوررەی دی‌و شەوی كردوە بەروژ .

ئەمە بو ژیانی قسنی باوە گورر گورر . كەواتە :

باوە گورر گورر ، باوە گورر گورر  جیگەی نیازی ، تو بو كچ‌و كورر
بە نیـــازی تو هاتوم لە دور  هاتوم بولات ، بو جوتی كورر !

*

باوە گورر گورر ، باوە گورر گورر  گردی نورت ، دایم بـــە گرر
هاتومە لات بـــە شەرمەوە  كورپـــە بخـــەیتە باوەشمەوە !

* * *

مدونة إمارة وتجارة



# سوله‌یمانی

سه‌ر ژماری ناوشار ( ٣٩،٥١٠ )
هی هه‌مو لوا ( ٢٤٩،٠٤٠ )

پانایی زه‌وی هه‌مو لوا
(٩،٥٥٢) کیلومه‌تری چوار گوشه‌یی

ریگه‌ی که‌رکوک ـ سوله‌یمانی
به ئوتوموبیل ( ١١٤ ) کیلومه‌تر .

سوله‌یمانی — به‌غدا
به ئوتوموبیل ( ٥٠٢ ) کیلومه‌تر .

روژ روژی ( ١٢ )ی مانگ‌و ( ٢١ )ی کاروانه که‌مه .

ریگه‌ی سوله‌یمانی زور ناخوش‌و ته‌پوتوز بو ، هویه‌که‌ش ئه‌وه‌بو ریگه‌یه‌کی‌تر تازه ئه‌کریته‌وه له که‌رکوکه‌وه بو سوله‌یمانی به ته‌نیشت ریگه‌که‌ی ئیسته‌دا ، جا له‌به‌ر ئه‌مه ئه‌مه‌ی ئیسته زور ناخوش بووه . به دریژایی ئه‌م ریگه‌یه تا ئه‌چیته سوله‌یمانی که‌مپ‌و چادری شه‌ریکاته‌کانه ـ که خه‌ریکی ئه‌م ریگه‌یه‌ن ـ ، کاریگه‌ر له هه‌مو لایه‌که‌وه ئیش ئه‌کا ، زوربه‌ی ئیش هه‌ر مه‌کینه‌یه . گه‌یشتینه «شیوه سور» شوینی نه‌وته که هه‌ندی به‌نگه‌له‌ی لی بو ئیشی لی نه‌ئه‌کرا ، له چه‌مچه‌مال توزی لاماندا له چاخانه‌که‌و رویشتین ، گه‌یشتینه قلیاسان ، له‌وی چادریکی زوری عه‌سکه‌ري هه‌لیدابو له هه‌مولایه‌که‌وه هاتبون بو ( فرضیات ) ئه‌و ریگه‌یه تا ئه‌چوه ناوشاری سوله‌یمانی له‌به‌ر هه‌مو جوره هاتوچوکه‌ریک وه‌کو ریچکه‌ی میروله وابو .

سه‌عات ٣٠ـ٦ گه‌یشتینه ناوشار، له ریگه‌وه چومه ئوتیل ئه‌وقاف. ئوتیل شه‌هرزاد ـ ، تومه‌ز له‌پیش چونما ته‌له‌فونیان کردبو بو ئه‌وی که ئایا گه‌یشتوم یانه‌گه‌یشتوم ؟. ( ٥٠٠ ) فلس مزی ئوتوموبیله‌که بو دام‌و خوا حافیزی‌بی ! . رئیسی بلدیه‌ی ته‌ویله له ئوتیله‌که‌بو هه‌ندیکم قسه له‌گه‌ل کردو له‌و وه‌خته‌دا احمد زرنگ ته‌له‌فونی کرد بو ئوتیل‌و قسه‌ی له‌گه‌ل کردم که‌نابی له‌وی‌بم . زوری



پی‌نه‌چو ئوتوموبیلیک هات و بردمی بو روژنامه‌ی ژین ، روژنامه‌ی ژین شوین هه‌واری کون‌بو ! .

روژی ( ١٣ )ی مانگ که روژی ( ٢٢ )ی کاروانه که‌م بو ، سه‌رله‌به‌یان پاش نانوچاو ته‌راش هه‌ستام چوم بو بلدیه بولای فایق هوشیار ـ که رئیسی بلدیه بو ـ ، تا سه‌عات یه‌ک مامه‌وه‌و پاشان پیکه‌وه چوینه‌وه بو نان‌خواردن. تا سه‌عات ٤ به قسه کردنه‌وه خه‌ریک بوین و ئیتر هاتمه‌وه بو ماله‌وه ، هه‌ندی که‌س هاتبون بولام، پاش ئه‌وان چوم بولای شیخ محمدی خال ـ قازی‌سوله‌یمانی ـ و هاتمه‌وه ، پاش نویژی خه‌وتنان له‌گه‌ل مه‌لا رحیم چوین بو مالی رمزی ئه‌فه‌ندی ـ رمزی معروف ـ فاتحه‌یه‌کم بو بیخود خویند چونکه ئه‌وه پیشتر ئاگام لی‌نه‌بو ، ئیتر به شعر خویندنه‌وه‌و قسه‌ی ئه‌ده‌بیه‌وه رامانبوارد تا سه‌عات یانزه‌و من هاتمه‌وه بو نوستن .

روژی ( ١٤ ) ی مانگ که روژی (٢٣ ) ی کاروانه که‌م بو ، به‌یانی له‌گه‌ل احمد زرنگ ده‌رچوین له‌پیشا چوین بو خه‌سته‌خانه چاومان به رئیسی صحه دوکتور هاشم که‌وت‌و ویستم هه‌ندی شتی لی‌بپرسم ریک نه‌که‌وت ، هاتینه‌وه بو « مه‌کته‌به‌ی گه‌لاویژ » . مه‌کته‌به‌ی گه‌لاویژ مه‌کته‌به‌یه‌که خاوه‌نه‌که‌ی دایناوه بو کتیب‌و گوڤار فروشتن ، شتی‌تیدا ده‌ست ئه‌که‌وت ، گوڤاره میسریه ره‌نگاو ره‌نگه‌کانی زورتر لی‌بو، سه‌یری هه‌ندی شتمان کردو چوین بو سه‌را بو چاوپی که‌وتنی متصرف « عمر علی » .

فه‌رراشیکی قه‌له‌و له‌به‌ر ده‌رگاکه‌یابو پانتولی ره‌ش‌و چاکه‌تی سپی به دوگمه داخراوی له‌به‌رابو ، ئه‌و جوره فه‌رراشانه‌م له سوله‌یمانی نه‌دیبو ، جله‌که‌ی وه‌کو جلی ره‌سمی وابو ، له جلی فه‌رراشه‌کانی مجلسی وزرای به‌غدا ئه‌چو . به‌هوی رئیسی تحریر مدحت مباره‌که‌وه ده‌ستورمان بو وه‌رگیرا . من هیچ جاریکی‌تر متصرفم نه‌دیبو .

ئه‌م پیاوه پیاویکی عه‌سکه‌ری و زعیم رکنه له له‌شکرا ئیسته به ده‌ستیاو

مدونة إمارة وتجارة



متصرفی لوای سولەیمانی‌یە، پیاویکی کە لەگەت‌وگەنم رەنگ بو، جلوبەرگەکەی ملکی بو . کە چوین‌و لەپاش ئەوە کە ناسیمی جگەرەو قاوەیان هیناو هەندی قسەو گوفتوگوی لەگەل کردم کە چون کاروباری ئەم شارە تیکچوبو وە وا ئیستە بەهوی دلسوزی حوکومەتەوە هەموشتیک هاتوتەوە سەرخوی‌و هەموکاریک بە باشی‌و بی گیروگرفتی ئەرروا ؟. منیش وتم .

« لە هەمو وەختیکا کاربەدەستی حکومەت واستەیە لە بەینی حکومەت و شەعبدا ، ئەگەر ئەو کاربەدەستە باش‌و ئارەزوی لە ریکوپیکی و هیمنی بو ئەوا هەم حکومەت خوشنود ئەبی لە شەعبەکەی هەم شەعبیش خوشنود ئەبی لە حکومەتەکەی ، ئەگەر خو ئەم کاربەدەستەش باریکی‌تری ویست دیارە هەمو وەخت تەنگوچەلەمە ئەبی ، وەمن ئومید ئەکەم ـ وەکو وایە ـ کەئیوە لەو پیاوانەبن کە شەعبی سولەیمانی هەمو وەخت دلی بە حکومەتەوە ببەستری وە حکومەتیش خوشنود بی لەم شەعبە . ». زمانی قسەکردنمان سەرەتا عەرەبی بو ، لەپاشا هاتە سەر کوردی بەلام کوردیەکەی زور بەهیز نەبو .

ئینجا من وتم : ئیمە قەومیکی کوردین ، بیجگە لە دەستگرتن بەداوینی قەومیەتی خومانەوە هیچی‌تر کەلکمان ناگری . » ئەویش وتی : « ئیمروژ تەنها دەستگرتن بە قەومیەتەوە بەش ناکا ئەبی پیاو خەریک بی بو چاک کردنی ئابوری و بەخیوکردنی سامانی قەومیش » . ئەم قسەیەم زور پی‌خوش بو چونکە باوەرری من لەسەر ئەوەیە کە جاران دور نەبو هەر خویندەواري کورد پیش بخا بەلام ئیستە بەهوی ئەم گوررانەوە کە کەوتوتە جیهانەوە ئابوري بو خویندەواري وەکو دوتاکی تەرازوی لی هاتوە چون ئەم بەبی یەکێ سەرناگری ئەویش بەبی یەکێ نایانکری .

ئیتر هەستاین و هاتینە دەرەوە ، من چوم دیدەنیەکی حاکم بهاء الدین قطب‌و قازی شیخ محمدی خالم کردو هاتمەوە بومالەوە . بە پیچەوانەی چاوپی‌کەوتنەکەی جارانم هی سەرای سولەیمانی ، ئەمجارە بە چول هاتە بەرچاوم بو دەرکەوت کە کاروباری هاتوچوکەران بەبی وەستان ئەرروا بویە سەرا چولە .



توزی لەشم تیکچوبو هاتمەوە بو مالەوە نانم خواردو سەعات«٣»چوم بو حەمامی مفتی ، ئەو حەمامە جاران باش‌و خزمەتیکی باشی هەبو ، کەمن چوم کەس ئاورری لی‌نەدامەوە . داوای یکیکم کرد کە بمشوا هەر ئەیانوت وا دیت . حەمامەکە زور گەرم بو منیش لەبەر ئەوە ئەوەندە توانای گەرمام نی‌یە بە تەواوی شرر بوم ، بە هەر جور بو یکیک هات‌و هەروا پشیلە شوریکی کردم‌و هاتمە دەرەوە ! خاولیەکانیشیان پاکێ نەبو . لە رقانا پارەیەکی زیادم بە هەمویان داو خومم رزگارکرد !. کە هاتمەوە ئەوەندەی‌تر لەشم گران بو ئیتر دەرنەچوم . لەم وەختەدا نجم‌الدین مەلا هات بولام کە بە ماموستا نجم‌الدین مەلا بە ناوبانگە هەروا چەند شتیکم لی پرسی ، وەلامەکانی لەسەر پرسیارەکانم بو وتی :ـ

کورری مەلا غفوری کورری مەلا عەلایە ، لە ١٣١٧ی هجری هاتوتە دنیاوە ، سەرەتا لە فەقیەتی و «٣» سال لە رشدیەی عەسکەری خویندویەتی ، پاشان وەکو خوی ئەیلی چەند سالیک بە هەرزەیی رایبواردوە ! . هەر ئەموت هەرزەیی یانی‌چی ؟ . ئەیوت « نی هەرزەیی ، بەلی هەرزەیی ! . » . پاشان قوتابخانەیەکی داناوە دەرزی بە منال‌و گەورە وتوە ، ئەمە ( ٣٠ ) سالە خەریکی ئەوەیە تەنها ( ٣ ) سال نەبی لە ١٩٤٥دا لە انحصار مستخدم بووە ، سالیکی لە بەغداو دوسالی لە رانیە پاشان دەرچوە ، لەو دوسالەی رانیەیدا ژنیکی لەوی هیناوەو هەر شەرری دەنوکی لە گەلا بوە ، دواجار تەلاقی داوەو کچیکی لی‌بو ، کچەکەش بو بە ساقەی‌تو ! .

ئیتر زورتر ژیانی بە نوسینەوەی دیوانی شاعرە کوردەکانەوە خەریک کردوە ، تەبیعەتی لەگەل دیمەنی تەبیعی‌دا هەیە ، زورتر مەیلی بەلای سادەوە بوە ، بەلام نەکێ بو هیچ هەر بو دیمەن پەرستي ! . جار جار بو ئەوە

مدونة إمارة تجارة



شتی چاکی بو بنوسریتەوە ئاشنای بادەیەکە ، ئیستە دوکانیکی گرتوە لەسەر جادەکەی سابونـکەران هەم مەکتەبەو قوتابخانەیەتی ، هەم شوینی نوستن‌و چیشتخانەیەتی .

شاکرفتاح بە دیدەنی هاتبوەوە بو سولەیمانی تەلەفونی بو کردم کەچاوەریت ئەکەم ، شەوی سەعات هەشت چوم بولای توزی دانیشتین‌و ئیتر هاتمەوە .

ئیمرو لە باخچەی گشتي کوبونەوەیەک کرابو بو بلاو کردنەوەی دیپلوم . ئەم کوبونەوەیە ئەوەبو کە ادارەی مـــەحەلی لە سولەیمانی دەورەیەکی شەش مانـگي کردبوەوە بو ئەوە ماموستایان پی بگەیەنی بو بەربەست کردنی نەخوـ یندەواري ، ئەمانە (٨٦) کەسیان لە پیاوانی دیني بون کە لە لادیکانـــو هەندیکیش لەناوشارەوە هاتبون چوبونە دەورەکەوە ، (٧٥)یان لە دەرچوانی متوسطەو ثانوی بون، (٦٦)یشیان لەو کچانە بون کە خویندنی متوسطەیان‌هەبو.

ئەمانە بلاو ئەکرینەوە بە سەر لادی‌و مەکتەباکانا و هەندیکیشیانـــ لە مەکتەبەکانی ناوشارا بو ئـــەوە پیاوە دینیەکانیان دەرزی دین بلینەوە و ئەوانیتریشیان بە شایستەی خویان ، مەبەست لە هەمویانا بەربەست کردنی ئەو نەخویندەواری‌یەیە . جا ئەو کوبونەوەیە لە سەعات پینج دا کرابو بو ئەوە ئەو دیپلومانەیان بدەنی ، متصرف و ئەهلی دایەرەکان‌و ئەهالی و علما چوبون . منیش هەرچەندە بانگ کرابوم بەلام بەهوی لەش تیکچونەوە نەمتوانی بچم .

روژی (١٥)ی مانـگ کە روژی (٢٤)ی کاروانەکەم بو ، سەرلە بەیان لەپاش تەراش‌و نان‌خواردن چوم بو مـــەکتەبەکەی قادراغا تەماشای هەندی کتیب‌و روژنامەم کرد . ئەم شوینە شوینی کتیب‌و روژنامە فروشتن بو ، پاشان لەگەل احمد زرنـگ چوین بولای دوکتور جمال‌و هاتینەوە .

ئەو روژە لەلای قازی شیـخ محمدی خال بانـگ کرابوم بو نیوەررو چومە ئەوی و هاتمەوە ، عەسر عبدالله زیباری‌و انور بامەرنی‌و هەندی کەسی‌تر هاتنەلام و ئیتر دەرنەچوم ، شەوی شیـخ محمدی خال‌و براکانی‌و چەند کەسیک



هاتن بولام لەچیمەنی حەوشەکە رامانبوارد تا سەعات ٣٠ـ٨ پاش ئەوە لەبەر ئەوە لە مالی قادراغای حاجی مەلا سعیدەوە تەلەفونیان بو کردبوین ئوتومو- بیلیان بو ناردین لەگەل احمد چوین بو ئەوی ، شاکر فتاح و فایق هوشیار لەوی بون .

قادراغا کوشک‌و باخ‌و چیمەنیکی خوشی هەبو کەوتبوە روژاوای شارە- کەوە لەسەر ریگەی کەرکوک . کە چوین میزیـکی جوانـکیلانەی رازاندبوەوە . تیشکی زیرینی گولوپی کارەبا لە ناو بادەی شەرابی سوری دلروبادا شەرابی شعرەکەی « نالی » هینایەوە بیرم کە ئەلی :

شەرابی لە علی رومانی لە « نالی » حەرامە بی مەزەی ماچیکی لیوان ! .

بەزمەکە تاجرانەبو ! ، تا سەعات دە لەوی بوین و ئیتر هاتینەوە .

روژی (١٦)ی مانـگ کە روژی (٢٥)ی کاروانەکەم بو روژی هەینی بو ، لەپاش ئەوە کە هەندی کەس هاتن بولام دەرچوم رەوەو بازارر هەندی بە بازاررا گەررام ، بازارریکی پاک‌و پوخت و ریکوپیکم هاتە بەرچاو ، جادەکەی لەم سەر تا ئەو سەر قیرتاو کرابو ، دوکاندارەکان لە ئاسایشی بازارر خوشنود بون ، دو گوزەری تیدا هەیە ، هی « وەسمان‌پاشا »و هی « نەقیب » ئەمانە بازرگان و هەندی جلوبەرگ دروی تیدایە ، راستە بازاررەکە هەمو جورە دوکانیکی لی‌هەیە ، میوەو سەوزی فروشەکانـ ئەوان پیکەوەن .

لە سولەیمانی هەر لەو راستە بازاررەدا شەکرشکین دروست ئەکری ، ئەم شەکرشکینە هەموی زەردە ، دەمەکەی پولایە، بە زەنـگیانە ئەیررازیننەوە، ئەمە دەستـکردیکی جوانی سولەیمانی‌یە .

کاتی جمعە هات چوم بو جمعە ، سولەیمانی هەمو شافعی مەزهەبن لەیەک شوین نویژئەکەن کەپی ئەلین مزگەوتی گەورە، وەیا مزگەوتی « کاکەحمەد» . سەیر ئەکەم وەکو پورەی هەنـگ لەهەر چوارلاوە خەلـکی لی کوبونەوە ،

مدونة إمارة وتجارة



ریگەکان وەکو ریچکەی میروله بەو جورەبون .

ئەم مزگەوتە یەکەم مزگەوتیک بووە لە دەورەی ئیبراهیم پاشای بابان لە سولەیمانی لە ( ١٧٨٣ ) میلادی دروست کراوە ، لە ( ١٨٨٩ ) لە تەنیشت قاپیە گەورەکەیەوە – کە ئەچیتە حەوشەکەیەوە – مەنارەیەکی بو کراوە ، چونیەتی ئیستەی :

حەوشەیەکی گەورەیە ، لە ناوەراستی حەوشەکەوە حەوزی ئاوەو سەرەکەی داپوشراوە و بە دەوریا بەلوعەیە ، بە دەورەی حەوزەکەدا بەردە نویژە ، جنوبی حەوشەکە بەر هەیوانیکە لەبەر هەیوانەکەوە ئەچیتە ژوری مزگەوتی جمعەکە . ئەم ژورە لەگەل ئەوەشا کە زور گەورەبو «٣» سال لەمەوپیشترهینرا لەلای روژاوایەوە بە یارمەتی خەلکی شارەکە هەندیکی تریان خستەسەری ، ئەم ژورە لەسەر کولانیشەوە چەند قاپیەکی هەیە . ئەم بەشە تازەیە بەرزترە لە بەشە کونەکە ، سەری هەمو ژورەکە بەدار گیراوە ، لە ناوەراستی مزگەوتەکەدا لە بەینی دوپایەدا تەختیک بە بەرزیەوە دروست کراوە قرآن خوین ئەچیتە ئەوی لەپیش وەختا قرآن ئەخوینی تا خەتیب لە بەرانبەریەوە ئەچیتە سەر منبەر ، ئەم ژورە شەش هەزار نویژکەریک ئەگریت . گورری هەندی لە پاشاکانی بەبە لە تەنیشت ئەم ژورەوەیە .

ئینجا بە بەری شیمالی حەوشەکەوە هەیوانەو لەپشت هەیوانەکەوە ژوری نویژی پینج فەرزەیە ، بەری روژلاتی ئەم ژورە چەند ژوریکە بو فەقیو مەلا ، ژوریک لەسەرەوەیە ئەوە کتیبخانەکەی شیخ معروف و کاکە حمەدە داخراوە ، بەری روژاوای ژوری فەقیەکانو مەزاری کاکە حمەدە – کەلە «١٣٠٥» هجری مردوەو لەوی نیژراوە – شەباکیکی بەسەرەوەیەو لەسەر شەباکەکەوە پەردەیەکی سەوزە ، ژورەکە پر فەرش کراوە ، چەند لەوحەیەکی ئایاتی قرآن – کە بە خەتیکی گەورەو جوان نوسراون – هەلواسراون ، چەند قرآنیکیشی لییە . زورتر خەلک کە لە نویژی جمعە ئەبنەوە ئەچن زیارەتی



ئەکەن ، بەردەمی مەرقەدەکە سەکویەکە هاوینان جەماعەتی شیوانو خەوتنان لەوی ئەکری . بەری روژەلاتی حەوشەکەش ئاودەستو وسلخانەیە .

هەروەها لە بەری روژاوای حەوشەکەوە ژوری حافزەکانە کە قرآنی تیدا ئەخوینن . لە کوردیدا کەوترا حافز یانی کویرو بی چاو .

حافز لەولاتی کوردەواریو لە پیش دەورەی کاکە حمەدا سەرگەردان بو ، ئەوانەی کەبی چاو و کویر ببونایە بو باری ژیان بە فەلاکەت ئەژیانو داماو وبی دەرەتان ئەبون . کاکەحمەد هات ئەمەی کرد بە رەوشت کە ئەوانەی کویرن قرآنیان پی بخوینن وە خوی لە مزگەوتی گەورەدا شوینو جیگەی بوچاک کردنو ماموستای قرآن خوینی بو راگرتن و نانو شوربای بو ئەناردن . بەرە بەرە ئەم رەوشتە پەرەی سەندو لە هەمو لایک کویر بو خویندنی قرآن روی ئەکردە سولەیمانی . خەلکی شارەکەش پیاوانە دەستیان دایەو لە جلو بەرگ و مەساریفی تر یارمەتیان ئەدان . وردە وردە سولەیمانی بو پی گەیاندنی حافزی قرآن وەکو ئەزهەری میسری لی‌هات بو پی گەیاندنی علمای دین .

ئەم رەوشتە تا ئەم تأریخە هەر رو لە زیادەیەو بەم هویەوە ئیستە حافز لە ولاتی کوردەواری مەگەر بە دەگمەن نەبی ئەگینا هەمویان قرآنیان لەبەرە و هەم ناو و هەم ژیانیان باشە .

لە روژی جمعەدا هەمو شارەکە ئەچن بو نویژی جمعە حەوشەو ژور هەمو پر ئەبی شوینەکەیان پی تەنگە . باوەرریکی وا هەیە کە لە شوینیکی تریش نویژی جمعە بکەن ، بەلام من کە سەیری دەورو بەرەکەم کرد تەماشام کرد شوینی تر هەیە بیخەنە سەر مزگەوتەکە، ئەوە بکری باشترە لەوە کە بکری بەدو شوین هەرچەند فتوای شەرعیش هەیە بەلام عادەتی «١٧٢» سال تیک ئەچی .

چومە ژوری مزگەوت خەتیب پیاویکی گەنج شیخ محمدی شیخ عمری ناو بو، چوە سەر منبەر لە پیشا بە کوردیو ئینجا بە عەرەبی خوتبەی خویند ، هەم القای هەم باسی هەردوکی زور باش بو ، پاش نویژ چوم زیارەتیکی

مدونة إمارة وتجارة



مەزاری کا کە حەدم کردو لەماڵی شیخ مصطفی خاڵ بانگ کرابوم چوم بو ئەوی ، چەند کەسیکی تریشی لی بو ، نان خوراو هاتەوە ، عەسر چەند کەسیک هاتن بولام ، پاش ئەوان چوم بو گەڕران تالای ئەو کوشکە تازەیە کەلە روژاوای شارەکەوە دەست پی کراوەو پی ئەلین «ماڵی حەسانەوە- دار الاستراحة » . ئەمە وەکو ئوتیلیک وایە کە مدیریی خەتی ئاسن دروستی ئەکاو هیشتا تەواو نەبوبو . تاریک داهات هاتەوە ، شەوی چوم بو ماڵی شیخ محمـــد بولای شیخ مصطفی شیخ نجیبی قەرەداغیو پاشان لەگەڵ شیـخ نجم الدین هاتینەوە لای ئیمە تا سەعات یانزە دانیشتین و ئەو رویشتو من نوستم .

روژی ( ١٧ )ی مانگ کە روژی ( ٢٦ ) کاروانەکەم بو ، سەرلەبەیان مدیری انحصار عبدالخالق قطب و حمە رەسول هاتن بولام هەندی دانیشتینو قسەیەکمان لە چونی دوکانەوە کردو پاشان ئەوان رویشتن و منیش دەرچوم هەندیکی تر بەناو شارا گەڕرام ، بو نیوەڕرو جلالی امین بەگ بانگیشتنی بو کردبوین لەگەڵ عزیز ئەفەندی مدیری معارفو دو کەس لە ماموستای پیشەسازي - کە تازە هاتبون - چوینو هاتینەوە .

مەلا رحیم هات بولام ، اجازەیەکی عیلمی لە مزگەوتی شیـخ محمود هەبو مەلا رحیمی پەرخی ئەیدا بە مەلا محمد امین ناویکی شاناخسی ی، بانگیان کردبوم بو ئەو اجازەیە، لەگەڵ مەلارحیم بە عەرەبانە چوین . من پیم خوش بو اجازەیەک بینم . چونیەتی اجازە ئەمەیە لە هەمو وڵاتی کوردەواری‌دا :-

فەقی سەرەتا دەست ئەکا بە خویندن لە فارسیەوە بو عەرەبی ، بەرە بەرە صرف ، نحو ، منطق ، کەلام ، اصول حکمت ، تفسیر ، حـــدیث ، بەلاغە ، ریاضیات ، فقه ، عروض ، ئەمانە هەمو ئەخوینی . لە دە سالەوە تا پانزە ساڵ لەگەڵ ئەم خویندنەدا خەریک ئەبی . پاشا ئەو مەلایە کە ئەم لەلای خویندوە - بە تایبەتی لە دەوری ئاخرا - دینی اجازەی عیلمي ئەداتی .



ئەم اجازە نامەیە بو ئەم عیلمەو بو ئەم ریگەیە وەکو « دیپلوی » دانشسارو دانشگا - الكلية والجامعة - وایە بو ئەو ریچکەیە . اجازە نامەکەش ئەمەیە :

ئەلی « ئەوا لەبەر ئەوە کە ئەم پیاوەم بە شایانی ئەم عیلمە زانی ئەم اجازەمە دایە وەکو چون ماموستاکەی من بەمنی داوە » . ئینجا باسی ئەوە ئەکا کە ئەو ماموستایەش لەکی وەرگرتوەو ئەویتر لەکی وەرگرتوە تا ئەیباتەوە سەر پیغەمبەر درودی خوای لەسەربی . بو ئەم اجازەیە هەمو فەقیو مەلای ئەو شوینەو خەلکی تر کوئەبنەوە ، سە روژ شایيو ئاهەنگە ، لە ئاخر روژا کوبونەوەی رەسمیە ، خەلکی تر بانگ ئەکەن و هەمو دائەنیشن ، دو کەس لە فەقیەکان هەندیک لە قصیدەی بردیە بە دەنگی بەرز ئەخوینەوەو ئەوانیتر بویان ئەسینەوە ، پاش ئەوە چەند ئایەتیک لە قرآن مەلایەک ئەیخوینیتەوە ، ئینجا یکیک هەلئەستی ئەو اجازە نامەیە وەکو خوتبە ئەیخوینیتەوە . اجازە نامەکە بە عەرەبي‌یە ، پاش ئەوە قرآنیکی تر ئەخوینری .

لەپیش ئەمانەدا جبەیەک و میزەریک ئامادە کراوە و خراوەتە بوخچەوە ، ئینجا جبەو میزەر دینن لە بەردەمی ماموستاکە - وەیا مەلایەکی تر عالمی بەرزی ئەو شوینە - دائەنین . فەقیەکە ئەچیتە بەردەمی ، ئەو کەسە جبەکە ئەکاتە بەر فەقیەکەو میزەرەکە ئەبەستی بەسەریەوەو پی ئەلی «پیروزبی» - ئەوە ئیتر بو بە مەلا - .

ئینجا تازە مەلا بە ماموستاکانەوە ئەسوڕریتەوە دەستیان ماچ ئەکاو هەمو پیروز بایي لی ئەکەن . ئەو اجازە نامەیەش کە نوسراوەتەوە ئەوە ئیتر لای ئەو تازە مـــەلایە ئەمینیتەوەو ئەبی بە هی ئەو . لەپاش ئەوە کە شە کراو خورایەوە بلاوەی لی ئەکەن .

کە چوم بو اجازەکە فەقیەکان لە ژوری مزگەوتەکە دانیشتبون ، مەلاکان لەبەر هەیوانەکە دانیشتبون ، فەقیـەکان چامەی بردەیان ئەخوینەوە ، زوری پی نەچو شیـخ محمدی خالیش هات ، جبەو میزەرەکەیان هینا لەبەر دەمی

مدونة إمارة وتجارة



ئەوا دایانتا ، لە سەعات ٣٠ـ٣ دا اجازە نامەکە خوینرایەوە ، پاشان مەلا حەمین هاتە بەردەمی شیخ محمد ـ مەلا حەمین کورریکی گەنج بو ـ شیخ میزەرەکەی بەست بەسەریەوە و جبەکەی کردە بەریو پیروز بایی لی کرد ، ئەویش بە مەلاکانەوە گەررا دەستی هەموی ماچ کردو ئینجا چو دەستی مەلا رحیمی ماموستای خویشی ماچ کرد، شەکراویان هینا خواردمانەوەو هەستاین و من هاتمەوە بو مالەوە .

شەوی مەلا مصطفی‌ی حاجی مەلا رەسولو هەندی کەسی تر هاتن بولام ، تادرەنگیک ، پاش رویشتنی ئەوان وتاریکم لەسەر « ئاگری » بو روژ‌ـ نامەی ژین نوسی و نوستم .

روژی ( ١٨ )ی مانگ کە روژی ( ٢٧ )ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان شیخ مصطفی‌ی شیخ نجیب و چەند کەسیک هاتن بولام ، پاش ئەوان دەرچوم بو سەراو بازارر و کتیبخانەکان .

چومە کتیبخانەی گەلاویژ قانعی شاعر لەوی بو هەندی قسەم لەگەل کرد لە لایەن شعرو ئەدەبەوە ، زور ئەوەی ئەوتەوە کە بەچاو پی کەوتنت خوشنود بوم . ئیتر لەویشەوە چوم بو « مەکتەبەی گشتی » داخرابو ، نیوەررو چوم بولای فایق و چوینەوە بونان خواردن و هاتمەوە ، عەسر بە تەنها سەریکی قەراخ شارمدا و بو نویژی شیوان چوم بولای قازی لەوی نویژمان کردو پاشان بە کومەلی چوین بو مزگەوتی شیخ محمدی بەرزنجی .

ئەم مزگەوتە سەر لەنوی چاک کرابوەوە شیخ نجم الدین بوبو بە امامی ، بو پیروز بایی چوین نویژی خەوتنانمان لەوی کرد ، شیخ نجم‌الدین امامەتیکی باشی کرد ، لەسەر سەکوەکە لەپاش گەرران بە مزگەوتەکەدا دانیشتین چایان هینا خواردمانەوە .

ئینجا لەویوە چوین بولای حاجی برایمآغا ـ کە لە ئاوروپا هاتبوەوە ـ حەوشەو باخیکی پرر لە گولو گولزاری هەبو هەندیک دانیشتین خومان .



خەریک کرد بە قسەکردن لە چونیەتی ئاوروپاوە و باس لە ویلی ئینگلتەرە و هەرزانی و گرانی هەندی لە شوینەکانی ئەوی ، ئینجا هەستاین هەرکە بو شوینی خومان .

روژی ( ١٩ )ی مانگ کە روژی (٢٨)ی کاروانەکەم بو ، سەر لەبەیان هەندی کەس هاتن بولام پاشان لەگەل مەلا رحیم چوین بو بازارر . من ئەو شالە کە لە زاخو هینابوم لە سولەیمانی کردم بە دەستی جلوبەرگی کوردی چوین مشکیو کلاو و پشتینیشمان بو کرری ، لەویوە چوم بولای فایق تەلەفونیکم کرد بو بەغدا و چوم بولای مدیری انحصار ، شیخ مصطفی‌ی خال هات لەویوە چوین بولای رمزی ئەفەندیو ئینجا هاتینەوە بومالی رمزی بانگی کردبوین بو نیوەررو ، ئیمە و شیخ احمدی خال و مەلا محمدبوین . بە راستی قوبولی ئەوەیە مالی رمزی دروستی ئەکەن .

عەسر لەگەل عبداللە زیباری چوین سەریکمان دا لەو مزگەوتە تازەیە کە مالی حاجی علی‌آغا دروستی ئەکەن، مزگەوتەکە کەوتوتە بەینی خوراواو جنوبی شارەکەوە ، هیشتا تەواو نە بوبو ، بە بەردو گەچو شیلمان دروست ئەکرا . ئەم جورە مزگەوتە تا ئیستە لە سولەیمانی نەکراوە ؛ هەم ریکخستنەکەی هەم کەرەسەکەی . لەویوە چوین بو مزگەوتی شیخ سەلام نویژی شیوانمان لەوی کردو سەریکی ژوری فەقیەکانمان داو هاتینەوە .

* * *

چونیەتی رابواردنی فەقی لە ولاتی سولەیمانی ئەوەیە هەر مزگەوتە بە ئەندازەی خوی فەقی تیدا هەیە ، ئەمانە لە ژوریک دائەنیشن ، هەندیکیان کەمیان خویندوە پیان ئەلین « سوختە » لە لای ئەوانە ئەخوینن کە زوریان خویندوە و بەم بەشەیان ئەلین « مستعد » . سوختەکان خزمەتی مستعدەکان ئەکەن . مستعدەکان لە لای مەلای مزگەوتەکە دەرز ئەخوینن تائەبن بە مەلای تەواو و اجازەیان ئەدەنی .

جوری ژیانیان هەمو ئیوارەیەک سوختەکان ئەچن لە گەڕەکە کە هەر مالی نانیک دینن ـ ئەم مالانە خویان ئەم بڕیارەیان داوە ـ لە شیوانیشا ئەچن چیشت دینن ، بو شەکرو چاو مەساریفی تریش ئەهلی گەڕەکەکە چاویان لیان ئەبی .

ئەم دەستەی فـەقیانە بەقنیات بوون ، هەتا ئەم دەورەی دوایی‌یە لە هەمو کوردەواری‌دا فـەقی بو خویندن خویندویەتی ، لەمانە علمای زور گەورە هەلکەوتوون. ئەمانە چرای خویندەواری‌یان بەدەستەوە بووە ، ئەمانە بەهوی عیلمەکەیانەوە بونەتە هوی ئەوە کە بیگانە کوردی ناسیبی ، لە سەرەتای ئەم سەدەی بیستەمەوە گوڕرانی زەمان چونیـەتی ئەوانیشی گوڕریوە . مەلاکانی ئیستە زیاتر بەهوی مانگانەی حکومەتەوە ئەژین ، بە پیچەوانەی هینەکانی پیشوو ، مەردەمەکە بە هەمو جور خزمەتیان کردون و ئەم مـەلایانە پایەیکی بەرزیان لە کومەلدا هەبووەو بە گەورەو پچوکەوە شەرمیان لی کردون .



# دوکان

| |
|---|
| سولەیمانی — دوکان |
| ( ٦٧ ) کیلو مەتر |

دوکان دی‌یکی پچوکی بیست مالی‌یە لە شیمالی روژاوای شاری سولەیمانی‌یەوەو کەوتوتە سەر روباری « زی کوی »یەوە . فرمانی ئەم دی‌یە توتن کردن‌و قەیاخەوانی بووە . ئەم گوندە تا ئەم سالانەی دوایی‌یە هیچ ناویکی نەبووە تەنها ئەوە نەبی ریبازیک بووە لەسەر ئاوەکە بو قەلادزەو ولاتی کویەو هیچی‌تر . لەم ئاخرەدا حکومەت کەوتە سەر ئەوە بو ئەوە کە لە ئاوی ئەم روبارە کەلکیک وەربگری لەو شوینەدا « بەربەست ـ سەد »یک دروست بکاو دەریاچەیەک پیکەوە بنی هەم بو ئەوە لە ئاسیبی لافاو بی‌وەی بی ، هەم بو بەکارهینانی ئاوەکەی لە کاتیکا کە ئاوی دجلەو زی پچوک کەم ئەبیتەوە . بەم هویەوە پرروژەی دوکان کەوتە ناوەوەو بەهوی شەرەکەکانی عالەمەوە دوکان ناوبانگیکی زلی پەیدا کرد . لە ئاخر پلەدا شەریکەی « دیمر »ی فەرەنسزی لە ٣/٢/١٩٥٤دا وەری گرت بە ( ٨،٨١٧،٤٦٠ ) دینار وە بڕیاری دا کـە بە ماوەی (٣) سال دوایی پی بینیت .

ئەم پرروژەیە عبارەتە لە دو ئیشی زور زل . یەکـەم « بەست »یک بە دریژی ( ٣٢٥ ) میترو بە بەرزی ( ١٠٨ ) میتر . دو هەم کونیکی گەورەو چەند کونیکی‌تر . لە پاش ئەوە کە بەستەکە دوایی هات لە شیمالی بەستەکەوە بە دریژایی نزیکەی ( ٤٠ ) کیلو مەتر و لە روژاوایشیەوە بە دریژایی نزیکەی ( ٢٥ ) کیلو مەتر ئاوەکە لەو دەشتەدا پەنگ ئەخواتەوەو ئەبی بە دەریاچەیەک ، بەرزی ئەم دەریاچەیە بە سەر دەریادا ( ٥١١ ) مەتر ئەبی .

هەروەها ئەو ئاوەی کـە لەو شوینەدا کو ئەبیتەوە دانراوە بە (٨/٦)

مدونة إمارة وتجارة



میلیار میتری شەش گوشەیی ، وە پێنج کونیش ئەکرێتە بەستەکە بو ئەوە کە ئاوەکە بەرەلا کرا لەم کونانەوە بڕوا . بڕیار وایە لەم ئاوە هێزی کارەبایی دەست بخرێ و ئەم هێزەش دانراوە بە هێزی ( ٢٥٠،٠٠٠ ) ئەسپ .

* * *

ڕوژی ( ٢٠ )ی مانگێک کە ڕوژی ( ٢٩ )ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیانی عبدالخالق ئوتوموبیلی ناردو لەگەڵ احمد زرنگێک چوین بولای ئەوو ئینجا هەرسێکمان سەعات « ٩ » بەری کەوتین چوین بو « دوکان » .

جیبەکە بەسەر ڕێگەکەدا هاشەی ئەهات ، ئەو ڕێگەیە کە کیوەکانی « یاخیان » و « سورداش » ئەیانڕوانی بە سەریاو مەگەر هەر خوا بزانێ چەندە بەرزبون ، لەولاوە لوتکەی « پیرەمەگرون »ت ئەهاتە بەرچاو کە بە بەرزایی ( ٦،٢٥٥ ) پێ چوبو بە ئاسمانا .

بو سەعات یانزە گەیشتینە ئەوێ ، کوێخا سمایلی تەلان لە دوکان خەبەری وەرگرتبو کە ئێمە ئەچین نان و جێگەی جێ بەجێ کردبو ، کە چوین چەند پیاوێک لە پیاوەکانی هاتن بە پیشوازمانەوە ، کە دانیشتین و توزێ حەساینەوە معاون پولیسی سورداش و مأمور مرکزی دوکانیش هاتن ، نانمان خوارد و سەعات ٣ هەستاین بە جیبەکەی لای خومان بو سەر بەربەست و ئیشەکە کە لە دوکان ئەکرێ .

جارێ هەر کە لە سولەیمانی دەرئەچی ئەگەیتە قلیاسان ئەمە بنکەی شەریکەی « بیتون فیرباو »ی فەرەنسزیە کە ڕێگەی تاسلوجە — سلیمانی چاک ئەکا ، بە هەمو جورە مەکینەیەک ئەو ناوەیان داگرتوە ، ئەگەیتە دەشتی باوەمەردە و باوەگیلدی جادەکە ئیتر لا ئەدا بو دوکان ، شەریکەی « دومیز بالو »ی فەرەنسزی ـ کە کاروباری دوکانی گرتوە ـ لەسەر حسابی خوی ڕێگەیەکی لەوێوە کیشاوە تا ئەچیتە سەر ئیشەکەی خویان .

کە ئێمە چوین ڕێگەکە تا « گردەبور » بە سەریا هاتین لەوێوە ئیتر لامان دا



بو ئاوایی دوکان ، ئەو ڕێگەیە کە ئوتوموبیل بە سەریا ئەچو وەکو بەسەر ماستدا بچیت ئاوا بو خشەی نە ئەهات ! لە گردە بوریش بنەی ئەم شەریکەیە خستبوی بەخویو بە مەکینە ترسینەرو ڕوخینەرەکانیەوە .

لەناو دی دوکان کە دەرچوین پاش ماوەیەک کەوتینەوە سەر ڕێگەخوشەکەی شەریکە ، ڕێگەکە سەرەوژوری بو ، پیچەکانی وەکو پیچی مار وابون ، ئەوانەمان بڕی و سەرکەوتینە سەر شاخ و گردی « زیرراندوڵ » .

ئینجا تیشکی شارستانیەتی ئاوروپا دەرکەوت ! ، دەرکەوت لە شوێنیکا کە تا ئەم تأریخە شوانیش ڕێ نەکەوتوتە ئەو شوێنە کەچی ئیستە ئالای زانستی بە شەریەتی تیا ئەشەکیتەوە ! .

لە ئاستی داری «دوربە» ـ کە دارێکی گەورەیە لەسەر گردەکە ـ کوشک و خانوی شەریکە دەست پێ ئەکا . ئەم شەریکەیە لەو شوێنەدا لەبەردو گەچ و کەرەسەی ئەو شوێنە کوشکی پڕ لەمایەی حەسانەوەی دروست کردوە بو کاربەدەستەکانی خوی ، مجلسی اعمـــاریش دیسان گەلێ کوشکی تری هەر دروست کردوە .

ئەم کوشکانە دو سەد کوشکیک ئەبن ، کارەباو ئاو و باخ و باخچەو ئیرکولەریان هەیە ، کلیسەیەکی لێیە ، گازینوو لوقەنتە بو خویان هەیە ، هەمو جورە خواردن و خواردنەوەیەک تیایانا دەست ئەکەوێ ، مهندس و پیاوی فەنی فەرەنسزی و ئەلەمانی لیرەدا ئیش ئەکەن ، موظفەکان بەژنو پیاوەوە پینجەسەد کاربەدستیک ئەبن هەمویان مهندس و کاری فەنی و عیلمی ئەکەن ، کوشک و بناکان هەمو کەوتونەتە لاپالی کیوەکەوە .

بەسەر ئەم دیمەنەدا چوینە خوارەوە بو سەر بەربەست و کونەکە ، کە گەیشتینە بەر کونەکە لەجیبەکە دابەزین . ئیتر ڕوباری « زێ کویە » کە بە « زابی بچوک » بە ناوبانگە لیرەوە ئەڕروا . وەزارەتی اعمار پارەیەکی زوری داناوە بو ئەوە ئەم بەربەستە لەبەر ئەم ڕوباری زێیەدا بکرێ و دەشتی

مدونة إمارة وتجارة



بیتون بی بە دەریا بو ئەوە لە ئاوەکەی کەلك وەربگیری .

لیرەدا دوشاخ سەری هیناوەتەوە بە سەر روبارەکەدا و زور زور بەرزن ئەیانەوی لە مەعبەینی ئەو دوشاخەدا « بەربەست ـ سەدە » کە بکری . گویا لەبەر ئەوە کە ئاوەکە لا بدەن تا بەربەستەکە بکەن هەر لە تەنیشتیەوە شاخەکەیان کون کردوە بو ئەوە ئاوەکە بەویدا برروا ، لەو ناوەدا بەم جورە بلاویان کردوتەوە لەگەل ئەوە خەرجی کونکردنی شاخەکە لە خەرجی بەربەستەکە وەنەبی کەمتربی ! .

ئەم کونە بە پانایی ( ١٥ ) مەتریك و دریژی ( ١٠٠ ) مەتریک ئەبی ، بەرزاییەکەشی (٣٠) مەتر ئەبی ، هەموی هەر بەردو شاخەو هەلیانکولیوە ، بەراستی ئەم کردەوەیە شارستانیەکی سەدەی بیستەم دەرئەخا ، هەمو جورە مەکینەیەك لەم کونەدا ئیش ئەکا ، کارەبای تیایە ، کریکاری کەمە ، کونەکە دیوە دەربووە . جوانوی تورر لە بەهارا کە ئەکەویتە قەرسیلەوە چون بەبی عەزیەت قەرسیلەکە ئەماشیتەوە ئەم مەکینانەش بەو جورە ئەو بەردو شاخە ئەماشنەوە ! .

کە ئیمە چوین مەکینەیەکی‌تر چیمەنتوی ئەهینا خەریکی ئەوە بون کە ئەشکەوت‌و کەلەبەرەکانی ئەم کونە بە چیمەنتوو کونکریت سیواغ بدەن ، بەردەمی کونەکەیان تا پینج مەترەیەك ئەچوە ناوەوە سواغیان دابو ، لە دەرەوە بە مەکینە بەرد ورد ئەکرا و ئەهاررا ، چیمەنتو ئەگیرایەوە ، هەر بە مـــەکینە ئەبرایە سەر کارەکە ، لە سەرروی ئەم کونەوە دو کونی‌تر لەشاخەکە کراوە .

لەبەر ئەم کونەدا بە سەر روبارەکەوە بە تەختەو سیم پردیك کراوە ، دریژی ئەم پردە ( ١٥٠ ) مەتریك ئەبی ، ( ٣٠٠ ) مەتریك لە روبارەکە بەرزە بە پانایی چوار مەتریك . دروستکردنەکەی ؛ سیمی ئەستوریان لەم بەر بو ئەوبەر راکیشاوەو لە شاخەکانیان قایم کردوە ، تەختەی دو ئینجی



ئەستوریانی خستوە بە سەریا ، بە دو تەلیش لیواریان بو کردوە ، زەلام و ئوتوموبیلی پچوك بە سەریا ئەرروا ، پیاو کە بە سەریا ئەرروا لەپاش توزیك رویشتن پردەکە ئەکەویتە شەکو شوك . لەسەر پردەکەوە زەلام لە خوارەوە زور بە پچوك ئەبینری . یەکەم ئوتوموبیل کە بە سەر ئەم پردەدا تی‌پەرری ( ٥٠ ) دینار ئافـــەرینیان دا بە ئوتوموبیلچیەکەی . بە ئەوەندە ماوە ریگەی سە چارەکێ سەعات ئوتوموبیلیان کورتکردوتەوە .

ئیمەش چوینە سەری توزیك چوین بەولاترەوە کەوتە جولانەکردن ئیتر نەمانویرا بررووین ! زەلامی وا هەبو ئەیویست بپەرریتەوە کە ئەگەیشتە ناوەراستی پردەکە لە جیگەکەی خوی دائەنیشت نەئەمەبو برروا نەئەمەبو بگەرریتەوە ! . کە ئیمە لەوی بوین ئوتوموبیلیکی خویان هات وەکو بروسکە لی پەررییەوە ، هەروەها کارگەرەکانی ئەویش زور بە گورجی هاتو چویان بە سەرائەکرد ، من چەند وینەیەکی ئەو دیمەنانەم گرت‌و ئیتر گەررراینەوە .

لە گەرررانەوەدا بو تەماشاکردن لاماندایە لوقەنتەکە ، زور ریکوپیك و بەویل بو ، چوینە بەر باررەکە سەرو پیپسی کولامان خواردەوە ، پیپسی وا ساردم لەکەم شوین خواردوتەوە .

لەوکاتەدا کابرایەکی کریکاری کورد هات پیپسی بخواتەوە ، لیم پرسی خەلکی کویت ؟ . وتی : مەرگە . وتم روژانەکەت چەندە ؟ وتی : «٣٥٠» فلس . وتم چون ئەمە ئەخویتەوە ؟ وتی : ئەگەر روژی دوجار نەیخومەوە ئوقرە ناگرم ! لیرەدا توزی لە چونیەتی گوررانو شارستانی سەرم سوررما کە کابرایەکی مەرگەیی دنیا وای لی بیت لەو سەر شاخەکە تا ئیستە بە هیچ جورە زەلامی نەدیوە بە ئارەزو پیپسی سارد بخواتەوەو بلیت ئەگەر نەیخو مەوە ئوقرە ناگرم ! .

ئەوەش دیارە کە مەکینەی کارەبای زور بەهیز لەم شەریکەیەدا بە گولویە

مدونة إمارة وتجارة



هەزار ئمرەیی یەکانیەوە لە هــەمو کونو قوژبنیکا ئیشی ئەکرد ، مەکینە و کریکار بە شەوو بە روژ لە ئیش کردنا بون .

ئیتر گـەررا ینەوە تائـەمانەمان کرد سەعات بو بە پینجو هاتینەوە بوسەر روبارەکـە و گەیشتینە سەر قەیاخـــەکـەو بە قەیاخ پەررینەوە ، لە میرزا روستەمیش قەیاخیکی‌تر هەیە لەویش پەررینەوە ، لە « سندوڵان »یش یکیکی‌تر هەبو لەویش هەر پەررینەوە .

یەکی لە قسەکانی ناو ئوتوموبیلی ریگەی قەلادزەمان - کە زور پیوە خــەریک بوین - باسی بی ئاوی ئەستەمول بو کە ئاوی خواردنەوە زور کەمە ، ئەو باسەکاری تی کردین ، کە لە دوکان دەرچوین تینویتی روی تی کردین تا گەیشتینە سەرکانیەکەی «گورری کولك» ئاویکمان خواردەوە ، قادراغای حــەسەناغا بەسەر کریکارەکانی ریگەی ئەشغالەوە بو لەویدا شوتیەکی هەبو لە دەمی خوی گرتەوە و دای بە ئیمە وتی لە ریگەدا نەوەک تینوتان بی بیشکینن بیخون . پاشان کە شوتی شکینرا بو نەگبەتی ئیمە ئەویش سپی بو ! .

ریگەی ئەم ماوەیە قیرتاو نەکرا بو کەچی هەر بە لاپالی کیوەکەشا هەلئە‌ـ زناین و رو بەروی ئەو ولاتە ئەبوینەوە کە کویستانە بەرزە بەناو بانـگەکەی کوردەواری « قەندیل »ی لی‌یەو لە هەر شوینە نە شوینیک لە « ٧ » هەزار تا ( ١١٬٨٠٠ )پی روبەروی ئاسان بوەتەوە .



# قەلادزە

> سەر ژماری ناوشار ( ٣٬٢١٤ )
> هی هەمو قەزا ( ٦٣٬٧١٣ )
> دوکان - قەلادزە ( ٦٣ ) کیلومەتر
> قەلادزە-سولەیمانی (١٣٠) کیلومەتر
> بە ریگەی ئوتوموبیل .

دنیا بو بەشەوە، گولوپی کارەباکەی سندوڵان جریوەی ئــەهات ، بو سەعات ٨-٣٠ چوینە ناوشاری قەلا- دزەو چوینە دایەرەی انحصار ، ئاگادار بون کە ئەچین شوینیـان چاک کردبو ، نانیان دروست کردبو، عبدالله دەرویش و کمال ئەفەندی لەوی کاربە دەست بون ، دانیشتین تا سەعات ١٢ نانمان خواردو پاش توزیک نوستین .

روژی ( ٢١ )ی مانـگ کە روژی ( ٣٠ ) کاروانەکەم بو ، سەرلەبەیان کە هەستام توزی بەناو باخی حەوشەکەدا گەررام ، باخیکی ناخوش نەبو ، پاش نانو چاخواردن لەگەل عبدالخالق و احمد زرنـگ چوین بو سەرا ، قائمقام طاهر شاباز بو ، هەندیک لای دانیشتین ، ئەوان کەوتنە قسەکردنی تەنـگو چەلەمەی توتنەوە .

لەو ولاتەدا هەر توتنـکەریک اجازەی چەند دونمیکی دراوەتی ، پاشان گویا وتراوە بە فەرمانی متصرف دونم زیاد کراوە خەلـکەکە لەسەر ئەو نیازە توتنیان زیاد لە ئەندازەی دونمەکان کردوە ، مدیری انحصاریش ئەیوت مەبەستی متصرف لەم فەرمانەدا وا نەبووە کە بەم جورە بلاو بوەتەوە ، توتنی زیادە زەوت ئەکری .

من و احمد زرنـگ هەستاین هاتین لەگەل مختاری قەلادزەو شیخ محمد امین ماموستای مەکتەب هاتین بو گەررانی ناوشار .

مدونة إمارة وتجارة



ئەم شارە کارەبای نی‌یە بەلام چرای لوکس هەتا بلیت زورە ، رادیو پاتریە، بورریەی ئاو بە هەمو لایەکا راکیشراوە هیشتا ئاویان تی‌بەر نەدراوە ، ئەیانەوی ئاوی ئەم پرروژەیە لەبیر وەر بگرن ، بەم نیازە دو بیریان بە پەمپ هەلکەندوە لە تەنیشتی شارەکەوە ، خەریکی بیری سیهەمن ئەو وەختە گویا ئاوی ئەمانە هەمو بەشی شارەکە ئەکاو ئەیخەنە بورریەکانەوە ، تاقە جادەیەکێ لەناو شارەکەدا هەیە خراپ نی‌یە بەلام هیشتا قیرتاو نەکراوە ، دوکانەکانی زورترن لەکەم ، دو مزگەوتی تیدایە .

چونە مزگەوتی گەورە قوررەکاری تیدا ئەکرا بو زیادە چاکێ کردنی ، مەلا محمد مەلای ئەو مزگەوتە بو ، مدرسەکە حەوشەیەکی‌تر بو قاپیەکەی لەناو حەوشەی مزگەوتەکەدا بو ، هەشت نو فەقی هەبو ، هەندیکیان ( جمع الجوامعیان ) ئەخویند ، مـــەندیلی سپیان دابوە دەور سەریان و کەواو سەلتەیان لە بەرا بو . بە ئەدەبیکەوە لە خزمەت مەلادا بەچوکا هاتبون . مەلا تا ئیستە پینج اجازەی عیلمي داوە ، چایان هینا خواردمانەوەو هەستاین لەپاش ئەوە کە توزی بە بازاررەکەدا گەرراین هاتین بو مەکتەب ، لەناو بازاررەکەدا لە چەند شوینیکێ چاوم بە روژنامەی ژین کەوت درابو بە دیوارەکانەوە ، لام‌وابو لەبەر ئـــەوەبو کە ئاگاداری تاپوی خانوەکانی قەلادزەی تیدا بو .

هاتین بو مەکتەب ، قەلادزە تاقە مەکتەبیکی ابتدائی لی‌یە شەش پولە ، بنای مەکتەبەکە تازەو بو مەکتەب کراوە ، مدیری مەکتەب لەگەلمان هات چونە هەمو پولەکان ، ئەو مندالانە کە تا ئیستە هینرابون خرابونە مەکتەبەوە گەیشتبونە ( ٧٠ ) ، هەمو قوتابیەکان ( ٣٠٠ ) بون ، ئەمە ئەوە ئەگەیەنی کە حەز کردن بە خویندن هەیە لە قەلادزە . لە دومنالی زورپچکولەم پرسی ـ کە تازە هینابونیان ـ وتم حەز بەچی ئەکەن ؟ وتیان بە خویندن .

لە روژەلاتی شارەکەوە گردیکی گەورە هەیە نوختەی پولیسی بە سەرەوەیە ،



لە وەختی خویا دو روبار بەم‌لاو بەولای گردەکەدا رویشتوە ، روبار ( زێ ) پی ئەلین . قەلادزە ناوەکەی لەم دو ( زێ )وە وەرگیراوە . واتە : قەلای دوزێ ـ قەلادزە . ئیتر هاتینەوە بو دائرەی انحصار . دائرەی انحصار وەکو « دار الضيافه »ی قەلادزە وایە . عبدالله دەرویش پلاویکی سەدری بە هەمو بەزمیکەوە دروست‌کردبو ، نانمان خواردو پاش ئەوە قائمقام هات بولامان و سەعات ٣٠ــ٣ بەری کەوتینەوە بو سولەیمانی ، لەریگەدا توز بە هیلاکی بردین .

وەختی بانگی شیوان گەیشتینە چاخانەکەی« کانی سارد » لاماندا ، کابرای چایچی رادیوەکەی لەسەر عەرەبی بو وتم بوچ نایخەیتە سەر کوردیەکە ؟ وتی شوفیرەکەی ئیوە ئەیخاتە سەر عەربیەکە ! . وتم باوکم حکومت رادوی کوردی بو ئیوە داناوە ئەگەر ئیوە نەیکەنەوە کی بیکاتەوە ؟ ! کابرای چایچی زور تەریق بووەوە ، وتم کەواتە هەتا کوردیەکە هەیە هەمو وەخت ئەو بکەرەوەو تەریق مەبەوە ، بو سەعات ٣٠ــ٨ گەیشتینەوە ناوشار هەرکە چوینەوە بو شوینی خومان . لە قەلادزە دەست نەکەوتنی خانو کاری کردبوە سەر دەستەی کاربەدەستان و غەیری ئەوانیش .

پرسیاریکم لە عبدالله دەرویش کرد وەلامیکی دامەوە ، وەلامی‌وا بیدنگێ کەرم کەم بیستبو ! ، من سەیرم کرد ئەمە لەگەل « ئەخول »دا زور لیکێ ئەچن ، لیم پرسی ئاشنایەتی تو و ئەخول چی‌یە ؟ . وتی : « والله شتیکی‌وانی‌یە هەر براین و هیچی‌تر ! . » ئیتر من هیچم پی نەوترا ! . قەلادزە ـ سولەیمانی ( ١٣٠ ) کیلو مەتر بو .

* * *

روژی ( ٢٢ )ی مانگێ کە روژی ( ٣١ )ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان تەراشم کردو جلەتوزاویەکانم گورری‌و چومە دەرەوە . چومە لای سەرتاشیکێ سەری چاکێ کردم بەلام باش نەبو . غفوری حاجی مـــەلا سعید

مدونة إمارة وتجارة



بانگیشتنی کردبو بو « زرر گویز ». ویستم تەلەفونیک بکەم بو خانەقی دەستم نەکەوت . سەعات ١٢ لەگەل قادر مصطفی و احمد زرنگ و ئەورەحمانی تاپوو مدیری حەپسخانە بە جیبەکەی قادر رویشتین .

سلیمانی – زرر گویز ( ١٩ ) کیلو مەترە . تا ئەچیتە باخەکە ( ٢٢ )ە . بە ( ٤٠ ) دەقیقە چوینە ئەوی ، زرر گویز گوندیکە لە جنوبی سولەیمانیەوە . مەکتەب و مستوصفی لی‌یە ، لە سەروی دی‌یەکەوە باخیکە ، ئەم شوین باخە دو سە سال لەمەوپیشتر بیشەلانی و شوینی پیاو خراپ بووە ، ئیستە کراوە بە باخ و لالەزار ، ئاویکی ساردو زوری هەیە ، بە بورریە ئەم ئاوە بەناو باخەکەدا بلاو ئەکریتەوە ، لە سەرکانیەکە سەکوو شوینیکی باش دروست کراوە بو دانیشتنین ، ئەم باخە ( ٢٥ ) دونم زەوی داگیر کردوە ، هەمو جورە میوەیەکی تیدایە کە بە رەوشتی تازەو فەنی مام مـــەحمو بە تەمەنیکی « ٦٥ » سالیەوە بەخیوی ئەکاو باخەوانیەکەی ئەکا .

لە پاشـــا وەکو تی گەیشتم ( ٩٠٠ ) داری سیوو ( ٨٠٠ ) قوخ و ( ٢٠٠ ) هەلوژەی ئەمەریکی و ( ٥٥ ) گیلاسی ئیران بە هەمو چەشنەکەیەوە و ( ٣٠٠٠ ) بادامی دیم و هەندیک هەرمی ئەمەریکی و ( ١٠٠ ) داریکی قەیسی لەگەل هەمو جورە تریەکی زور لەم باخەدا هەیە ، سیوەکان بەلانی کەمەوە هەر بە سیانیان کیلویەک ئەبون ، تری‌وام لەکەم شوین دیبو ، ئەم شوینە ( ٨٠٠ )پی لە سولەیمانی بەرزترە . دیمەنیکی دلـگیرم هاتە بەرچاو ، خوزگا میوەی کوردەواري بەو جورە هەموی پی ئەگەیەنرا . داخەکەم کامیراکەم لەبیر چو بو وینەیەکی ئەو شوبنە بگرم .

کە ئیمە چوین بابە عەلی شیـــخ محمود و خالد نەقشبەندی و کیلی متصرف و صبحی یعقوبی قائمقامی مرکزو فایق هوشیار و مدیری پولیس‌و مدحت رئیسی تحریر و رؤفی شیـــخ صالح و خالە مچەش لەوی بون لەگەل گەلیکی تر ، نانیکی باش دروست کرابو ، خەبیریکی زراعی ئەمەریکیش لەوی بو چەند پەردە



وینەیەکی ئەو شوینەی گرت . احمدو فؤاد معلمو برینپیچی زرر گویز رویان لی‌نام لەگەلیان وینەیەکان بگریت ، قسەم‌دا و ئەمەریکیەکە وینەکەی گرتو خیرا شوردیشیەوە . پایەی گەرما ( ٣٠ )بو . سە خانویش بو باخەوانەکان کرابو .

پاش نان‌خواردن ئەوان خەریکی گەمەو گالتەی قاقەز بون ، منیش بە گەرران و سەیر کردنی دیمەن و خویندنەوە خەریک بوم ، سەعات بو بە ٣٠–٦ بەری کەوتینەوە بو سولەیمانی بو ١٥–٧ هاتینەوە و هەرکە بو شوینی خومان . شەوی هەندی کەس هاتن بولام باسمان باسی نوکات قسەی ئەدەبي بو.

روژی ( ٢٣ ) مانـگ کە روژی ( ٣٢ ) کاروانەکەم بو روژی هەینی بو سەرلەبەیان هەندی کەس هاتن بولام سەعات بو بە ١٥–٩ لەگەل فایق هوشیار چوین بو گەررانی ناوشار ، لەپیشا چوینە باخی گشتي .

ئەم باخە کەوتوتە روژاوای شارەکەوە شوینیکە بە گەورەیي ( ٣٤ ) هەزار مەتری چوار گوشەی . داررشتنی بەردی بناغەکەی لەسالی «١٩٣٩»دا بووە ، بەرە بەرە دەستـکاري کراوە بوچاک کردنی . چونیەتی ئیستەی کەمن چاوم پی کەوت لەپیشا چاوم بە تابلویک کەوت بە خـــەتیکی گەورە نوسرابو ( باخی گشتي ) ئەمە بەسەر دەرگا گەورە ئاسنەکەیەوە داکوترابو ؛ دەورەی ئەم باخە بە دیواری گەچ وخشتی سور دیوار کراوە ، بەتایبەتی لای روژەلات و جنوبی بەشیشی ئاسنینی رەنـگاو رەنـگ ئیمسال پەرژین کرابو.

کە چوینە ژورەوە هەموی چیمەن و گول‌و دار بو ، بەش بەش کراوەتەوە ، لە بەینی بە شەکانا خیابانی راستی چەوریژ راکیشراوە ، روخی خیابانەکان هەمو دارە ، لەو دیوی دارەکانەوە گولی رەنـگاو رەنـگە ، لەو دیوی ئەوانەوە لە هەمو شوینی بە پانایی دو سەد و سە سەدمەتر چیمەنە ، توی چیمەنی تازەی ئەمەریکیان ئیمسال هینابو چیمەنە کونەکانیان هەلـکیشابو ئەمانەیان لە شوینی دانابو ، لە هەمولایک ـ چەلەسەر خیابانەکان چەلەناو چیمەنەکان ـ کورسی بو سەیرانـکەران دانرابو ، بەبن ئەم دارو گولانەدا ئاو

مدونة إمارة وتجارة



هاررە ئەکا ، لە ناوەراستی باخەکەوە حەوزیکی تیابو . ئاوی ئەم باخە ئاوە بەناو بانگەکەی کانیسکان بو ، لەهەمو لایە فوارەی بوررەیە باسقەنەی ئەکرد.

ئەم باخچەیە سە روژ ژنان ئەچن بو سەیری‌و سە روژ پیاوان ، بی گومان هەر کەسەکە ئەچیتە ئەوی لەتاپوی دیمەن‌و لە سەوزی چیمەن‌و لە بونی گولبەن‌و لە گولوپی رەنگاو رەنگ هەمو پەژارەیەکی لەبیر ئەچیتەوە ، وەکو پرسیم بو ئەم پەرژین‌و ئیشوکارەی ئیمسالەی شەش هـــەزار دیناریکی تیا خەرج کراوە . نیو سەعات رامانبواردو هاتینە دەرەوە روەو سەر چنار .

سەرچنار ـ سولەیمانی ( ١٣ ) کیلومەترەیە ، بە چارەکە سەعاتیک بـــە ئوتوموبیل گەیشتینە ئەوی . سەرچنار شوینی سەیرانگای سولەیمانی‌یە ، سەرچاوە و کانیەکانی خوی حەوزیکی بو خوی دروست کردوە ، لە هەمو لایەکەوە ئاو هەلئەقولی ، بە چوار دەورا باخ‌و باخات و گولزارە ، ئیواران خەلکی شارەکە بورابواردن ئەچنە ئەوی ، چاخانەو گازینوو هەمو شتیکی لی بو بەلام ئیستە ئەو نازەی نەماوە ، زیاتر ئەو فیکرەیە هەیە کە ئاوەکەی بدەن بە ناوشار بو خواردنەوەی شارەکەو مەکینەو شتی لی دانراوە ، ئیمە بو ئەو ئاگاداریە رویشتین .

لە بناغەدا سولەیمانی بو ئاوزوري بەناوبانگ بووە ، ئاو زوریەکەشی ئەمە بووە لەوەختی خویا چەندکانیەک بە دەورو بەری شارەکەدا هەبووە ، ئەم کانیاوانە بەگونج‌و کاریز هینراون بو ناوشار ، ئیتر ئەم ئاوە لە گەررانابووە لەم مال بو ئەو مال‌و لەم مزگەوت بو ئەو مزگەوت . کانی وا هەبوە پەنجا مالی کردوە ، ئەم مالانەش هەرکە لە حەوشەی خویانا حەوزیان کردوە ، بە دەورو بەری حەوزەکەدا باخ‌و گولیان کردوە ، لە دورەوە کە سولەیمانیت بەرچاو ئەکەوت پارچەیە دارو درەختت بەرچاو ئەکەوت .

لەپاشا بەپي گوررانی شارستاني پرروژەی ئاو لەسالی ( ١٩٢٩ ) ئەکەوینە سولەیمانی‌یەوە ، ئەم پرروژەیە کوششی حەوزەکانی کەم کردەوەو خویشی



بەشی نە ئەکرد ، بە جرەجرر ( ٣١٢٨ ) شوین ئاوی بەر ئەکەوت‌و ئەوانیتر هیچ ، تاوای لی‌هات بەشدارو بی بەش هاواری بی ئاوي لی بەرزبووەوە . ئاخر فیکرە هینایانە سەر ئەوە کە ئاوی سەرچنار بگەیننە سولەیمانی‌و شارەکە لەم تەنگو چەلەمەیە رزگار بکری . لەم روەوە قسە لەگەل وەزارەتی اعمارا کرا ، وەزارەت بو ئەم کارە ( ٢٢٩ ) هەزار دیناری بەناوی قـــەرز و خوررا‌ییەوە دا بە بلدیەی سولەیمانی ، بلدیەش دەستی کرد بە ئیش کردن‌و سەرەتای ئیش لە سەرچنارەوە دامەزرا ، ئینجا کە چومە سەرچنار سەیرم کرد : —

خانوو بەرەیەکی تازە دروست کراوە ، سە مەکینەی پەمپی ئاورا کیشان‌و فرریدان دامەزرینراوە ، ئەم مەکینانە بە بوررەیەی ( ١٢ ) ئینجی ئاوەکە لە سەرچاوەکەی سەرچنارەوە وەرئەگرن ، لەپاش ئەوە کە ئاوەکە بە کولورین خاوین و پاک ئەکەنەوە ئەیدەنەوە بەو تانکیانەکە لە شیمالی شارەکەوە بو عەماری ئاو دانراون ، لەویشەوە بە بوررەیەی ( ١٠،٨،٦،٤و٣ ) ئینجی بە هەمو کوچە و کولانی ناوشاردا بلاو کراوەتەوە . ئەم مەکینانە لە دەقیقەیەکا ( ٢٢٥٠ ) گالون ئاو وەر ئەگرن و بە بەرزایی ( ٨٥٠ )پی فرری ئەدەنەوە .

کەمن چوم یەکی لە مەکینەکان لەسەر کارەبای هیزی تازە ئیشی ئەکردو خەریکی ریکخستنی دوانەکەی‌تریش بون ، ئەم کارەبایە لە مەکینەی ناو شارەوە وەر گیرابو . وەکو بوم دەرکەوت ئەم ئاوە تا ( ٢٥ ) سالی‌تر بەفراوانی بەشی شارەکە ئەکا هەرچەند لەم ( ٢٥ ) سالەشدا ئاوەداني ناوشار زیاتر بی .

ئینجا لەویوە چوین بو ســــەرکارخانەی چیمەنتوەکە ، باسی ئەو لە شوینیکی‌تر ئەکەم چونکە بەتایبەتی بوی هاتمەوە . ئیتر هاتینەوەبو ناوشارو بو ناو کولانەکان بو سەیرکردنی ئەو رەهەن‌و زیرابانە کە ئیستە لە ناوشار ئەکرین‌و ئەو خیابان‌و جادانە کە هەن .

مدونة إمارة وتجارة



سوله‌یمانی له لایه‌ن جاده‌و خیابانه‌وه وه‌نه‌بی له شوینه‌کانی تر پاشکه‌وتوتربی؛ شه‌قامیکی پانی تازه له روژاوای شاره‌که‌وه بو روژه‌لات ده‌رچووه ، یکیک له کانیسکانه‌وه بو سه‌رشه‌قام ـ واته له شیماله‌وه بو جنوب ـ ئه‌مه‌یان هه‌رچه‌نده ئیسته وه‌کو له قه‌راخ شارابی به‌لام ماوه‌یه‌کی تر له‌ناوشارایه ، یکیکی تر به ناوه‌راستی شارا هه‌ر له شیماله‌وه بو جنوب . ئه‌مه‌یان تائه‌و سه‌ر نه‌چووه ، له ناوه‌راستی شه‌قامه روژه‌لات ـ روژاییه‌که‌وه به ( ده‌وره ـ فلکه )یه‌ک یه‌کی گرتوته‌وه .

هه‌روه‌ها یکیکی تر له روژاواوه بو روژه‌لات ، واته له ریگه‌ی که‌رکوکه‌وه بو سابونکه‌ران هه‌یه ، ئه‌مانه شه‌قامی هه‌ره گه‌وره‌ن ، هی‌تریش هه‌یه ، به تایبه‌تی یه‌که‌م شه‌قامی روژاوا ـ روژه‌لاتیه‌که‌ی . له ناوه‌راستی جاده‌که‌دا کوله‌که‌ی ئاسن بو کاره‌بای تازه داچه‌قینراوه ، ئه‌میتریشیان له‌ته‌نیشت باخچه‌ی گشتیه‌وه تا ماوه‌یه‌کی زور روه‌و ریگه‌ی که‌رکوک ئه‌م کوله‌کانه له ناوه‌راسته‌که‌یا هه‌ر هه‌یه ، سه فلکه‌ی جوانی به‌گول ته‌نراویش هه‌یه ، یه‌کی به‌ر باخی گشتي‌و خانوی متصرف . یه‌کی به‌ر ده‌رکی سه‌را ، یه‌کی رو له سه‌رشه‌قام که ئه‌مه‌یان راست ناوه‌راستی شاره‌که‌یه .

شوین شاری سوله‌یمانی سه‌ره‌ولیژه‌یه ، ئه‌م نه‌خشه‌یه به ته‌بیعه‌ت پرری کردوه له‌شیو ، له‌گه‌ل ئه‌وه‌شا زور زوری‌تر هه‌بو ئه‌بوایه ئاوی پیس‌و خراپ هه‌ر بکرایه‌ته کولانه‌کانه‌وه . ئه‌م کرده‌وه‌یه کردیه‌کاری زیراب‌و ره‌هه‌ن دروست بکری به‌م بونه‌وه ئه‌وی من چاوم پی که‌وت‌و پیایا‌گه‌ررام له هه‌مو کولانه گه‌وره‌کانا ره‌هه‌ن لی‌دراوه‌و داپوشراوه ، ئه‌مانه بو ئه‌وه که جاریکی که ئاوی پیس‌و بوگه‌ن نه‌کرینه کولانه‌کانه‌وه . له‌پاش ئه‌م گه‌ررانه چوین بو شوینی مه‌کینه‌ی کاره‌بای تازه .

* * *

سه‌ره‌تا دامه‌زراندنی کاره‌با له شاری سوله‌یمانی له سالی ( ١٩٣٠ )دا بووه وه ئه‌م کاره‌بایه له‌سه‌ر هیزی کون ئیشی کردوه ، دور نه‌بووه ئه‌و وه‌خته به‌شی



شاره‌که‌ی کردبی ، له‌پاشا زور بونی شاره‌که کردویه‌ته کاری که به هیچ کلوجیک کاره‌با فریا نه‌که‌وتوه ، به‌لکو ته‌نها ( ٢٥٤٨ ) شوین به دوائری حوکومه‌ت‌و دوکانو مالانه‌وه کاره‌بایان ده‌ست که‌وتوه‌و ئه‌وانیتر بی روناکي ماونه‌ته‌وه . جاله‌به‌ر ئه‌مه بلدیه هیناویه به ناوی وام‌و خوررایه‌وه (٩٠) هه‌زار دیناری له وه‌زاره‌تی اعمار وه‌رگرتوه . شوینی کاره‌با کونه‌که له‌ناوشارابو له ته‌نیشت مزگه‌وتی هه‌مزاغاوه ، دیاره کارگه‌و کارخانه نابی له‌ناوشارا بیت ئه‌مجا هیناویه له شیمالی شاره‌که‌وه له ده‌ره‌وه شوینی بو دروست کردوه ، چوین بو سه‌یری ئه‌م شوین‌و مه‌کینانه .

له دوره‌وه سه‌رایه‌کی زور گه‌وره‌ت به‌رچاو ئه‌که‌وی ، به‌وریی به دی‌یه چوینه ژوری ئه‌و کوشکه‌وه ته‌ماشام کرد پینج مه‌کینه‌ی گه‌وره دامه‌زرینراون ، دودانه‌یان هه‌ر ته‌واو ته‌واوبوبون ، یکیکیان له گه‌ررابو هیزه‌که‌ی ئه‌دا به مه‌کینه ئاوه‌که‌ی سه‌رچنار . دوشیان ئیشیان تیا ئه‌کرد بو ته‌واو بون ، ئه‌وی که‌شیان هه‌ر یه‌ده‌ک‌بو دانرابو بو وه‌ختی پیویستي ، ئه‌م کاره‌با تازه‌یه له‌سه‌ر هیزی تازه ئیشی ئه‌کرد .

خه‌تی کاره‌با دو خه‌ته ، ئه‌م دو خه‌ته ئه‌دری به‌وایری ئه‌و ریزه دو کوله‌که تازانه که به‌ده‌وری شاره‌که‌دا دامه‌زرینراون و له‌وانه‌وه بو هه‌مو ناوشار و کونو قوشبنیک . ته‌نها چوار مه‌کینه‌که ( ١١٠٠ ) کیلواته ، مه‌کینه‌ی پینجه‌م ( ٦٠٠ ) ڤولته ، وه‌کو بوم ده‌رکه‌وت ئه‌م کاره‌با تازه‌یه تا ( ٢٥ ) سالیتر به پوختی به‌شی شاره‌کا ئه‌کا با هه‌مو سالیش شار زیاد بکا .

هه‌ر له ته‌نیشت ئه‌م مه‌کینه‌یه‌وه دو تانکی زور گه‌وره‌یه بو ئاو چوون به‌عاسمانا ، ئه‌مانه‌ش هه‌ر یه‌که ( ١٨٠ ) هه‌زار گالون ئاو ئه‌گرن ، مه‌کینه‌کانی سه‌رچنار ئاوه‌که‌یان ئه‌ده‌ن به‌م عه‌مارانه‌و له‌مانه‌وه به‌سه‌ر شارا بلاو ئه‌بیته‌وه .

مدونة إمارة وتجارة



گەررانەوە بو ناوشار ، لەگەررانەوەدا سەیرم کرد بە تەنیشت ئەم مەکینانەدا جادەکە ئەیەوی روەو ئەزمەر پاتر ببیتەوە ، پاشان وەکو بوم دەرکەوت ئەیانەوی تاماوەیەکێ ئەو شەقامە بەو جورە بەرن‌و قیرتاوی کەن‌و کارەبای تی بەرن‌و لەو سەریەوە [ دەورەیەکێ ]ی لە دروست کەن .

روەو بازارر هاتینەوە ، سەیرم کرد لە شوینیکێ کریکار ئیش ئەکا تومەز ئەمە دەبوەکەیە ئەیرروخینن‌و لەپاشا شوینەکەی ئەکەن بە دوکان‌و سینەماو شتە . ئەم دەبوە شوین سەرای دەوری عثماني بووە پاشان نەویستراوەو هەروا بەبی کەلکی‌و کەلاوەیی ماوەتەوە .

ئینجا بە پیان هاتین‌بو ناو بازارر لەگەلی شوینی ریزە دوکانی تازە دروست کرابو هەندیکی لە کیسەی بلدیەو هەندیکی هی مەردمی‌تر . بازارر هەمولایەکی گەررراین ، هەستم کرد دوکاندارەکان لەم کاروبارانە خوشنودن‌و دلیان بەم چونیەتیە خوشە ، بە جوریکی تیکرراپي بازاررو ناوکولان پاکێ‌و پوختیەکی وای پیشان ئەدا کە لە کاروانی سالەکانی‌ترم زیاتر بو .

چوینە بازارری مەزاتخانەکە [ بای احمد ] لە کەرکوکەوە هاتبو قالی بکرری گرتمی سەیری قالی بو بکەم وتم من هەر ئەوەندەی لی ئەزانم ئەگەر بەقسەی ماموستای خوت ئەکەی مەیانخەلەتینەو هیچی‌تر ! . لەویوە چوین سەریکمان لە حاجی برایماغادا و ئیتر من چوم بو نویژی جمعە . پاش نویژ چومەوە بومالی فایق نانم‌خواردو هاتمەوە توزی راکشام .

عەسر سەریکم لە شیخ نوری بابەعەلی داو پاشان بو ئیشی یکیک چوم بو شوینی نامق قزاز چاوم بە رمزی بکەوی . نویژی شیوانم بردە مزگەوتی شیخ مصطفی‌ی نەقیب ، مزگەوتیکی تازە دروست کراوەو شوینیکی فراوان‌و نویژکەریکی زور رویان کردە خوا . پاش نویژ حاجی قادری جەبار لەلایەن ئەم مزگەوتەو دروست کردنەوەیو رابواردنی مەلاو فەقیەکانیەوە هەندی قسەی بو کردم و هاتمەوە بومالەوە ، چەند کەسیک هاتنـــەلام پیکەوە



بە قسەوباسی ئەدەبیەوە ئەو شەوەشمان رابوارد .

روژی (٢٤)ی مانگێ کە روژی ( ٣٣ ) کاروانەکەم بو سەرلەبەیان پاش نانوچاخواردن چومە دەرەوە بولای سەر تاشیکێ سەرو ریشی تاشیم بەلام فسەی خومان بی وەستای سەرتاش لەسەری منا ناشی‌بو . فلانی وا دیارە من بەختم لە حەمام‌و سەرتاش‌و ئوتوموبیل‌و یاپراخدانی‌یە ، من هەر ئەلیم ناخوم یاپراخ ، ئەو هەر ئەلی ئەبی بخوی ! ! . چوم بوسەرا بولای شیخ احمدی خال ملاحظی ادارەی محلی بو وەرگرتنی هەندی ئاگاداري لە لایەن کاروباری محلیەوە . چاوم بە حەمە بچکول‌و هاورریکانی کەوت ، شارباژیرریش زور بە پەروشەوە خـــەریکی دەفتەرەکەی‌بو . دەرچوم بو بلدیە مهندسی کارگەی چیمەنتوی سەرچنارو رەمزی قەزازم لەوی دی بریارماندا سەعات‌پینج بچم بولایان بو وەرگرتنی هەندی ئاگاداري لە لایەن ئەو کارگەیەوە . ئیترچوم بو مەکتەبەی گشتي .

مەکتەبەی گشتي شوینیکە هـــەموکەس ئەچی بو خویندنەوە . ئەم مەکتەبەیە لەشیمالی شارەکەوە کەوتوتە سەرجادەی ریگەی ئەزمەر . کوشکیکی تازە دروست کراوبو ، سالونیکی گەورە بو شوینی خویندنەوە ، بە ناوەراستا میز دانرابو، بە دریژایی میزەکە ئەسکەملی بە دەوریا دانرابو . کە چومە ژورەوە هەشت کەس خەریکی خویندنەوە بون لەویدا ، لیستەیەکی پەرروت بو کتیبەکان لەویدا هالواسرابو ، چەند وینەیەکێ لە پیاوانی شعرو ئەدەبی گەلی قەوم خرابونە شوشەو هەلواسرابون ، لەهی کوردا « مەولەوی » و « پیرە میرد »ی تیابو ، بە دەورەی ئەم سالونەدا چەند ژوریکی‌ترهەبو ئەوانەش هەر بو خویندنەوەو دانیشتن .

لەپاش ئەوە کە گەررانیکی ئەم ناوەم‌کرد چومە ژوری کتیبخانەکە ، چەند دولابی کتیب بە چوار دەوری ژورەکەدا دانرابون ، پیانا گەررام هەمو جورە کتیبیکێ لە کوردي ، فارسی ، عەرەبی ، تورکی‌و ئینگلیزی

مدونة إمارة وتجارة



هەبو، زورتر ئەمانە هەریەکە دولابیکی تایبەتیان هەبو تەنها هی کوردیەکە نەبی وەکو هەتیو تیکلاو بەوانیتر کرابون ! . هەر لەو ژورەدا کورریک لەسەر کورسیەکێ دانیشتبو میزیکی لەبەر دەمابو بە مەعموری کتیبخانەی تی گەیشتم . ئەسکەملیەکی تر لەلایەوە بو منیش چوم قیت لەسەر ئەسکەملیەکە دانیشتم! باوەررەکەم راستبو مەعمور بو ناوی عبدالـکریم عارف بو تازە هاتبوە ئەوی زور شارەزانەبو منیشی نەناسی ، ئەوەندە لوتی پیا نەهینام .

ئیجا هەندی شتم لی پرسی و وەلامی دامەوە . بوم دەرکەوت پاش نیوەرروانی دوشەنبەو پینج شەنبە خویندنەوە بو ژنانە ، روژەکانی تر هەمو بو پیاوانە . ئەوانەی موتالائەکەن زورتر قوتابین پاش ئەوان کاربەدەستان . زورتر هەوەس لەسەر کتیبی ئەدەبی هەیە ئینجا کومەلایەتی . تیکررا هەمو روژیک موتالا کەران ئەگەنە ( ٣٠ ) کەس . ئارەزو بو موتالا هەیە ، کتیبی ئەم کتیبخانەیە ( ٣٧٤١ ) بەرگە .

کە ئەم ئاگاداریانەم دەستکەوت دەفتەری دیدەنی کەرانم لی وەرگرت و لەوشتانە کەتیاما نوسی وتم : «ئەبی دولابیکی تایبەتی بو کتیبی کوردی تەرخان بکری وە ئەو وینانە کە هەلواسراون پیویستە لە ژیریانا بنوسری کە ئەمە لە فلانە شوین وەرگیراون» . ئیتر هاتمە دەرەوە ویستم سەیریکی باخەکەی بکەم تەماشام کرد هیشتا کاریگەر هەر خەریکە ئیشی تیدا ئەکا و پوختی ئەکەن .

لە دەرچونا بوم کوتوپرر کوررەکە هات بە شوینما وتی نەمناسیوی داوای لی بوردنی کردو زور خەریکبو کە بچینەوە ژورەوە ، وتم ئەوی کەمەرام بی وەرگیرا ئیتر پیویستنیە ، راستیش بو نەیناسیبوم چونکە لیم پرسی لە ژورەوە کە ئایا مەلاو فەقی دین بو خویندنەوە ؟ وتی نایەن مەگەر زور کەم مەلایەکی وەکو تو تەشریفی بیت !

ئینجا ئیجگاری هاتمە دەرەوەو چوم بو دایەرەی ئاو و کارەبا چومەلای رەمزی ئەفەندەی ، تەلەفونیکم لەویوە بو قادر مصطفی کرد کە سەعات پینج



بەجیبەکەیەوە بیت بچین بو سەرچنار . وتی لەگەل هەندی دوستا برریارمان داوە بچین بو ئەزمرر ئەبی تویش بیت ، منیش هەرچەند ئەو روژە توزی نەساغ بوم بەلام لەبەر ئەوە ئەزمرری ئیستەببینم وتم باشە . راسپیریم نارد بو رەمزی قەزاز کە سبەینی دیم بو سەرچنار .

سەرم زور ژانی ئەکرد ئەسپیرویەکم خوارد هاتمەوە بو مالەوە تی فیکریم زور تیچکووم ناچـار دەرمانی رەوانیشتم خوارد ، ئیتر نیوەررو هیچم نەخواردو لەمالەوە کەوتم .

سەعات «٣» قادر دیار نەبو ، لە سەعات چوارا میرزاکەی تەلەفونی بو کردم کەری نەکەوت بین بە شوینیا چونکە شەوی درەنگ دینەوە ! . پاش ئەمە شیخ نوری و دەستەیەک مەلا هاتن بولام بە نوکتەو قسەی خوش رامانبوارد ، بو ئیوارە بە خەلیلوت شوربایەکم بو دروستکا . شەوی دیسان دەستەیەکی تر هاتنەوە لەگەل عبدالله زیباریدا ، قسەی ئەو شەوەشمان هەر ئەدەب بو بەلام لەشم هەر گرانبو .

روژی ( ٢٥ )ی مانگ کە روژی ( ٣٤ )ی کاروانەکەم بو سەر لەبەیان کە دەرچم لەگەل احمد زرنگ چوین سەریکمان لە شوینەکەی نجم الدین مەلادا ، شوینیکی سەیر بو، هەم قوتابخانە و شوینی نوستن بو ، هەم چیشتخانەو کتیبخانەی بو، چەند کورسیەکی تیدا دانابو بو منالەکان، دولابیکی هەبو پرریبو لە کتیبی دەستنوسی خوی کە دیوانی زورتر لەشاعرە کوردەکان بو ، چاوم بە دیوانەکان هەمو کەوت ، دەفتەریکی پیشاندام هەر لاپەررەیەکی تەرخان کردبو بو یەکی لەو قوتابیانە کەلە لایان خویندوە یا ئەخوینن ، وینەو تەمەنیانو ئیشیان تیابو ، هەروەها زورتر لە روژنامە کوردیەکانی لابو کە تائیستە دەرچوبون ، دیسان « ئەلبومیک »ی پیشاندام وینەی گەلی لەشاعرە کوردەکانی تیدابو . بە کورتی کەینوبەینی ژورەکەشی ئەتوت مالی باجی زەمزەمە ! . دو پشیلەی کەلەزلیشی هەبو ئەوە نوبەتچی قاپی بون !

ئیتر دەرچوین من بەتەنیشت محمد عەلی مەدهوشدا چوم بولای مـدیری مەعارف بو وەر گرتنی هەندی ئاگاداري لەلایەن مەعارفی سولەیمانیەوە ، هاتمەوە سەریکی مەلا محسینمدا کەتازە لە بەغداوە هاتبو بو مەلایەتی مزگەوتی مفتی ولەلای مەلاعبداللەی چررستانی بانگ کرابوم بو نیوەررو چوم بوئەوی چەند مەلایەکی کەشی لی بو ، پاش نان خواردن بە پەلە یەک دو قوتابخـانە گەررام و سەریکی مەلا مصطفی حاجی مەلا رەسولمدا لە مزگەوتەکەی - کە خەریکی قوررەکاری بو تیایا - پیاویک لەوی بولام وایە مەعموری اوقافی سولەیمانی بو - سەلامیکمان دایە حازری - وەکو خانی خانان ، یا کونە ئیمراتوری رومان لەسەر ئەسکەملیەکە سەیری ئیمەو کریکارەکان و بارەگای یەزدانی ئەکرد ! . لەویوە هاتمەوە بومالەوە .

ئیوارە لەگەل عبداللە زیباری چوم دیدەنیەکی بابە عەلی شیخ محمودم کرد ، قسەکردنی دیواخانەکەی ئەومان لە چونیەتی باخەکەی «دی کوز» یەوە بو . ئیجا لەویوە چوم بولای شیخ قادری شیخ سعید لەمال نەبو ، نویژی شیوان داهات چوینە مزگەوتی گەورە بو نویژ ، شیخ قادریش لەوی بو نویژی ئەکرد ، لەوی چاوم پی کەوت تەماشا ئەکەم نەزبیحیکی گرتوە بەدستەوە لەریزی نویژا دانیشتوە لیوی ئەبزوی دوعا ئەخوینی . وتم پیروزبی ئەوە لەکەیەوە فیری نویژ کردنـ بویت ؟ ! . زەردە خەنەیەکی کردو وتی من هەر نویژم کردوە . ئیتر پاش شیوانـ چاوم بەعمر قەزاز کەوت ئینجا چوین بو مالی عبداللە زیباری ، ماموستایەکی مەکتەبیش هەبو ناوەکەیم لە فیکرچوەوە هاتە ئەوی لەبەرمن ، هـەندی وشەی عیلمي کوردی لی پرسیمەوە ، بەم جورە تا سەعات ٩ رامانبواردو ئیتر هاتمەوە بومالەوە .

* * *



پیویستە ئاگاداریەکانی مەعارفی لوای سولەیمانی لە یادداشتی ئیمرروژا بنوسین چونـکە بەر ئەم روژە کەوت .

لەسالی « ٩٤٧ »دا هەر بەم نیـازە ریم کـەوتە سولەیمانی ئەوسالەش ئاگاداریەکم وەر گرت ولە گوڤاری گەلاویژا بلاوم کردەوە ، لە ( ٩٥١ )دا دیسان بوی چومەوەو وەرم گرتەوەو هەلم گرت ، وا ئیمسالیش ئەمەی بە سەراهات . لەبەر ئەوە کە بزانین لە مابەینی هەرچوار سال جاریکا مەعارف چە هەنـگاویکی هاویشتوە ، پیویستم زانی لە یادداشتی ئەم جارەدا بەرانبەر- یەکی تیکرراپی بخەمە بەرچاوی خویندەوارانی ئەم گەشت نامەیەوە ، چونکە مەعارف وەکو خوی زانینە ئاگاداري بون بە سەریشیا زانینیکی ترە . ئەمە بو ئیستە وە بو روژانی پاشەروژیش بەلـگەیەکی عیلمي ئەبی بە دەست هەمو کـەسیکەوە .

﴿ معارف لوای سولەیمانی لەسالی (١٩٤٧)دا ﴾

| چەشنی قوتابخانە | هی کوڕان | هی کچان | هەمو | قوتابی کوڕان | هی کچان | هەمو | ماموستا | ئاتون[(١)] | هەمو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئیبتدائی ( سەرەتایی ) | ٤٢ | ٧ | ٤٩ | ٢٬٩٥٠ | ٩١٠ | ٣٬٨٦٠ | ١٢٣ | ٤٤ | ١٦٧ |
| متوسطە ( ناونجی ) | ١ | ١ | ٢ | ٦٠ | ١٠٠ | ١٦٠ | ٤ | ٣ | ٧ |
| ثانوی ( دانشستان ) | ١ | – | ١ | ٣٢٠ | — | ٣٢٠ | ١٤ | – | ١٤ |
| | ٤٤ | ٨ | ٥٢ | ٣٬٣٣٠ | ١٬٠١٠ | ٤٬٣٤٠ | ١٤١ | ٤٧ | ١٨٨ |

﴿ لەسالی (١٩٥١)دا ﴾

| چەشنی قوتابخانە | هی کوڕان | هی کچان | هەمو | قوتابی کوڕان | هی کچان | هەمو | ماموستا | ئاتون | هەمو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ٤١ | ٨ | ٤٩ | ٣٬٦٣٢ | ٩٧١ | ٤٬٦٣٠ | ١٦١ | ٤٧ | ٢٠٨ |
| ناونجی | ١ | ١ | ٢ | ١٠٢ | ١٤٧ | ٢٤٩ | ٦ | ٧ | ١٣ |
| دانشستان | ١ | – | ١ | ٤٠٢ | — | ٤٠٢ | ١٢ | – | ١٢ |
| | ٤٣ | ٩ | ٥٢ | ٤٬١٣٦ | ١٬١١٨ | ٥٬٢٨١ | ١٧٩ | ٥٤ | ٢٣٣ |

(١) «ئاتون» لە پەهلەوی کوندا بەمانا [ معلمة ]ە .



﴿ لەسالی (١٩٥٥)دا ﴾

| چەشنی قوتابخانە | هی کوڕان | هی کچان | هەمو | قوتابی کوڕان | هی کچان | هەمو | ماموستا | ئاتون | هەمو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ٧١ | ٣٠ | ١٠١ | ٦٬٨٩٣ | ٢٬٢٩٣ | ٩٬١٨٦ | ٢٧٨ | ٨٥ | ٣٦٣ |
| ناونجی | ٢ | – | ٢ | ٢٤٩ | — | ٢٤٩ | ١٥ | – | ١٥ |
| دانشستان | ١ | ١ | ٢ | ٥٥٥ | ٢٤٥ | ٨٠٠ | ٢٠ | ١١ | ٣١ |
| پیشەسازی | ١ | – | ١ | ٩٢ | — | ٩٢ | ٧ | – | ٧ |
| | ٧٥ | ٣١ | ١٠٦ | ٧٬٧٨٩ | ٢٬٥٣٨ | ١٠٬٣٢٧ | ٣٢٠ | ٩٦ | ٤١٦ |

﴿ هەر لەسالی (١٩٥٥)دا ﴾

| چەشنی قوتابخانە | هی کوڕان | هی کچان | هەمو | قوتابی کوڕان | هی کچان | هەمو | ماموستا | ئاتون | هەمو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی ئیواران | ٦ | ٢ | ٨ | ٨١٨ | ١١٩ | ٩٣٧ | — | — | — |
| قوتابخانە کانی | ٦٠ | ٥٠ | ١١٢ | ٢٬١٣٠ | ١٬٣٢٩ | ٣٬٤٥٩ | ٦٢ | ٥٠ | ١١٢ |
| نەهیشتنی نەخویندەواری ئەوانەی مەلاکان | ٥٢ | – | ٥٢ | ١٠٬٠٤٠ | — | ١٠٬٠٤٠ | ٥٢ | – | ٥٢ |

مدونة إمارة وتجارة

مدونة إمارة وتجارة



| جەشنی قوتابخانە | هی کوڕران | هی کچان | هەمو | قوتابی کوڕران | هی کچان | هەمو | ماموستا | ئاتون | هەمو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەرزی تیا ئەلینەوە [مەبەست فەقی مزگەوتەکان نی یە.] | | | | | | | | | |
| هی نەهیشتنی نەخوێندە- واري لە قوتابخانە رەسمیەکان | ١٧ | - | ١٧ | ٩٠٥ | — | ٩٠٥ | ١٧ | - | ١٧ |
| هی نەهیشتنی نەخوێندەواري لە لەشکر . | ٣ | - | | ٦١٠ | — | ٦١٠ | ٣ | - | ٣ |
| کارگەی پیشەی ژنان | - | ٢ | ٢ | — | ٥٠٠ | ٥٠٠ | مدیر ١ | ١٩ | ٢٠ |
| | ١٤٠ | ٥٤ | ١٩٤ | ٥٫٥٠٣ | ١٫٩٤٨ | ٧٫٤٤٦ | ١٣٥ | ٦٩ | ٢٠٤ |

ئەمە بەراورد و بەرانبەریەکی سە لاپەڕەی مەعارفی لوای سولەیمانی بو .



ڕوژی ( ٢٦ )ی مانگێ کە ڕوژی ( ٣٥ )ی کاروانەکەم بو سەر لەبەیان پاش تەراش کردن شیخ قادر عبدالکریم ناو-کەوەختی خوی لای من بو-هاتە لام بیبەم بولای رئیسی بلدیە ئیشیکی بداتی ، بردم وچوم وونی باشە . بو ئەم کوررە بەگەلی کەسم وتبو لە مەعارف ، ئەشغال ، بلدیە ، ئاوو کارەبا هەمویان باشە بو. کەچی لە پاش گەڕرانەوەم بو بەغدا هەمویان لەفیکریان چوبوەوە!

لەبلدیەوە چوم بولای طاهر بەگ مدیری نفوس ، لەسەر ژمارى سولەیمانی لیم پرسی . وتی بەناو ( ٣٥ ) هەزارە بەلام ئەوەی ڕاستی بە ئیستە بەهوی ئەم لیشاوەی دەرەوە -کەدیتە ناوی- ژمارە تیکێ چووە، وتی ئەوەندە هەیە برروای من ئیستە لەچل هەزار زیاترە. دایەرەی نفوس وتجنید هەر لە حەو-شەیەکا بون لەسەر جادەی کانیسکان ، سەریکم لە عقید امین عزیز مـــدیری تجنیدیش داو چوم بو دایەرەی ئەشغال .

ئەشغال خوی کوشکیکی تایبەتی خوی هەیە لەو پەرری کانیسکانەوە . مهندسی منطقە سعید محمدعەلی بو چومەلای ئەو، ویستم لە ئیش و کاری ئیستەی سولەیمانی تی بگەم. وەکو بوم دەرکەوت و ئاگاداري تریشم وەرگرت چونیەتی ئیش و کار لە سولەیمانی بەم جورەی خوارەوەیە :

لەم شارەدا «٣» جورە ئیش هەیە ؛ ( أ ) لەسەر کیسەی وەزارەتی اعمار ، ( ب ) هی ادارەی مەحەلی ؛ ( ج ) هی ئەشغال خوی .

هی اعمار ، ریگەی سولەیمانی - کەرکوک . لە کەرکوکەوە تا تاسلوجە شەریکەی « کات » المقاولات التجاریە. ئەیکا- تا سلوجە- سولەیمانی . عەربەت دەربەندیخان شەریکەی « بیتون فیرباو » ئەیکا . تا سلوجە - دوکان شەریکەی الانشاآت العراقیە ئەیکا .

هی ئەشغال : ریگەی قەرەداغ - قوپی - بانی خیلان . ئەمە ئیشی ئەشغال و پارەی اعمارە . ریگەی جەلەولا - دەربەندیخان - کە لە بانی خیلان بەک ئەگریتەوە -- دیسان فراوانکردنەوەی خەستەخانەو کوشکی حەسانەوە - دار

مدونة إمارة وتجارة



الاستراحة ـ هەر ئیشی ئەشغالەو پارەی اعمار .

هی ادارەی مەحەلی : « چواردە ریان ـ مەفرەق » بازە گیر ـ ماوەت . بازە گیر لەسەر ریگای چوارتایەو ( ٢٠ ) کیلومەترە دورە لە سولەیمانی‌یەوە لەژیر قونتەراتی مهندس محمد صالحدا . کردنەوەی ریگای بیارە ـ تەویلە . ریگای قەلادزە ـ هیرو . ئەویش خراوەتە مەزاتەوە . ئەو نیازەش هەیە کە بو سالی دوایی ریگەی سولەیمانی ـ چوارتا . سولەیمانی ـ قەرەداغ . سەی‌ساق ـ پینجوین . بیانخەنە مەزاتەوە بو قیرتاو کردن .

بەم ئیشانەوە لە ولاتی سولەیمانی چوار هەزار کریکاریک لە ئیش‌دایە .

لەویوە هاتمەلای عزیزاغاو شیخ مصطفی ، سەیر ئەکەم ئەوا نوری غەربی لیستەیەکی گرتوە ناوی بی ژنەکانی تیا ئـــەنوسی وەختی خوی سەر دەفتەرو سەروکی ئەمانە «بیخود» بو ، بیخود کوچی کرد . یەکی کەوتبو بو سەروک ، لیستەکەی نوسیبو . مەرجی سەروکیش ئەوەیە لەپاش ئەوە کە ئەبی‌هەمو شروتی قانونی تیدابی ئەبی بە تەمەنیش لەوانیتر گەورەتربی . من کە هاتمە دەرەوە عەلی ناجیم بیرکەوتەوە . هەر ئەو وەختە برریارم‌دا کە عەلی ناجی بی ! .

لە گەل شیخ مصطفی هاتینەوە ، ئەو نیوەررویە لای شیخ محمدی شیخ جلال بوم ، چوینەمالەوە پاشان هاتینەوە مزگەوت لە ژورەکەی ئەوا چامان خواردەوەو هەندی قسەو نوکتەی لاهەبوبو کتیبەکەم «رشتەی مرواری» دەستی ئەدا ، لیم وەرگرت و چومەوە بو مالەوە ، پاشان ویستم سەریکی گەررەکی شیخەباس بدەم . گەررەکی شیخەباس کونە گەررەکی جولەکانە کە ئیستە چوارباخیشی پی‌ئەلین . لەگەل قادر مصطفی بە جیبـــەکەی ئەو رویشتین . تەزبیحە جوانە مەرگەکەم لای ئەو پچرایەوە وتی ئەیبەم لەمالەوە بوت ئەهونمەوە .

گەررەکی شیخەباس کەوتوتە هەرەخواروی شارەکەو بەلای جنوبەوە . کە گەیشتینە بەر مزگەوتەکە لە جیبەکە دابەزین . ئەم مزگەوتەی ئیستە



ـ کە ئەویش هەر پی‌ئەلین مزگەوتی شیخەباس ـ وەختی خوی کلیسەی جولەکەکان بو ، لەپاش ئەوە کە جولەکە هەمو رویشتن خەلکی شارەکەو مەلاکان هیناویانە کوبونەوەیەکیان کردوەو کلیسەکەیان کردوە بە مزگەوت . لەبەر قاپی مزگەوتەکە نوختەیەکی پولیس هەبو . چوینە حەوشەی مزگەوتەکەوە . سەرم کیشایە ژوری نویژ کردنەکە ـ کە بە زستانان نویژی لی ئـــەکری ـ ژوریکی ریکوپیک و گەورە بو ، پایەکانی قایم‌و هەمو گەچکاری بون ، چاوم بەو شوینە کەوت کەوەختی خوی مالوم لەویدا وەستاوەو جولەکەکان بە چوار دەورە دەوریان لی‌داوەو ئەویش نویژی بو خویندون . نویژی ئەوان وەکو هی مسلمانی نی‌یە ، هی ئەوان مالوم لە ناوەراستا لەسەر سەکویەکی پچکولەی خرری توزی بەرز ئەوەستی‌و تەورات ئەخوینی ، جولەکەکانیش بەریزە دەورەی لی ئەدەن و ئەوانیش بوی ئەستینەوە ، نویژەکە ئەمەیە .

لەوکاتەدا بانگی شیوان درا شیخ محمدی سورەقەلاتی مەلای ئەو مزگەوتە بو پیش نویژی بو کردین ، جەماعەتی نویژ کەم نەبو . پاش نویژ چاویکم بە حەوشەکەدا گیررا سەکویەکی گـەورە هەبو بو نویژ ، حەوشەکە زور بی‌نازو پیس‌و پوخل بو ، ئاوی نەبو ، ئینجا لە گەررەکەکە کەمەکی گەررام . ئەو گەررەکـە لە دەوری جولەکـەکانا زور پەررپوت بووە ، ئیستە کـە هەموی بووە بە مسلمان هەر وەکو جاران پەررپوتە ، جادەی تیا نی‌یە ، کولانەکانی زور تەنـگەبەر و خولاوی‌یـــە ، جوری خانوەکانی زورتری قوررو خشتی کالە هەمو گویسوانە روخاو . ئیتر سوار بوین و هاتینەوە بو نادی کاربەدەستان .

سولەیمانی دو نادی تیا هەیە ، یەکی عەسکەری ـ کـەلە تەنیشت سەراوەیە ـ یەکی هی کاربەدەستانی ملـکی ئەمەیان کـەوتوتە روژاوای شارەکـەوە ، جادەیەکی گەورە ـ لە کانیسکانەوەدی ـ بە بەردەمیا ئەرروا . هەر لەدورەوە کوشک‌و باخچەکانی خوی بە پیاو نیشان ئەدا .

مدونة إمارة وتجارة



چوین و سەرمان کرد بە نادیدا و دانیشتین ، هەندیک لەبەر هەیوانەکە دەستە دەستە دانیشتبون بە خیراتنیان کردم ، لەلا یەکیترەوە دانیشتین بەرە بەرە کوردریکی گەورەمان دروست کرد لە دوکتور جمالو کمالو فتاح حاکمو حمە پاشاو مصطفیی تاپوو پاشان فایق هوشیارو دەستەیەکیتر ، غفور هات قادری هەلخرانو چون بو بە کرەجو ! ئیمەش بە قسەی خوشو قسەی نەستەق کورری خومانمان گەرم کرد .

پاش ئەوە لەگەل مصطفی ـ کە سکرتیری نادی بو ـ چوین پیایا گەرراین . سەیرم کرد دو چیمەنی گەورە چوار دەوریان بە دارو گول تەنرابون ، گولوپی کارەبای رەنگاو رەنگ لەناو چیمەنەکاناو لەناو دارو گولەکانا ئەدرەوشانەوە ، « هەلورک » لەهەر دولا هەبو ، لە سیبەری « گولوپە شەو »ی دارەکانا میزدانرابو ، هەر میزە دەستەی خوی دەوری لیدابو ، دەستەیەک بە خەریک بون بە شعرو ئەدەبەوە ، دەستەیەک بەیاری کردن بە قاقەزەوە . کە لە قاپیەکەش ئەهاتیە ژورەوە باخچەیەکی پچوک بو . ئەوە هەموی هەر گول بو . ئینجا چوینە ژورەکان ؛ سالونیکی گەورە ، دو ژوری دانیشتن ، ژوری ادارە ، مەیبەخو قاوەجاخ ، ژوری مەکتەبە ـ خویندنەوە ـ .

ئەم ژورە میزیکی گەورە و کورسی بە هەر چوار دەوریا ، گوڤارو روژنامە لەسەر میزەکەبو ، کتیبخانەیەک لە ژورەکەدابو ، چەشنی کتیبخانەکە زور جوانو نایاب بو ، لەم کتیبخانەیەدا (١٠٢) کتیبی ئینگلیزیو (٢٢٨) بەرگ کتیبیترم تیایا چاوپیکەوت . سەیرتر ئەوە بو کتیبی کوردیم بەرچاو نەکەوت !. لەسەر ئەمە دەستم کرد بە سەر زەنشت کردن ، ئاخر قسەمان هاتە سەر ئەوە کە گەررامەوە بو بەغدا کتیبی کوردیو بابەتی کوردی چیم بو جیبەجی بو بویان بنیرم ، هیواشم ئەدی ئارەزوی لە خویندنەوە هەبو لەچوە ژوری کتیبخانەکەوە . کە هاتینە دەرەوە تەلەفون دانرابو ، ژوریکیتر هەبو ئەمە فەرش و قالی زستانەیان تیایا هەلگرتبو ، تیگەیشتم کە نادی



بیجگە لە شتومەکیتر قالیەکی زوریشی هەیە هاتینە دەرەوە بەر هەیوانیکبو خەلکی تیا دانیشتبون ، چونیەتی ئەم نادیەم زور بەباش هاتە بەرچاو ، تیکررا گەورەییەکە ( ٧٥٠٠ ) مەتربو .

هاتەوە توزیکیتر لەگەل دەستەکەی خومانا دانیشتم و سەعات ( ٩ ) هەستام چومەوە بو مالەوە ، شیخ نجم‌الدینو مەلا رحیم هاتن بولام تا درەنگیک دانیشتین و خەلیل چایەکی خویئاسایی بو لینایین پاشان ئەوان رویشتنو من نوستم .

روژی ( ٢٧ )ی مانگ کە روژی ( ٣٦ ) کاروانەکەم بو سەرلە بەیان شیخ «ابو بکریشیخ‌جەلال» بو وەرگرتنی باوەرری من لەبارەی وەرگیررانی کتیبەکەی ( صلاح الدین و بەنگ کیشەکان ) هاتەلام قسەمان لیوەکردو کتیبەکەیم پیخراپ نەبو ، هەندیکەسیتر هاتن و رویشتن ، ئینجا لیمدا رویشتم بو گردی سەیوان .

« گردی سەیوان » گوررستانی سولەیمانیە کەوتوتە روژهەلاتی شارەکەوەو پرریەتی لە دار ئەرخەوان . گوررستانیکیتریش هەیە گردی شیخ محی‌الدینی پیئەلین ئەو کەوتوتە روژاوایەوە . لەم گردی سەیوانەدا گومەزیک هەیە گورری پاشاکانی بەبەی لییە ، بە تەنیشت گومەزەکەوە گورری شیخ مارفی نودییە ، چەند بەیداخیک بە سەر ئەو گوررەوە هەیە ؛ گومەزەکە زور پەررپوتو ویران بو ، چومە ناویەوە شوینیکی بە سام بو ، لەناو گومەزەکە بەولاترەوە شوینیک بو لە کتیبی کونی درراو ، لە قرآنو پەررە قرآنی درراو تیایابو ، توز سەری گرتبون ، گەلیک ئەمدیوو ئەو دیوم پیکردن شتیکی وام تیایا دەست نەکەوت ، هەروا یەک دولاپەررەیەکم دوزیەوە قسەی لە تأریخو شتەوەئەکرد دەستنوس بو ئەوەم هەلگرتو هاتمە دەرەوە فاتحەیەکم خویندو هاتمەوە جلەکانم هەمو توزاوی بوبون گەلیک لەگەلی خەریک بوم تا توزەکەم لابرد .

مدونة إمارة وتجارة



کتێبخانەی بەنرخ لە سولەیمانی ئەوەی مالی کاکە حەمەدە کە لە مزگەوتی گەورەدایە داخەکەم هەرچەن ئەچمە سولەیمانی بوم ری ناکەوی بیبینم ، دەرگاکەی داخراوە کلیلەکەی ئەم ئەلی لای ئەوەو ئەو ئەلی لای ئەوە . وەکو بلیت « حەوالە بە گەوالە ئەمەیە ! . »

تا ئەمەم کرد نیوەررو بە سەراهات چوم بو مزگەوتی سیدحسن دیدەنیەکم لە سید غفور کردو نویژی نیوەرروم لەوی کردو بو قاوەلتی چوم بو مالی شیخ نجم‌الدین و هاتمەوە بو مالەوە .

کوردیکی بانەیی نەخوشی هینابو بو سولەیمانی هات بولام لەهالو هەوالی ئەو ولاتە هەندی شتم لی پرسی وتی حەز بە خویندنەوەی کوردی ئەکەن و گەلی قسەی تریشی کرد ، ئینجا انور بامەررنی و عبداللە عمر هاتن .

انور کوردیکی ماموستای قوتابخانەیە لە سولەیمانی ، بیجگە لەمە دانشیەکی باشی هەیە لە دروست کردنی وینەی کاری کاتوریدا و وینەگری روژنامــــەی ژینیش بو ، گەنجیکی گورجو گول و چابوکث بو ، هەندی قسەم لی پرسی وتی ، ماموستا ئەم چابوکیەیان لی کردوم بەشیتی ، توبەشیتم ئەزانی یان نەأ ؟ ! . وتم بیجگە لەوە کە بەشیتت نازانم بە گەنجیکی بەنرخت ئەزانم . وتی کەواتە ماموستا با پیت بلیم : من ئیش ئەکەم هەر لە بەیانیەوە تا ئیواری ، پیویستی مەکتەب چی‌یە بەجی‌دینم ، پاش ئەوە لە دەرەوە بە وینەکردنـــ پارە پەیدا ئەکەم ، مانــگانەکەم بەبی ئەوە پولیکی لی هەلبگرم ئەیدەم بە مالو منالەکەم ، ئەوی زیادە، کــە دەستم ئەکــەوی ئەوە بو خوم . من تا سەعات هەشتی شەوی پیاویکی زور باشم ، ئینجا لە هەشت ئەچم بو نادی ئەوەندە ئەخومەوە ئەو وەختە خوم بە خوم ئەلیم شیت ! . لەو وەختەدا هەمو سەربەستیەکث وەرئەگرم ، لەگەل ئەوەشا کــە هیــچ دریغیەکم نی یە لەگەل مالو منالی خوما لەگەل ژنەکەما دوانزەمانــگە شەررە دەنوکمانە ! . وتم بوچی ؟ وتی « ئەو ئەلی مەخورەوە ، منیش ئەلیم لەشەوو روژیکا بیست



سەعاتم بو ئیوە ، لە هەشتەوە تا دوانزەش بو خوم ! .

پاش ئەم قسانە لەگەل عبداللە چوم بو دیدەنی حەماغالە لەندەن هاتبووەوە، سەریوارە بو لەناو چیمەنی حەوشەکــەدا دانیشتبون ، فوارەی حەوزەکــەو چیمەنەکــەم پی جوان بو . هەندی هالو هەوالی لەندەن و باسی پیاوەتی و نازکی گیررانەوە، پاشان چوین بولای شیــخ محمدی خال نویژی شیوان و خەوتنمان لەوی کردو هەستاین ، من بو مالەوە ، هەندی کــەس هاتبون بولام ، لەپاش ئەوان نوستم .

روژی ( ٢٨ )ی مانــگث کــە روژی (٣٧)ی کاروانەکــەم بو سەرلەبەیان تەراشم کردو چوم دیدەنیەکی ملا مصطفی‌ی مزگەوتی حاجی شیــخ ئەمینم کرد - چەندجاریکث هاتبو بولام - ، ئینجا شیــخ قادرم دا بەشانما بو بلدیە بولای فایق بو دامەزراندنی بریاری دامی و هاتمــەوە بولای قازی ، ئەو رەحمان بەگی بابان لەوی بو هەندی لە شعرەکانی خوی بو خوندینەوە ، ئەو شعرانەی کــەبو چلەی ماتەمیەکــەی بیخود داینابون و توزی قسەی نەستەقیشمان کرد، پاشان چوم بولای رەمزی ئەفەندی . شیــخ لطیفی شیــخ محمودیش لەوی بو ، قسە کردمانـــ لەگەل شیــخ لطیف لەلایەن هەندی کارەساتی فایق بی کــەسەوە بو کــە لە وەختی خویا چیان کردوە ، لەویوە بە ئوتومو- بیلەکــەی ئەوان چوم بومالی فایق هوشیار بو قاوەلتی ، خالد نەقشبەندی و حەمەپاشا و احمد زرنــگث بوین ، پاش نان‌خواردن هاتمەوە بو مالەوە، خەلیل وەکو دایکی زاوای لی‌هاتبو خەریکی ژن‌هینان بو بوعەلی چاپخانە ! .

عەسر شیــخ محمدی خەتیب و شیــخ محمدی شیــخ جلال و مەلا محمد امین و چەندکــەسیکی تر هاتن بولام . مەحمودی زیوەرەفەندی دیوانەکــەی باوکی و هینەکــەی فایق برای هینابو چاوم پی بکەوی و باوەرری خوم بەرانبەریان دەربردم ، وتم من لەسەر ئەوەم کــە چاپ بکرین بەو مەرجە تەواوبن، ئەوانەی من چاوم پیان کــەوت تەواو نەبون .

مدونة إمارة وتجارة



قسەمدا بو کە سەعات پینج بچم بو سەرچنار بو چاوپی کەوتنی کارگەی چیمەنتو ، برریار وابو لەگەل رەمزی قەزاز بچین ناردم رەمزی نەبو لەبەر ئەمە کە سەعات بو بە پینج بە ئوتومو بیلەکەی بلدیە خوم چوم ، بو ١٥ / ٥ گەیشتمە ئەوی ، لەپیشا چومە ژوری محاسب ، لەپاش هەندی دانیشتن ناردی پیپسیان هیناو کارتیکی نوسی بو مهندزی شەریکە ، کە بیت . ئەویش نوسیەوە تا دە دەقیقەی تر ئەگەمە ئەوی . لە ئاخر چوردی دە دەقیقەدا هاتو کەوتینە قسەکردن، هەندی پرسیارم لی کردو وەلامی دامەوە ، ئاخر ئاگاداریم هاتە سەر ئەمە کە لەو شەریکەیە وەرم گرتو نوسیمەوە : —

ئەو مهندزە کەمن قسەم لەگەل ئەکرد « مستەر شەپو »ی ناوبو فەرەنسزی بو تازە هاتبوە ئەوی ، لەپاش هەندی قسەکردن مهندزیکی تریش هات ئەویش هەر فەرنسزی بو ، محاسبەکە لبنانی بو ئەو بو بە دیلماجی بەینی منو مهندزەکان .

ناوی ئەم شەریکەیە [اس. ان. سیتی] بو ئەم شەریکەیە ئیشەکەی لەشەریکەی « ڤیف لی » گرتوەو ئەو لەپاریس لە پرروژەکە ورد بوەتەوە و ئینجا لەبەغدا ری کەوتوون ، برریار دراوە بە سالو نویک ئەم کارگەیە تەواو بکەن ، لەسەر نزیکەی حەوسەد هەزار دینار برریویانەتەوە ، ( لەپارەکەدا خویان وشەی « نزیکەی » یان تی خست ) . ئەو ئیشانە کە ئەیکەن :

تەواو کردنی کارگەی چیمەنتەوە کە بە کونسکریتو نزیکەی بیست کوشکیک بو مستوصفو خانوی کاربەدەستانو بو لوقەنتەو گازینو . ئەم زەویو خاکەی سەرچنار بە هەمو جور ئامادەیە کە ئەم ئیشەی تیدا بکری ، لەپاش ئەوە کە کارگە کەوتە گەرر روژی نزیکەی ( ٣٥٠ ) تەن چیمەنتو فرری ئەدا ، هەر لەخاک و دەور و بەری سەرچنارا ئەوەندەی بەردو شتە هەیە کە لەپاش کەوتنە گەرر تا « سەد » سال کارگە هەمو روژی ئەو ئەندازەیە بدا بە دەستەوە . لەپاش ئەوە کە ئەمان ئیشی خویان تەواو کرد تەنها دو



مهندزی ئیش‌زانی بیگانە لەسەر ئەم کارگەیە ئەبیتو ئەوانیتر هەر عراقی ئەبن. پرسیم لەپاش ئەوە کە کارگە کەوتە گەرر تەنی چیمەنتو چەندی تی ئەچیو بە چەند ئەفروشری ؟. وتیان ئەو نرخو ئەندازەیە لە دەست ئیمەدانیە پاشان حکومت خوی ئەزانی،ئەوەندە هەیە دەسکەوتی ئەم کارگەیەو هینەکەی موصل یەک ئەندازەن . سەعات بو بە ٣٠-٦ مالاوایم کردو بەری‌یان کردمو هاتمەوە.

بو چونیەتی شوینەکەش ، کیویک لەو ناوەدا هەبو کیوەکەیان هەلگرتبو کردبویان بە خول ، کوگا خولیان هەلدابوەوە هەریەکە بو بون بە گردیک ، چەند کوشکیک بە کونسکریتو شتە دروست ئەکرا ، هەمو جورە مەکینەیەکی زورو زەبەندە لەو ناوەدا هەبو هەر یەکە ئیشیکی ئەکرد ، یەکی زەوی هەلئەدرری ، یکیک بەردی ئەهارری ، یەکیک چیمەنتوی ئەگرتەوە ، هەر مەکینەیەک ئیشیکی ئەکرد . کاریگەر زور نەبون .

کە هاتمەوە سەریکم لە مەلا مصطفی حاجی مەلا رەسولداو بو زیادە ئاگاداری ناوی منگەوتەکانی سولەیمانیم پی‌نوسی لەگەل حەمامەکانا ، لەویشەوە برریارم دابو بە رەمزی ئەفەندی ، چوم بو ئەوی شیخ نوری بابە عەلیو مەلا رحیمو ئەحمەد هەردیو مەلا محمدو چەندکەسیکی تر لەوی بونو قسەیان لەکردن و ریکخستنی چونیەتی کوبونەوەی چلەی « بیخود »ەوە ئەکرد ، پاش‌ئەوە هەستاینو من هاتمەوە بو مالەوەو نوستم .

روژی ( ٢٩ )ی مانگ کە روژی (٣٨)ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان هەندی کەس هاتنەلامو پاشان تەلەفونیکم کرد بو قادر مصطفی بو تەزیەکەم . وتی : « فلانی بردمە مالەوە زور نایاب هونیبویانەوە منیش بە دەستمەوە بو ئیستە نازانم کی لی وەرگرتووم ! » . ئەوە ئەویش هیچ ! . چومە دەرەوە بو دایەرەی ئاو و کارەبا ، شیخ نوری شیخ صالحم لەوی چاو پی کەوت - کە یەکیک بو لە ئەندامی کوبونەوەی چلەکە - و هەندی قسەی بو کردم ، منیش هاتمەوە بو بلدیە . لە ریگەدا توشی دوکتور «احمد سوسە» مدیری مساحەی

مدونة إمارة وتجارة



گشتی‌ی بوم ، دوستم بو ـ لە ئوتوموبیلدا بو ئەرریشت ، گەلیکم پی‌وت بمیفیتەوە . وتی ئائەم رویشتنە کە ئەمبینی نابی بوەستم تا ئەچمە هەوارگەی صلاح‌الدین ، مؤتمری زەوی‌و زار هەیەو ئەبی بیگەمی .

نیوەررو داهات لەمالی قازی بانگ کرابوم چوم‌بو ئەوەی ، بی‌تو ناخوش لە قوبولیە نایابەکەی ئەوانیش قاولیتەکەمان کردو چامان خواردەوەو بونویژی عەسر هاتەوە بولای مەلا رحیم نویژمان کردو چوینە مالی ئەوانیش دیسان چا هاتەوە مەیدان ! لەوی هەستام سەریکی مالەوەم داو چومەوە بو خانەقای حاجی شیخ ئەمین نویژی شیوان کراو پاشان نویژی خەوتنان‌و دەستەی قسەخوش‌و نوکتەبیژان کوبونەوە ، لەبەر رەشەبا خزاینە بەر هەیوانەکە ، سەماوەر تی‌خراو بە قسەی خوش و شعرو باسی عیلمی رامانبوارد ، ئـەو دانیشتنەم بەلاوە زور خوش‌بو ، سەعات بو بە ( ٩ ) لە گەل شیخ نجم‌الدین هەتینەوە بومالەوە ، دیسان خەلیل دەستی‌دایەوە سەماوەرە کە ـ خوابتـگری چا ! ـ تا دەرنـگیک دانیشتین‌و ئەویش رویشتەوە .

ئەم ماوەیە کەمن لە سولەیمانی بوم رەشەبا نەبو ، ئیمررو هەر لە سەرلەـ بەیانەوە رەشەبایەک هەلی‌کرد ئەو پەرری دیار نەبیتەوە . ئەوەم کەوتەوە بیر کە جاریک کابرایەکی شارباژیرری لە سولەیمانی گویدریژیکی لی‌ون ئەبی ، هالو هەوالی لە پیاویکی‌تر ئەپرسی . ئەویش ئەل : « برا بوچ ئەمە حەو روژە رەشەبا هیشتویەتی من چاو بکەمەوە تا گویدریژی توببینم ! . » .

ئەو شەوەی مالەوەم زور سەیر بو ، لە لایەکەوە رەشەبا گیڤەگیڤی بە دارەکان خستبو ، خوشی ژن مارەبرریی ئیمررو بو عەلی چاپخانە گیزەگیزی بە عەلی خستبو ! . .

✲ ✲ ✲

لەپیش ئەوەدا سولەیمانی بەجی‌بیلین بە جوریکی تیکررایی با ئاوررێکی تری لی بدەینەوە .



ئەم شارە لە دەوری ئیبراهیم پاشای بابانا لە ( ١٧٨٤ )ی میلادی دروست کراوەو لەپاش « قەلاچوالان » شوین هەواری ئەمارەتی دو سەد سالەی بابان بووە .

ئەم شارە هەرچەندە لەپیشا گوندیک بووە بەناوی « مەلـکەندی »یەوە ـ کە ئیستە ئەو مەلـکەندیە بووە بە یەکیک لە گەررەکی شارەکە ـ وە هەر چەندە دانانی بەردی بناغەی شارەکە لە دەوری ئیبراهیم پاشای کورری احمد پاشای بابانا بووە کەچی لە گەل ئەوەشا شارەکە بە ناوی « سولەیمانی »یەوە بەناوبانـگە .

بو ئەم ناوە چەند قسەیەک هەیە :ـ

یکیکیان ئەوەیە کە ئیبراهیم پاشا بەناوی سلیمان پاشای والی بەغداوە ناوی ناوە .

یکیکیان ئەوەیە کە ئیبراهیم پاشا ئەم شارەی بـــە ناوی سلیمان پاشای کورریەوە ناو ناوە .

یکیکیشیان ئەوەیە کە گویا لەکاتی هەلـکەندنی کوشکی سەرای شارەکەدا ئەنـگوسیلەیەک دوزراوەتەوە ناوی « سلیمان »ی لەسەر بووە ، ئینجا بو مفەررکی ناوی شارەکەی ناوە « سولەیمانی » .

ئەوی بچیتە دلی‌منەوە هەر ئەوەیە کە بەناوی سلیمان پاشای والی بەغداوە بو بیبیت . چونـکە داخی‌گرانم ! کارەسات‌و شەررو شورری بابانەکان لەبەینی یەکا ، وە هەر دەمە پالدانی یکیکیان بە یەکی لە دو حکومەتی عوسمانی‌و ئیرانەوە ، وە هەر جارە نەجاریک برا وەیا ئاموزا ئەچو براو ئاموزای خوی ئەکوشت یا بو رازی کردنی یەکی لەو دو حکومەتە ، وەیا بو سواربون بەسەر حوکما ئەوەش ئەکا بە ئیبراهیم پاشای بابان کە بو ئەوەی خوی لە سلیمان پاشای والی بەغدا نزیک خاتەوە ناوی شارەکەی بەناوی ئەوەوە بنی «سولەیمانی»!!..

ئەمەش هەر لەبەر ئەوە کە نەوەک والی بەغدا بکەویتە سەر ئەوە مەحو

مدونة إمارة وتجارة



پاشای مامی ئیبراهیم پاشا ـ کە لەو سەر دەمەدا لە ئیرانا بو ـ دلنەوایی بکاتەوەو ئەمارەتی بابانی پی بداتەوە ! . وەیا نەوەکێ والی بەغدا بکەویتە سەر ئەوە کە لەپاش ئەوە کە بیستی مەحمو پاشا لە ئیرانا کوژراوە بینی ئەمارەتی بابان بدا بە عوسمان پاشای کوڕری ـ کە لەو سەردەمەدا لە بەغدا بو ـ ! . .

ئەمشارە بەخویو بەدەورو بەریەوە هەموی کوردو کوردزمانن‌و بە پایتەختی کوردەواری ناسراوە ، مەرکەزی لواو بە قەزای مەرکەزەوە خاوەنی چوار قەزایە ، خانوەکانی لە هەشت هەزار زیاترە ، زمانی مال‌و کولان‌و دایەرە کوردی‌یە ، دەرزی کتیبی کوردی تا پولی شەشەم لە قوتابخانەکانا ئەخوینری ، زمانی مەحکمە عەرەبی‌یە .

هەر لە دەوریکی کونەوە واناسراوە کە ئەم شارە هەستی کوردایەتیان بە هیزە ، جاران جولەکەیەکی زوری تیدابووە ئیستە هیچی تیدا نەماوە . (١٠٠) مالی گاوری تیدایە ، ئەمانە با ئایینیشیان جیابی رەگەزیان هەر کوردەو خویانو زمانیان بە کورد ئەزانن .

سەرچاوەی تجارەتی ولاتی سولەیمانی توتن‌و ئیستە لوکەشە ، پاش ئەمانە خوری‌و پیستە ، هەمو جورە میوەیەکی هەیە ئەتوانن بینیرنە دەرەوەش ، ئاو و هەوای باشە ، ئەگەر وەختی رەشەبای نەیە لەگەلی ولات خوشترە .

ولاتی سولەیمانی بە ولاتیکی دارستان ئەناسری ، لە پانای (٩٢٥٥٢) کیلومەتری چوار گوشەیی هەمو ولاتەکە (٤٢٠٠) کیلومەتری بەدارستان . ئەناسری ، لواکە لە روژهەلاتی عراقدایەو پالی داوە بە ئیرانەوە .

تیکرڕا ولاتی سولەیمانی ولاتیکی بەردەلانی‌و شاخاوی‌یە ، شوینی شارەکە سەرەولیژە ، کیوی «گویژە» بە بەرزایی (٥٤٢٣)پی‌ی بەسەر دەریادا کەوتوتە روژهەلاتیەوە ، «ئەزمر» و قەیوان بە بەرزایی (٥٥٨٤)پی‌ی دیسان بەسەر دەریادا کەوتوتە شیمالیەوە ، بەری جنوبی روباری «تانجەرو» و شاخی گلەزەردەیە بە بەرزایی (٤٥٠٩)پی‌ی بەسەر دەریادا ، لای روژاوای



« پیرەمەگرون »ە بە بەرزایی (٨٤٨٩)پی‌ی بەسەر دەریاداو ئینجا ئەچی بو دەربەندی بازیان‌و بو کەرکوک . لە شارەکەوە ریگەی ئوتوموبیل ئەچی بو هەر چوار دەوری خوی .

ئەم لوای سولەیمانی‌یە گەلی شوینی تیایە کەبو هاوینە هەوار دەست ئەدا : ئەوە قوپی قەرەداغ ـ کە پی ئەلین « داری زەرد » ـ بە بەرزایی (١٨٥٠) مەترو بە دوری (٥٠) کیلومەتریک کەوتوتە جنوبی سولەیمانی‌یەوە ، ئەوە « میرگەپان »ی سورداشەو ئەوە چوار باخی پینجوینەو ئەوە تەویلەو بیارەی هەلەبجەیە . لەو ماوەیەدا کەمن لە سولەیمانی بوم پایەی گەرما لەناوشار لە بەینی ٣٨ــ٤٢ دابو .

شاری سولەیمانی شەش گەڕرەکی سەربەخویە :

مەلکەندی ، گویژە ، دەرگەزین ، ســـەرشەقام ، چوار باخ ، کانیسکان . ئەمانەش هەریەکە وردە گەڕرەکیان لی ئەبیتەوە .

جوری خانوبەرەی شارەکە ، هینەکونەکان زورتر خشتی کال‌و قوڕرەو گویسەبانەی هەیە ، هەر لەهی کونەکانا خشتی سوریش هەیە ، ئەوانەی تازە بەردو گەچ و ئاسنن ، بەردو گەچەکە هەر هی ولاتەکەیە ، ئەو بەردەی کە لە سولەیمانی ئەکری بەخانوبەرە لە کەم شوین هەیە .

لە سولەیمانی تەنگو چەلەمەی دەست‌نەکەوتنی خانوم لە هەمولایک زیاتر هاتە بەرچاو ، وەکو ئەمەم چاوپی کەوت ئەوەش هەیە کە :ـ

دەشتی فزرو کەخانەکە ـ دەشتیکەو کەوتوتە روژاوای شارەکەوە ـ ئەمە نزیکەی چوار سەد هەزار مەترەیەو لە گیرو گرفتا بو ، بەو جورە ساغ کرایەوە کە سە یەکیکی بو حکومەت بی ، چوار یەکی باقیەکەشی بو بلدیە ، ئەویتری بو بە ملکی تەواو . ئەمانە هەمو لەسەر خەریتە نەخشەکران‌و بەش بەش کرانەوە ، بو بە نزیکەی (٥٠٠) پارچە ، هەر پارچەیە لە (٣٤٠) تا (٧٠٠) مەترە . جادەو باخ‌و هەمو شتیکی لی جیاکراوەتەوە . بانق عەقاری (٦٠)

مدونة إمارة وتجارة



پارچەی لەمانە کرری کە ( ٣٠ ) پارچەی ئیمسال بکا بە خانوو ( ٣٠ ) یەکەی کەشی بو سالیکی کە . دور نی یە ئەم زەویانە دیژواری خانو لە سولەیمانی کەم بکەنەوە ، ئەگەر کەمیشی نەکەنەوە لەپاشە روژیکی نزیکا شاریکی تازە بو سولەیمانی دیتە بەرهەم کەمن هەر لە ئیستەوە ناوی ئەنیم « سولەیمانی تازە » .

ناوشاری سولەیمانی ( ٤١ ) مزگەوت و کلیسەیەکی گاورانی تیدایە . مزگەوتەکان هەمو پوشتەو پەرداخن ، بەرریوە چونی ئەم مزگەوتانە زورتر لەسەر خەلکەکەیە ، هەمو مزگەوتیک مەلاو فـــەقی هەیە . لەبەر ئەوە سولەیمانی پابەندی دیانەتن مزگەوتەکان هەمو فەرزی جەمەی دی .

هەروەها لەم شارەدا خەستەخانەیەکی گەورە ، دو مستوصف و شوینی پاراستنی ساوایان ، ( ٩ ) گەرماو ـ حەمام ـ . ( ٣ ) باخی گشتي ، ( ٣ ) بانق : بانقی ـ رافدین ، عەقاری ، زراعی . ( ٦ ) ئوتیل ( ٥ ) گەراج ، ( ٣٥ ) لوقەنتەو کەبابخانە ، ( ١٥٣ ) چایخانە ، ( ٤٢ ) نانەوا ، سەبازاردی گەورە و دو قەیسەری ، دو هەزار دوکانی لە بازرگان و بەقال و عەتار و قەصاب ئەمانە هەن .

دیسان چاپخانەو روژنامەیەکی حەفتانەی کوردی هـــەردوکیان بەناوی « ژین »ەوە لەم شارەدا هەیە ، دامەزرینەری « پیرەمیرد » بووە و ئیستە بە دەست نەتەوەکەیەوەیەتی . ( ٣٠ ) سالە ئەمانە لەم شارەدا ئیش ئەکەن .

مەردەمی ئەم شارە بەزەوق و نوکتەبازن ، نەخویندەواریان لە خویندەـ واریان وەختە تەبیعەتی ئەدەبیان زیاتربی ، خەمو خەفەت هەلناگرن ، یاسای دانیشتنی دیواخانان هەیە ، بیگانە پەروەرن، غەریبیک رو بکاتە ئەوی خوی بە غەریب نازانی ، تەبیعەتیان عەشایریە ، دیمەنی تەبیعەتو سەیرانیان خوش لی‌دی ، جلوبەرگیان جلوبەرگی قەومی‌یە ؛ کەواو سەلتەکەم بوەتەوە ئیستە زورتر شەرواڵو ستارخانی وە یا شەرواڵو مرادخانی‌یە ، مشکیو جامـــەدانە ئەپیچن بە سەرەوەو پشتین ئەبەستن ، جلوبەرگی ئافرەت کراسی دریژو کەواو



لەچکو سەرو پیچی خواری سرکەیی‌یە . لە هەر دو دەستەکەدا ئەفەندی و عەلمودە هەیە ـ دیارە ئەمانە لە کاربەدەستانن ـ ئافرەتیان زورتر میانە بالاو سورو سپی‌و مورەشن ، کارەبای راکیشانیان کەمتر نی‌یە لە هینەکانی ئامیدی ، ئەو باسە کە « زیوەر » ئەیکا راست ئەکا کە ئەلی :

فەرەنـگ روو زەنـگ مو ، عەجەم سیاقو روس خو
ئەناسری کە کوردە زو ، بە پیچی لارو خوارەوە !

ئافرەت سەربەستیەکی کوردي هەیە ، هاوبەشی راستەقینەی میردەکانیانن . قسەنەستەقي منالو گەورەی سولەیمانی بەناوبانـگە ، بە جوریکی تیکرایی لە جلوبەرگا تەرر پوشن . لە خواردناوەکو رەوشتی هەمو کوردەواري زورتر پابەندن بە نانخواردنی ئیوارانەوە مەگەر دەستەی مەعمور نەبی . «قبولی»و کەبابی سولەیمانی لە کەم شوین هـــەیە وەکو « ژیرچەنە »ی کویە لە هیچ شوینیکی تر نی‌یە . رو خوشو چابوکیەک لەمەردمی ئەم شارەدا ئەبینری . بەپي فراواني شارەکە کارەساتی ئەخلاقي کەمە . رەوشتی دیدەنیو شەونشیني هەیە لەبەر ئەمە ئەوەندە پابەندی چایخانەنین . رایەلی تەریقەتی شیخانی قادریو نەقشی هەیە لە شارەکەدا .

لەم ماویەدا کە لە سولەیمانی بوم زورم ئارەزو ئەکرد دیدەنیەکی « شیخ » بکەم داخەکەم لەبەر ئەوە لە « داری کەلی » بو بوم ریک نەکەوت . لە ولاتی سولەیمانی‌دا کەوترا « شیخ » ئەوە ئیتر ئەزانری کە ئەمە شیخ محمودی شیخ سعید مەبەستە .

* * *

روژی ( ٣٠ )ی مانـگ کە روژی ( ٣٩ )ی کاروانەکەم بو سەرلەبەیان گـژەگـژی رەشەبا لە خەوی هەستانم ، تەراشم کردو مەلا رحیم هات بولامو کەوتمە خوم بو گەررانەوە ، لەگەل خالدی شیخ محمددا بریارمان دابو کە ئەو ئوتوموبیلو شتە جی‌بەجی بکا . زوری پی‌نەچو ئوتوموبیلیکی هینا ،

مدونة إمارة وتجارة



وردە وردە پیامانا گەڕرا هاوڕریکانی کو کردەوە ئاخرچورر چوینە مالی شیخ رؤفی سیدنوری نەقیب ، من چوم لە دیواخانەکە لەگەل شیخ رؤف دانیشتم قاوەیکمان خواردەوە . ئەو دەستەیە کە خالد ریکی خستبون خویو منو فەرەیدونی توفیق ئەفەندیو احمدی شیخ رؤفو ئەنور ئەسکەندەر بون . ئوتوموبیلی گرتبو تا بەغدا هەر زەلامی (٧٥٠/١) دینار ، وا دیاربو شتومەکمان زور پی بو ئوتوموبیلچی لە شتومەکەکان پەشیمان بوەوە ئوتوموبیلیکی تریان بوهینایین. سەعات ٣٠ــ١٠ رەشەبا پالی پیوە نایینو لە سولەیمانی بەری کەوتین .

هاتین گەیشتینە قـــەراخ شار پولیسیکی زلەی سەر ریگە ، بەری بە ئوتوموبیلەکە گرتو کاغەزو قەلەمیکی بە دەستەوە بو ، ناوی هاوڕریکانی نوسیو روی کردە من بە دەنگیکی زبر وتی [ علاءالدین سجادی ئیشت چی یە؟. ] پرسیارەکەیم زور پی سەیربو چونــکە کە بزانی من کیم ئەزانی ئیشیشم چی یە . وەلەپاشا بەو توررەییەش بوچی ؟ ! ئیتر بەرەلای کردینو هاتین تا گەیشتینە چەمچەمال .

لە چاخانەکە لاماندا «مەلاعوبید» ناویک لەوی بو بەریبواری ، وتی شاعرمو خەلکی ئەم ناوەم ، شەلیش بو هەندی دەفتەروشتی خستبوە ناو دەستە بوخچەیەکەوە گالو کیکیشی بە دەستەوە بو چلسالی پر کردبوەوە ، هەر وا بەو ناوەدا ئەسوررایەوە ، لە هەر لایە شــــەوی بەسەرا بهاتایە ئەو شوینە بارەگای ئەوبو . دو بەند لە شعرەکانی خوی بو خویندینەوە ، یکیکیان رازو نیازی خویو سەگیک ، یکیکیان بەزمو رەزمی خویو ئەفەندیک !.. ئەوەندە بە پەلەشی ئەخویندەوە لیک بە دەمیا ئەهاتە خوارەوە سەررای ئەوەش نەغەسی هەر ئەدا لە جگەرەکەی ! .

لەپاش حـــەسانەوەی بیست دەقیقە بەری کەوتینو بو سەعات یەک گەیشتینە کەرکوک چوینە کەباخانەیەک نیوەرروژەمان کردو من چوم چاویکم بە کاک حسینی خانەقا کەوتو هاتمەوە . وا دیاربو ئەو ئوتوموبیلە



کە لە سولەیمانیەوە هینابوینی فروشتبانی بە یەکیکی تر ! هەرچەند گەڕراین بە شوینیا ئیستەو ئەوساش بەرچاومان نەکەوت . خو ئوتوموبیلچیەکە کورریکی باشیش بو نازانم بوچی وای لەگەل کردین ؟ . چارناچار سواری ئوتوموبیلی تازەمان بوینو سەعات ( ٣ ) لە کەرکوک دەرچوین روەو بەغدا . هاورریکان لە ریگەدا لەگەل کابرادا هەر شەررە دەنوکیان بو ؛ ئەمان ئەیانوت کە چوینە بەغدا ئەمانبە بو ئەبوغریب ، ئەویش ئەیوت ناتانبەم ! .

هەر ئەم قسەوباسەبو تا هاتینە «دوز خورماتو» لەچاخانەکە لاماندا چایەکو توزی ئاوی تفتمان خواردەوەو بەری کەوتین . ئیمەو ئوتوموبیلچی بەک لەیەک بوریگەکە ناشی تر بوین ، وردە وردە شەو داهـــات گولوپەکانی قزرابات دەرکەوت وتمان « باقوبە »یە ، کە پرسیمان باقوبە نەبو ؛ هاتین گولوپەکانی شارەبان دەرکەوت وتمان قسەی تیا نی یە ئەمە باقوبەیە ، کە پرسیمان دیسان باقوبە نەبو . هاتین گولوپەکانی باقوبە دەرکەوت وتمان هیچ شکی تیدا نی یە کە ئەمەش باقوبە نی یە کەچی باقوبەبو ! . گازینویکمان بەرچاوکەوت کابرا بە گولوپی رەنــگاو رەنـگ رازاندبویەوە ، تابلویکی هەلواسیبو « مشروبات ٢٠ فلس » لەوی لاماندا چاو و کوکاو شتەمان خواردەوەو لەپاش بیست دەقیقەیەک بەری کەوتین .

هاتین تا بناری « خانی بەنیسعد » لە رو بەرومانەوە لوریەکی عەسکەری هات هەر چەند هینەکەی ئیمە ئاگاداری دایەو خوی لادا کەلکی نەبو ئەوەندەمان زانی کە هەر دو ئوتوموبیل گەیشتنە عاستی یەک تەقەهات !. ئوتوموبیل بەلا بەلای وەستا ، دەرپەررینە خوارەوەو لوری عـــەسکەریش وەکو بەرزەکی سەربانان لیدا رویشت . ئینجا کە سەیرمـــان کرد لایەکی ئوتوموبیلەکەمان نەماوەو شوینی ئاوەکەش شکاوە . ئەم کارەساتە لە سەعات ٣٠ــ٨ دابو .

کە ، لوری ئەم کەتنەی کردو رویشت ئوتوموبیلیکی تر عەسکەری هات پیان

مدونة إمارة وتجارة



وت ئەویش رویشت‌و لوریەکەی راگرت لە شوینیکی دورەوە ئیمەش بەرەودوا بوینەوە ، هەر دو ئوتوموبیلچی نەختی قرەیان بو ژمارەی ئوتوموبیلی یەگیان گرت ولیک بونەوە ، هەر یەکە بەوی‌تری ئەوت ئەمە سوچی‌تو بوە ، لوریەکە ئەوا ئەم شەش کەسەی پلیشانەوە شتیک بو هیشتا ژیانیان مابو لەدنیادا کەچی ئوتوموبیلچیەکەی ئەو گەرم تربو لە هینەکەی ئیمە ! لەگەل ئەوەدا لوری ئەویش هیچی بەسەر نەهاتبو .

لەپاش ئەم بەزمە هاتینەوە بو شوینی کارەساتەکە لەو وەختەدا دو پولیسی سوارەی دەوریەش هاتن لامان وەستان . سەعات بو بە ( ٩ ) ئوتوموبیلچی ئیمە خوی فریدایە ئوتوموبیلیکی‌ترەوەو چوبو خانی بەنی‌سەـــد بو شکات ئیمەش لەو دەشتە ماینەوە دنیاش ساردبو . لەویوە تاخانی بەنی‌سەـــد بە ئوتوموبیل ( ١٠ ) دەقیقەبو ، کابرانەهاتەوە تا « ١١ـ٣٠ » ئەوەندەمان زانی مأمور مرکزو پولیسیک‌و پولیسیکی سەر جادەو ئوتوموبیلچیەکەمان پەیدابون . بە مأمور مرکزەکەم وت چون ئەبی ریگەی دە دەقیقە بەدو سەعات‌و نیو بگەیتە ئیرە کە کارەساتیکی وا زل روی داوە ؟ ! بەلا لوتیکەوە وتی ئیفادەم بە دەستەوەبو ! .

سەیرتر ئەوە بو ئەمە ئیمە توشی ئەم هەراو سەرماو مأمورە بوین‌و لەم ماوەیەشدا ریگە وەکو ریچکەی میرولە ئوتوموبیل ئەهات‌و ئەچوو هەمو دەوریان لی ئەدان‌و سەریان سرر ئەما کە ئیمە چون نەپلیشاوی‌نەتەوە ، لەگەل ئەم‌هەمو سەمەرەیەدا تەنها رادیوی ئوتوموبیلەکە بەساغی مابو. کاک انورـ گیانیش وەکو نەبای هاتی‌و نەبوران کلکی رادیوەکەی بو گرتبوم دەنگی رادیوی لەو ناوەدا کردبو بە بوالقاز!!. ئینجا وەرە سەیری ئەم گویەندەبکە؟!.

ئیتر مام مأمور مرکز کەوتە تاقیقات‌و ئیمەش هیچ دەنگمان نەکرد، ئاخر تاقیق هاتە سەرئەوە کە ئیمەو ئوتوموبیل ئەبی ئەو شەوەلەوی بمینینەوە تاوەکو سبەینی لە بەغداوە مکتشفو محقق دیت‌و بریار ئەدەن ! . بوم دەرکەوت



بەلای ئەوەوە قانونی ئەسلی لەمەیدانا نی‌یە بەلکو قانونەکەی‌ترە کە بەهیز برواو بی‌هیز بپلیشیتەوە ! .

وەاللە ئیمەش کەوامان زانی توزی خومانمان لی‌توند کردەوە ئینجا ئەو توزی شلی کردەوە ! . خواوراسان مودیری پولیسی « دیالە » پەیدابوو ئەویش دا بەزی ، خالد کارەساتی مأمور مرکزی تی گەیاند ئەویش پیاویکی نەجیم بو لە مەعمور توررەبوو وتی ئیفادەیان وەرگرەو ئەمانە نابی بمیننەوە . ئەویش تەق سەلامیکی بو گرت‌و وتی « تأمر سیدی » . ئیتر تائەم هەرا هەرایەکرا سەعات بو بە ١٢ـ١٥ . بە شرروڵەکەی خومان هاتین تا گەیشتینە خانی بەنی سعد سەعات بو بە یەک ، چوینە مرکزو خیرا مأمور ناردی چایان بوهینایین هەرچەند وتمان ناخوینەوە وتی ئیوە شەکەتن چون ئەبی چا نەخونەوە ؟ ! . ئیفادەی ئوتوموبیلچی وەرگیراو هی‌ئـــەوانیش بەناوی شایەتیەوە وەرگیرا منی‌تیا نەبوم . تا ئەمانە کرا سەعات بو بە دو وپالیکیان پیوەناین لە مرکزەکە دەریان کردین ! . هاتینە چاخانەکە .

من مودیری ناحیەکەی ئەوی ـجمالی‌میرزا فتاح ـدوستم‌بو بەلام بەو نیوە‌ـ شەوەدا هیچ بەلامەوە جوان نەبو بنیرم بلیم میوانت هاتوە . بە هاورریکانم وت بائیمشەو لەم چاخانەیە بمینینەوە ، وتیان نابی هەر ئەبی برروین ، ئوتو‌ـ موبیلیش نی‌یە ، کابرای ئوتوموبیلچی کەوتە بیرازی ئوتوموبیلەکەی ، تا توزی وای لی کرد بە شەلەشەل بچی بەریگەدا ،سەعات بو بە ٣ـ٣٠ .هەرچەند وتم بە هاورریکان با نەرروین بەم شەوە لە بەغدا جیگەمان دەست ناکەوی کەلکی نەبو .

بەری کەوتین هەر توزیک ئەهاتین‌و ئەبوا دو توز رابوەستینایە بو ئەوە ئوتوموبیلەکە شەکەتی دەرچی‌و ئاوی بدەینی ، بەم جورە بو سەعات ٤ـ٣٠ گەیشتینە بەغدا . ئینجا بکەوەرە سەر جادەی رشید بو ئوتیل ، ئەچوینە هەر شوینیک دەرگایان لی نەئەکردینەوە . پاشان لە « ئوتیل فردوس » . رحیم

خاوەنی ئوتیلەکە دوستم بو ئەمناسی چوین من لەدەرگامدا خوی هات کردیەوە وتمان چارمان بکە ، وتی وا چوارپایە هەیە لەسەربان بین بو خوتان لەسەری بنون . هاورریکان وتیان ئیمە هەر ئیتسە ژوریکمان ئەوی . ئەویش وتی ژور نی یە . وتیان کەواتە لیرە نابین ، ئەویش وتی کەواتە خواتان لەگەل !

منیش وتم کوررینە ئیترمن نایەم . ئەوان رویشتن لاموایە تا بەیانی بە شوین ئوتیلا سوررانەوە منیش لەوی مامەوە . رحیم بردمیە سەربان هەر بەجلەکانمەوە راکشام دو لیفەی پیادام ، بەیانی سەعات حـــەوت خەبەرم بوەوە ناردی گیمرو چایان هینا نانم خواردو چومەوە بولای خوم . لە ئاخرا سەیرم کرد ئەو شەوە رحیم بە میوانی مالی خویمی داناوە .



## بەسەر کردنەوەیەک لەبارەی مەدرەسەی « قوباد » .

حاجی مەلا احمدی حاجی مەلا رەسول بوی گیرامەوە وتی : —

( تەفسیریکی بیضاوی لە کتیبخانەی شیخی « نەهریە » لە « ئەرگوش » هەبو کە لە « میسر » نوسراوەتەوەو ناردبویان بو مدررسەکانی مەدرەسەی قوباد لە ئامیدی کە سەیرو تصحەی بکەنو بویان بنیرنەوە . )

ئەم بەلگەیە ئەوە دەر ئەخا کە علمای و مەدرەسەکانی ولاتی کوردەواری لە وەختی خویا ئەبی ناوبانگیکی عالەمی یان بو بیت ، بە تایبەتی مەدرەسەی قوباد ئەو مەدرەسەیە بووە کە شوینیکی وەکو ئەزهەری میسر پەنای بی بردوە ، کەچی وا روزگار ئیستە پشتی تی کردوەو رابوردوەکەی بەداستان ئەگیرریتەوە ! . هوی ئەمەش هیچ نی یە تەنها بی خاوەنی نەبی ، ئەگەر بی خاوەنی نەبی بوچی علمای کوردوستان لە بەلگەو لەمیژوی روژەلاتو روژا- وایان نوسیوەو کەچی دەربارەی خویان قەلەمیان نەخستوتە سەرقاقەز ! . .

ئەوا ئەو روژە رویشت بەلکو لە ئیستە بەدواوە کوردەکان لە چونیەتی خویانو لەکەینو بەینی رابوردوانی خویان شت بنوسن ، بو ئەوە هەم خویانو هەم ئەوان زیندو بکەنەوە .

بو سەرژماری شوینەکان بیجگە لە لی کولینەوەی خوم سەیری
بەلگەکانی « نفوس »یش کراوە .
دیارە ئەم سەرژمارانەی کە لیرەدا نوسراون هی هەندی لە لادیو
شارەکانە . کوچەری و رەوەنەکانی تیدا نی یە .
بو پانای زەوی و زاری ولاتەکانیش دیسان بیجگە لە ئاگاداری خوم
نوسراوەکانی « مدیریتی مساحەی گشتی » تەماشا کراوە ، بە تایبەتی
کەلک لە « اطلس »ەکەی « دوکتور احمدسوسە » وەرگیراوە .

مدونة إمارة وتجارة



# ناواخن


سەرەتا (٣)

موصل (٦)

کتێبخانەو موزەخانەی موصل (٧)

رەوشت لە موصلدا (٩)

مێژوی شاری موصل (٩)

بەلـگەکانی موصل (١٠)

نینوی (١٠)

ئاکری (١٢)

هاوینە هەوارەکانی ئاکری (١٥)

گەررانێک بە ئاکری‌دا (١٧)

چونیەتی ئاکری‌و رەوشتی کومەلایەتی (١٨)

ناوی ئاکری (١٩)

زاخو (٢١)

«پرادلالی»و روباری خابور (٢٢)

کیوەکانی زاخو (٢٤)

ناوشاری زاخو (٢٥)

دەستوری فەقی لە زاخو (٢٦)

چونیەتی زاخوو رەوشتی کومەلایەتی (٢٧)

دهوک (٢٩)

لە دیوانی شیخ (٣٠)

لەگەل قس فەرەنسیس‌دا (٣١)

چونیەتی‌دهوک‌و رەوشتی کومەلایەتی (٣٢)

ئامیدی (٣٤)

هاوینە هەوارەکان (٣٥)

مەدرەسەی قوباد (٣٦)

سولاف (٣٨)

شاری ئامیدی‌و ناوی ئامیدی (٤٠)

کتێبخانەی مەدرەسەی قوباد (٤١)

سەرای ئامیدی (٤٢)

مزگەوتی ئامیدی (٤٣)

دیعەنەکانی سولاف (٤٤)

دیعەنی ئامیدی (٤٥)

چونیەتی ئامیدی‌و رەوشتی کومەلایەتی (٤٦)

بامەررنی (٤٨)

بنەمالەی بامەررنی (٤٩)

رەوشتی تەکیەی بامەررنی (٥٠)

ژمارەی کورد و مەزهەبی شافعی لە کورددا (٥١)

چونیەتی بامەررنی و ناوی بامەررنی (٥٦)





رەوشتی مریدەکانی بامەررنی (٥٧)

چاوخشاندنیک بەولاتی بادینانا (٥٩)

باسیکی ولاتی بادینان [ شعر] (٦٠)

هەولیر (٦٣)

نویژی جمعە لای شافعی (٦٥)

ناوی هەولیر (٦٦)

چونیەتی هەولیر (٦٧)

کتێبخانەی هەولیر (٦٨)

پیرمەم « مصیف » (٦٨)

چاویکی تر بە هەولیرا (٧٢)

رەوشتی کومەلایەتی لە هەولیر (٧٣)

کەرکوک (٧٥)

شاری کەرکوک‌و ناوی کەرکوک (٧٦)

باوە گورر گورر (٧٩)

مێژوی نەوتی باوە گورر گورر (٨٠)

سولەیمانی (٨٤)

قسەی منو متصرفی سولەیمانی (٨٥)

کوبونەوەی باخچەی گشتی (٨٨)

مێژوی مزگەوتی گەورەی سولەیمانی (٨٩)

حافز لە کوردەواری‌دا (٩١)

اجازەی فەقی لە کوردەواری (٩٢)

مێژوی رابواردنی فەقی لەسولەیمانی (٩٥)

دوکان (٩٧)

چونیەتی پرروژەی دوکان (٩٩)

چونیەتی « بەست »و کونەکە (١٠٠)

قەلادزە (١٠٣)

چونیەتی‌قەلادزەو ناوی‌قەلادزە (١٠٥)

گەررانەوە بو سولەیمانی (١٠٥)

زرر گویز (١٠٦)

باخی گشتی سولەیمانی (١٠٧)

پرروژەی ئاوو مەکینەی ئاو (١٠٨)

خیابانەکان‌و چونیەتی کارەبا (١١٠)

مەکتەبەی گشتی (١١٣)

معارفی لوای سولەیمانی (١١٧)

لە ئەشغال (١٢١)

گەررەک‌و‌مزگەوتی‌شیخەباس (١٢٢)

نادی (١٢٣)

لەگردی سەیوان (١٢٥)

کارگەی چیمەنتوی سەرچنار (١٢٨)

ئاورریک لە سولەیمانی (١٣٠)

ناوی سولەیمانی (١٣١)

شوینی جەغرافیای سولەیمانی (١٣٢)

گەررەک‌و خانوی شار (١٣٣)

چی لەم شارەدا هەیە ؟ (١٣٤)

رەوشتی کومەلایەتی (١٣٤)

گەررانەوە بو بەغدا (١٣٥)

مدونة إمارة وتجارة



| لاپەرره | دیرر | چەوت | راست |
|---|---|---|---|
| ٧٠ | ٢٣ | کردوه | کردەوە |
| ٧٥ | ٧ | فەرموا | فەرمو |
| ٧٧ | ٢٤ | ئەگریتەوە | ئەکریتەوە |
| ٧٨ | ١٤ | هاروەها | هەروەها |
| ٧٩ | ٧ | نیاز | نیاز |
| ٨٠ | ١١ | بەهینری | بەهیزی |
| ٨٠ | ١٦ | ررژاواییەکان | روژاواییەکان |
| ٨٢ | ٢٤ | لوبنان | لوبنان |
| ٨٦ | ٢٤ | بو | بوم |
| ٨٨ | ١٢ | مەکتەبا | مەکتەبە |
| ٩٩ | ١٩ | پینجەسەد | پینجسەد |
| ١٠٦ | ٢٠ | ئەو شوبنە | ئەو شوینە |
| ١١٦ | ١٥ | تەزبیحیکی | تەزبیحیکی |
| ١٢٣ | ٩ | مسلمانی | مسلمان |
| ١٣٤ | ١٨ | مەردەمی | مەردمی |
| ١٤١ | ٨ | پەنای نی | پەنای پی |

## رشتەی مرواری

بەنرخترو گەورەتر کتیبیکە لە لایەن حکمەمیاتو فەلسەفەو قسەی خوشو نوکاتی زمانی کوردیو بیرو باوەرری کوردیەوە ، لە دانراوەکانی « علاءالدین سجادی »و ئامادە کراوە بو چاپ .

مدونة امارة وتجارة

# گەشتێک
## لە
# کوردوستانا

« گەڕانێک لە بەینی (١٨١٦) کیلو مەتر لە
خاکی کوردەواري : شوینە تأریخیەکان ، هاوینە
هەوارەکان ، بەڵگە کونەکان ، وردبونەوە لە
چونیەتی رابواردنی دانیشتوان ، رەوشتی
کومەلایەتی ئەم شوینانە ، باسکردنی عەنعەنانی
هەندی لە چینەکان ، بە ئاگا هینانەوەیەکی میژو
لە هەمو ئەم ولاتانەدا . »

علاءالدین سجادی

١٩٥٦ م. — ١٣٧٥ ھ.

| نرخی [ ٣٠٠ ] فلسە |

چاپخانەی مەعارف : بەغـدا .

گەشتێک لە کوردوستانا
علاءالدین سجادی

# A JOURNEY IN KURDISTAN

**By**

*Ala'addin Sajjadi*

**1956**

*A Journey of about 1816 kilometres throughout Kurdistan, our Motherland, including Cities, Towns, Villages, Historical places and Summer Resorts. A study of the life of the people, their social character and the revival throughout the Country.*

**Price ( 300 ) Fils**

Printed in Al-Ma'arif Press
*Baghdad*